# "مینا"ی چکۆلانە

## چیرۆک بۆ منداڵان
## بەشی یەکەم

نووسیینی: پۆڵا سەعید

بە"مینا"ی خوێن شیریین پێشکەش .

ئێمەی گەورەکان زۆرجار بیرماندەچێتەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشمان منداڵبووین.

دەستپێکردن:

21.05.2003

له ناوەڕاستی دارستانێکی چڕوپڕدا لەسەر ڕۆخی چەمێک کە بە دارستانەکەدا تێدەپەڕێت مینا دانیشتووە و قاچەکانی خستۆتە ناوچەمەکەوە. جریوە جریووی مەل و پاسارییەکانی ناو دارستان ئاهەنگێکی بەسۆزیان سازکردووە، بەشێوەیەک کە مینا خۆی بیرچۆتەوە. بە قاچە چکۆلانەکانی یاری بە ئاوەکە دەکات و جەستەی بە ئاوازی خوڕەی چەم و جریوەی پاسارییەکانی ناودارستان ڕادەژەنێت. مینا کچێکی هەشت ساڵانەی ئێسک سووک و فرەجوانە، قژێکی نیمچە لوولی خورمایی هەتا سەرشانی هەیە. چاوەکانی قاوەیین کاتێک کە تیشکی خۆر ئەیدات لە چاوەکانی هێندەی تر کاڵتر و جوانتر دەبن. هەندێ جار لەبەر تیشکی خۆردا کە تەماشای چاوەکانی مینا دەکەیت وادەزانیت کە مینا فرمێسک هەڵدەڕێژێت، بەڵام وانییە بەڵکوو چاوەکانی لە گەشییدا بریسکە دەدەنەوە. ڕۆژێکی نیوەڕۆی هاوینە مانگی پووشپەڕە، مینا بە دەنگە پڕ لە سۆزەکەیەوە دەڵێ:

چۆن بۆمبکرێ بێمەوەلاتان؟
چۆن جارێکی دی بێمەوە کۆڕی قاقا و پێکەنینتان؟
لەم ڕێیەدا ونم ئێستا
لەم دارستانی بەهەشتی سەرزەمینەدا
بیرکردنەوەم فریشتەئاسا
لە باوەشی دایکمم ئەکا،

لەناکاو مینا ئاوڕێک ئەداتەوە و دەستەکانی ئەگرێت بەلای دەمیەوە و هاوار دەکات: هۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ

هێییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییی

سڵاو ئەی دارستان من مینام تەمەنم هەشت ساڵانە، ڕێمکەوتۆتە باوەشی تۆوە یارمەتیمبدە بگەمەوە لای دایک و باوکم.

سڵاووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووو
گوێتان لە دەنگی منە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەمەوێت بگەمەوە لای دایە و بابە، ئەوە نزیکەی چوار کاتژمێرە من لێرەدا ونبووم ڕێگا پێنازانمەوە، تکایە یارمەتیم بدەن بگەڕێمەوە ماڵەوە. مینا قاچەکانی لەئاوەکە دەردێنێت و پێڵاوەکانی لەپێدەکاتەوە و هەڵدەستێتە سەرپێ، پاشان بەڕاکردن بەرەولای درەختێکی پیری قەد ئەستووی گەورە و باڵابەرز ئەڕوات، ئەگاتە بەردەمی درەختەکە و سڵاوی پڕ سۆزی لێدەکات و توووند باوەش بە قەدی درەختەکەدا دەکات و دەڵێ:

ئەی باڵا بەرزترین درەختی ئەم دارستانە
زۆرینەی باڵندەکان سینەی تۆ دەکەن بە هێلانە،
سەرێک دانەوێنە و میهرێکت هەبێ
بۆ منی "مینا"ی هەشت ساڵانە،

پیرەدار بە دەنگێکی باوکانەوە دێتە وەڵام و ئەڵێ:
مینا کچە چکۆلانەکەم
بووکی ناو دارستانەکەم،
بە باڵامدا هەڵگەڕێ
بەسەر لق و پۆپمەوە بۆ دایە و بابە بگەڕێ
پیرەدار لە دەوری ونبوونتگەڕێ،
مینا تەماشایەکی پیرەدار دەکات و دەڵێ:
پیرە گیان من دارەوان نیم
وەک ئاژەڵی ئەم جێیە شارەزای هەڵزنان نیم،
من هێشتا هەشت ساڵانم
دارەوانی نازانم،
پیرەدار قاقایەکی نەرم لێدەدات و دەڵێ:
چنگ و پەنجەت لێمگیربکە
من چۆن دەڵێم تۆ وابکە،
لقم دەستی بابەیە
قەدم سۆزی دایەیە،
بە میهری چڵەکانم
دەچییە سەرقەڵادۆشکانم،
ئەوسا بە چاوێکی ڕوونەوە
ئاوڕ لە ئازایەتیت بەرەوە،
مینا چنگ و پەنجەی لە ناوقەدی پیرەدرەخت توندکردووە و بە باڵایدا چڵ بە چڵ سەردەکەوێت، لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکیدا بۆ لقێکی تازە دەڵێ:
بژیت پیرەدار گیان
بە سەوزی بمێنی لە ژیان،
نەمریت پیرەدار گیان
خۆمت ئەکەم بە قوربان،
مینا هەرهێندە دەزانێت سەرکەوتۆتە سەرلووتکەی پیرەدرەخت و هەرچوار دەوری خۆی بە پان و بەرینی دەبینێت. مینا هەموو گیانی پێدەکەنێت لە خۆشیاندا ڕووخساری وەکوو خۆر گەشبووە. هاوار دەکات پیرەدار گیان پیرەدار سەرکەوتوومەتە سەریسەرەوە تەماشامبکە تەماشا هەموو دونیام لێوە دیارە. یاهووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووووو
پیرەدار بەسۆزێکی باوکانەوە دیسان دەڵێ: هەربژیت مینا گیان هەربژیت. جوان بڕوانە بزانە لەکوێ ئاوایی هەیە بۆ ئەوەی ڕێگەکەیان پێبزانیت و بڕۆیتەوە لای دایە و بابە.

مینا لە ناکاو خەمبار دەبێت و دەڵێ: پیرە گیان ئاوایی نابینم هەتا چاو بڕبکا دارستان و شاخە، پێئەچێت ئاواییەکان کەوتبنە نێوانی ئەم شاخ و دارستانانەوە بۆیە من نایانبینم. پیرە گیان دادەبەزم دێمەخوارەوە، ناتوانم لەمەزیاتر بەم تەوقەسەرەوە بە بێ هیوایی بڕوانمە چواردەوری خۆم.

پیرەدار بەخەمبارییەوە دەڵێ: باشە باوانەکەم دابەزەخوارەوە پشوویەکبدە ماڵەکەم، تۆ نابێت بە یەکەمین تەقەلات خۆت بەدەستەوە بدەیت و ورەبەربدەیت. دەبێت زۆر بەتوانا و بەهێز بیت مینای چکۆلە.

مینا دادەبەزێتە خوارەوە و لەژێر باڵای پیرەدرەختا پاڵدەداتەوە و ڕوومەتەکانی دەکاتە باوەشی دەستەکانیەوە و سەر دەکاتە کۆشییەوە. لەم کاتەدا سمۆرەیەک بە باڵای پیرەدرەختدا دێتەخوارەوە و بەسەر لقێکی باریک و نزمەوە ڕادەوەستێت و تەماشای ماتەمینی مینای چکۆلە دەکات. سمۆرەکە لەحەسرەت غەمگینی مینای چکۆلە، بانگ لە مینای چکۆلە دەکات و دەڵێ:

مینا، مینا گیان
مینای چکۆلەی هەوێنی ژیان،
مینای چکۆلە ئێمە هەموو کەسی تۆین
هاوڕێی گیانیی ژیانی تۆین،
بۆ ساتی خەمەکانت
ئێمە حەڵوا و گەزۆی ڕۆحی تۆین،

مینای چکۆلە کاتێک گوێی لەم وتە شیرینانە دەبێت دیسان بزە ئەبێتەوە میوانی سەرلێوانی و سەرێک هەڵئەبڕێت و ئەڵێ:

ئەوە کێیە وا لە ناکاو دایک ئاسا
دەست لە ملی تەنیاییم دەکا؟
ئەوەکێیە بەم هەستە پڕ لە سۆزە
خەمەکانم بە "با" ئەکا؟

سمۆرەکە لەسەر لقەکە جوڵەیەک دەکات و دەڵێ: منم مینای چکۆلە گیان من، هاوڕێکانم بە ناوی "تەتەر" بانگم دەکەن تۆش دەتوانی پێمبڵێی تەتەر. تۆ زۆر ئازایانە بە باڵای ئەم پیرەدارەدا سەرکەوتیت، من بە شانازییەوە لە جێگەی خۆمەوە تەواوی ئەکاتە هەر سەرنجی تۆم ئەدا.

مینای چکۆلە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: سووپاس تەتەر گیان بەڵام من کەچوومە سەرەوە نائومێدبووم، چونکە هەموو چواردەوری خۆمم بینی بەڵام هیچ تروسکاییەکی ئاواییم لێدەرنەکەوت.

سمۆرەکە سەرێک بۆ مینای چکۆلە شۆڕدەکاتەوە و دەڵێ: نا مینا گیان وامەڵێ تۆ گەورەترین هەنگاوتنا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک، دڵنیام کاری سەختتریش دەکەیت بگەیتەوە لای دایە و بابە. من هەرئێستا دەچم جاڕ بە ناودارستاندا ئەدەم و هەواڵی ونبوونی تۆ بڵاو دەکەمەوە، تا ئاژەڵ و

باڵندەکانی ئەم دارستانە یارمەتی گەڕانەوەت بدەن بۆ لای دایک و باوکت.
مینا بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر شاگەشکە دەبێت، لە جێگەی خۆیەوە هەڵبەزینەوەیەک دەکات و بە دەنگێکی زووڵاڵ و بەرز دەڵێ: سووپاس سمۆرە گیان تەتەری هاوڕێم سووپاس هاوڕێی خۆشەویست.
سمۆرەکە بە یەک باز خۆی هەڵئەداتە سەردرەختێکی تر و دەست بە هاوار هاوار دەکات و دەڵێ: هەواڵ ......... هەواڵ ......... هەواڵ ........ هەواڵ.
کۆترەباریکەیەک بە شڵەژانەوە لە بەردەمی سمۆرەکەدا ئەنیشێتەوە و ئەڵێ: چییە؟ چییە؟ چی ڕوویداوە؟
سمۆرەکە هەناسەی تەنگبووە و دەڵێ: مینای چکۆلانە کچێکی هەشتساڵانە لە ناودارستانەکەدا ونبووە.
کۆترەکە دەڵێ: وەیش مینای چکۆلانە گیان هەشت ساڵانە، خێرا ئەیداتە شەقەی باڵ و بەدەم فڕینەوە هاوار ئەکات هەواڵ ...... هەواڵ ...... هەواڵ.
پۆلێک چۆلەکە لێینزیکدەبنەوە و دەڵێن: ها کۆترە باریکە چ خێرە؟ چیبووە؟
کۆترەباریکەکە بە دەنگێکی غەمگین دەڵێ: مینای چکۆلانە هەشت ساڵانە ونبووە لەناو دارستانەکەدا.
چۆلەکەکان هەریەکەیان بە لایەکدا هەڵئەفڕن و بە جریوەجریوو دەڵێن: هەواڵ .... هەواڵ .... هەواڵ. مینای چکۆلانە هەشت ساڵانە لەناو دارستانەکەدا ونبووە.
کەروێشکێک گوێی لە هەواڵی چۆلەکەکان دەبێت و بە قوونە قوون ڕادەکات بۆ ناو جەرگەی دارستان و هەواڵی مینا بە ئاسکەکان ڕادەگەیەنێت. ئاسکەکان هەریەکەیان ئەیدەنە غاردان و هەواڵی مینای چکۆلانە ئەگەیەنن بە کەڵەکێوییەکان. هێندەنابات یەک هاوار هاوار و هاژەهاژ و چریکەچریک لە دارستاندا پەیدا ئەبێت نەبێتەوە، هەواڵی ونبوونی مینای چکۆلانە دەکەوێتە گوێی هەموو ئاژەڵ و فڕندەکانی ناودارستانەوە. مام شێر پاشای دارستان بڕیار ئەدات بەزووترین کات مینای چکۆلانە بگەیەنرێتەوە لای دایک و باوکی. مام شێر فەرمان بە ئاژەڵەکانی ناودارستان ئەکات، کە هەریەکە لە جێگەی خۆیەوە هەوڵوتەقەلای گەڕانەوەی مینای چکۆلانە بۆ لای کەس و کاری بدات.
مینا هێشتا لای پیرەدارە و خەریکی قسەکردنە، پیرەدار دڵنەوایی مینا ئەکات و ئەڵێ: مینای چکۆلانە من دڵنیات ئەکەم، کە لەم دارستانەدا هەرچی دەستی هانای ئاژەڵان بێت بۆت درێژ دەکرێت و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە هاریکاریت ئەکەن.
مینا سەرێک بۆ پیرەدار هەڵئەبڕێت و ئەڵێ: بەڵام بۆچی پیرە گیان؟ تۆ چۆن وا دڵنیایت لەم قسانەی کە دەیکەیت؟
پیرەدار بە دەنگێکی باوکانەوە دیسان دەڵێ: مینای چکۆلانە تۆ ڕۆحێکی سپیت هەیە باڵندە و ئاژەڵەکان ئەیبینن. من هەر لە یەکەم نیگامەوە بۆ تۆ ئەو هەستەم بەدیکرد. دڵشادبە بەوەی کە ئەم

ڕۆحە سپییە جوانەت هەیە.
مینا تەماشایەکی بەرپێی خۆی و بەژن و باڵای خۆی دەکات و دەڵێ: پیرە گیان ئەی بۆ خۆم ئەو ڕۆحە سپییە لە خۆمدا نابینم؟
پیرەدار سەرێکی بۆ دائەنەوێنێت و ئەڵێ: چونکە ئەو ڕۆحە سپییە لە ناختایە و بەس ئاژەڵ و باڵندە و درەخت و گوڵ و مێروو ئەیبینێت.
لەنێوانی ئەم گفتووگۆیانەی مینای چکۆلانە و پیرەداردا، دەنگێکی سەرنجڕاکێش هاوار دەکات و ئەڵێ:

مینا ماڵەکەم
مینا خۆشەویستی دارستانەکەم
هەتا من هاوڕێی تۆ بم
بەشەو و بە ڕۆژ لە کۆڵت ئەکەم،

مینا لە جێگەی خۆیەوە دەنگ بەرزدەکاتەوە و ئەڵێ:
ئێوە کێن؟ چۆن من دەناسن؟
پاش کەمێک تارماییەک لە دارستانەکەدا دەردەکەوێت وردە وردە دێتە پێشەوە بەرەوپیری مینای چکۆلانە، مینا کە تەواو بۆی ڕووندەبێتەوە کە ئەوە ورچێکە بۆ لای دێت ترسێکی لێئەنیشێت و دەگەڕێتە دواوە و پاڵ ئەدات بە پیرەدارەکەوە. گەورەیی ئەو ورچە مینای سەرسامکردووە. ورچێکی قاوەیی گەورە و بەهێز و توانا نەگ منداڵێکی هەشت ساڵانەی وەک مینای چکۆلانە بەڵکوو ئاواییەکی گەورە لە دەستی ڕادەکەن. ورچەکە هەستدەکات کە مینای چکۆلانە لێی دەترسێت دەڵێ: مینا گیان مەترسە من ئازاری مرۆڤ نادەم، بەڵام لەوەتەی دونیا دونیایە مرۆڤ ئازاری هەموومانیداوە، بگرە زۆرجار مرۆڤ بۆتە هۆی ئازاردانی خۆشیان و قەڵاچۆی یەکتریانکردووە لەسەر سەروەت و سامان و دەستەڵات و شتی نابەجێ.
مینای چکۆلانە دەڵێ: بمبوورە بەڵام من وامبیستووە کە ئاژەڵی ئێوە ئاسا هێرشی دڕندانە دەبەنە سەرمرۆڤ.
ورچەکە سەرێکی بۆ دەلەقێنێت و دەڵێ: دڕندەترین ئاژەڵ مرۆڤە.
مینا بەم قسەیە کەمێک دڵتەنگ دەبێت و دەڵێ: ئەم قسەیەت برینداریکردم.
ورچەکە لە مینا دێتە پێشەوە و دەڵێ: مینای چکۆلانە بمبوورە نەمویست بریندارت بکەم بەڵام ئەوە ڕاستییە. تۆ نابێت هەرچی گەورەکان وتیان باوەڕیان پێبکەیت و بەشتێکی ڕاستی بزانیت. زۆرینەی جار مرۆڤە گەورەکان ڕاستییەکان ئەشارنەوە، وە ناکرێت هەرچی ئەوان وتیان ڕاست بێت بەس بە تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان گەورەن. بەڵام تۆ ڕاستگۆیت تۆ ڕۆحێکی سپییت هەیە.
مینا دەڵێ: چۆن دەزانیت من ڕۆحم سپییە؟ چۆن دەیبینیت؟
مام ورچ بە بزەیەکەوە دەڵێ: دەیبینم هەموو ئاژەڵێک ڕۆحی سپی تۆ دەبینێت.
مینا بەم قسەیە زۆر دڵخۆش دەبێت و باوەش بە ورچەکەدا دەکات و ورچەکەش بە زمان

دەمووچاوی دەلێسێتەوە و وەک بێچوویەکی خۆی خۆشەویستی خۆی بە مینای چکۆلانە ئەدات.
مینای چکۆلانە سووپاسی میهری ورچەکە دەکات و دەڵی: مام ورچ ئەم قسەیەت قەت لە یادناکەم
**" مەرج نییە هەرچی مرۆڤە گەورەکان بیڵێن ڕاست بێت"**
مام ورچ تەماشایەکی مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: سەرکەوە سەرپشتم مینای چکۆلانە، دەچین بۆ ڕێگای گەڕانەوەیەک ئەگەڕێین بۆ تۆ.
مینا بەخۆشی و پێکەنینێکەوە دەچێتە سەرپشتی مام ورچ و دەڵێ:

پیرەدار گیان سووپاس کە هەی
سووپاس کە دالدەی باڵندە و
مینایەکی چکۆلانە ئەدەی،
من جارێ ئۆغر ئەکەم
وا لە باوەشی ورچێکی بەخشندەدا
دیلانێ بە یادەکانت ئەکەم،

پیرەدار بزەیەک بە مینای چکۆلانە ئەبەخشێت و ئەڵێ:

ماڵئاوا هەناوی ئەم دارستانە
سووپاس بۆ تۆی چکۆلانە
کە گەورەییت بەخشیوە بە دڵی ئەم ئاژەڵانە،

مینا و مام ورچ دەکەونە ڕێگا بەرەو گەڕان بە دوای چارەسەرێکدا بۆ گەڕانەوە. مینای چکۆلانە لەسەر پشتی مام ورچ هەست بە دڵنیاییەکی زۆر دەکات و دڵی خۆشە، بەدەم ڕێگاوە دەست بە گۆرانی گووتن دەکات و دەڵێ:

منداڵینە تەماشاکەن ئەم دونیایە
چەند پیشەی جوانی تیایە،
دونیای نێو ژیانی ئاژەڵان
بەهەشتێکە بۆ منداڵان،
ئەو منداڵەی سالار بێ
لە ئاژەڵ یاخی نابێ،
ئەو منداڵەی پڕسۆز بێ
بۆ ئاژەڵ تێدەکۆشێ،
کووشتن و بڕینی ئاژەڵان
ژیان تاڵدەکات لێمان،
منداڵینە
ئەم دارستانە شیرینە
بەهەشتی سەرڕووی زەمینە،

بۆ مینای چکۆلانە
جێی حەوانەوە و سەیرانە،

مام ورچ بە بیستنی ئەم دەنگە پڕ لە سۆزەی مینای چکۆلانە گەلێک دڵخۆش دەبێت و بە مینای چکۆلانە دەڵێ: مینای چکۆلانە، هەر لەو چرکەیەوە کە ئاسکێکی ناودارستان هەواڵی ونبوونی تۆی پێگەیاندم دڵم خورپەی ئەوەی ئەکرد ئاخۆ چ منداڵێکی ڕۆح شیرین و سپی بێت ئەم مینای چکۆلانەیە؟ بەڵام ئێستا کە بەسەرپشتی خۆمەوەیت وا هەست دەکەم لەو هەنگوینە شیرینتریت کە ڕۆژانە لە پوورەهەنگێکی نێودارستانەکەدا بۆ خواردن دەریدێنم.

مینا ڕوومەتەکانی سوورهەڵدەگەڕێت و چاوە قاوەییە جوانەکانی چەند جارێک بەخێرایی ئەتروکێنێت و ئەڵێ: سووپاس، سووپاس مام ورچ گیان بێگوومان تۆش ئێسک سووکیت و خوێن شیرینیت، هەرچەندە من ونبووم بەڵام هەست بە دڵنیاییەکی زۆر دەکەم، هیچ ترسم لە داهاتنی شەو نییە. چونکە ئاژەڵەکانی نێودارستان زۆر میهرەبانن. من سەرەتا ترسێکی زۆرم هەبوو چونکە بەردەوام وامبیستبوو کە ئاژەڵە کوێییەکان دڕندەن و مرۆڤ ئەخۆن. بەڵام وانییە وا من بە چاوی خۆم ئەیبینم کە ئاژەڵەکان دڵیان گەورەیە و بە پەرۆشەوە یارمەتی من ئەدەن، من کە چوومەوە بۆ ماڵێ ئەم ڕاستیانە هەمووی بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانم ئەگێڕمەوە.

مام ورچ لە ناکاو دەوەستێت و دەڵێ: مینای چکۆلانە، باشە تۆ چۆن ڕێتکەوتە ئێرە؟ چۆن ونبوویت؟

مینا دەستێک بە پشتی مام ورچدا دێنێت و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: مام ورچ گیان وابزانم تۆش ماندوو بوویت و خۆرەکەشی گەرمە زۆر لێگەڕێ با لەو کەناری ئاوەدا لابدەین و پشوویەکبدەین، ئەوسا منیش لەسەرخۆ بەسەرهاتی ونبوونی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

مام ورچ بەرەو ئاوەکە دەڕوات و لە کەنارێکدا دادەنیشێت هەتا مینای چکۆلانە لەسەر پشتی بە ئاسانی دابەزێت. مینای چکۆلانە دێتە خوارەوە لەسەر پشتی مام ورچ و بە یەک دوو بازی خێرا خۆی فڕێدەداتە ناوئاوەکەوە و دەست بە فێنککردنەوەی خۆی  و مەلەکردن دەکات. کە مام ورچ مینا بەم شێوەیە دەبینێت ئەویش بە دوای مینای چکۆلەدا خۆی فڕێئەداتە ئاوەکەوە و دەست بە مەلەکردن دەکات.

مینا بەمام ورچ ئەڵێ: مام ورچ پێموابێت ئەم ئاوە هەر ئاوی ئەو چەمەی ناودارستانەکەیە دێتە ئێرەوە، ئایا ڕاستە؟

مام ورچ ئەڵێ: بەڵێ ڕاستە مینا گیان خۆیەتی ئەم چەمە قەت ئاوی لێنەبڕاوە، هەتا چاو بڕکات ئاوەڕۆی هەیە.

مینای چکۆلانە دوای ئەوەی کە ماندوو ئەبێت لە مەلەکردن، لە ناوئاوەکەدا دێتە دەرەوە و لەژێر درەختێکدا کە لق و چڵەکانی شۆڕبۆتەوە ناو ئاوەکە ڕادەکشێت. بە مام ورچ ئەڵێ: وەیش مام ورچ گیان چەند ماندوو بووم، بەڵام باوەڕبکە تەواو تەواو فێنکم بۆوە.

مام ورچ ئەڵێ: مینای چکۆلە گیان من جارێ وازوو فێنکم نابێتەوە، پێویستە ماوەیەکی زۆر لەم

ئاوەدا بم هەتا سووکنابییەک بە دڵما دێت.
مینا دەڵێ: بێگومان تۆ مام ورچیت، دڵنیام لەوەی لانی کەم دەبێت چارەکێک بۆ نیووکاتژمێر مەلەبکەیت ئەوسا ئۆقرە ئەگریت. باشە مام ورچ گیان هیچ پەلەت نەبێت بە حەزی خۆت مەلەبکە و منیش باسی ونبوونی خۆمت بۆ دەکەم.
مام ورچ دەڵێ: ئەم پێشنیارەتم زۆر  بە دڵە، فەرموو من گوێڕایەڵی تۆم.
مینا لەسەر گازی پشت ڕادەکێشێت و دەڵێ: بەر لە هەفتەیەک لەگەڵ تەواوی قووتابیانی پۆلەکەماندا و تەواوی قووتابیانی پۆلی چوار و پێنجدا لەگەڵ چوار مامۆستای قووتابخانەکەماندا گەشتێکمانکرد بۆ ئەم دارستانە. مەبەستی ئەم گەشتەمان ئەوەبوو، کە مامۆستاکان ژیانی نێودارستان پیشانی ئێمەی منداڵان بدەن. ژمارەمان بە هەرسێ پۆلەکە گەیشتە هەشتا قووتابی، بە دوو پاسی گەورە هاتینە ئێرە، کەمپینێکی جوانمان ڕازاندبۆوە. من و دوو هاورێم خێمەیەکمان بەرکەوتبوو هەریەکەشمان کیسەخەوی خۆی پێبوو. خواردنێکی زۆرمان پێبوو، دەرمانخانەیەکی تایبەت و یاریدەدەرێکی پزیشکیشمان لەگەڵ بوو. ڕۆژانەمان بە گەڕان بە ناودارستانەکەدا بەسەردەبرد بە تەماشاکردنی جوانی سروشت و ئاژەڵ و باڵندەکان. مامۆستاکان جۆری درەختەکانیان بۆ پێناسەدەکردین و هەر ئاژەڵێک یان باڵندەیەکیشمان بدیایە هەمانشێوە باسی چۆنێتی ژیانیان بۆ دەکردین. دواهەمین ڕۆژ کە ڕۆژی گەڕانەوەمانبوو من و قووتابییەکی تری پۆلی چوار چووینە ناودارستانەکەوە بۆ ئەوەی هەندێ مازوو کۆبکەینەوە بیکەینە دیاری دایک و باوکمان. دیارە ئەوە هەموو شتێکی گەڕانەوە ئامادەکراوە تەنانەت قووتابییەکان چوونەتە پاسەکانەوە هەر ئەوەندەی ماوە شۆفێرەکان لێبخوڕن. لەم کاتەدا من و ئەو قووتابیە بە پەلە چەند مازوویەکمان کۆکردەوە و بە باوەشمانەوە گرتمان، هاوار هاواری مامۆستاکان بەرزبۆوە کە خێرا بکەین و دوا نەکەوین. دەستمان کرد بە ڕاکردن بەرەو پاسەکان ئەو قووتابییەی پۆلی چوار لە من خێراتر بوو. کاتێک نزیککەوتینەوە لەوەی لە دارستان بچینەدەرەوە، کارریلەی ئاسکێک لەناو دارستانەکەدا وەدەرکەوت منیش ڕاستەوخۆ وەستام بۆ ئەوەی تەماشای ئەو کاریلەی ئاسکەبکەم.
کاریلە ئاسکەکە هیچ لە من نەدەترسا وەستابوو تەماشای منی دەکرد. منیش بەرەولای چووم، پاشان کاریلەکە بەرەو ناوچڕی دارستانەکە ڕۆیشت، منیش بێگوێپێدان بەدوای کەوتم لە شێوێنکدا من و کاریلەکە بەرانبەر یەکتر وەستاین و تەماشای یەکترمان ئەکرد، ئەم تێڕوانینە ماوەیەکی خایاند. وردە وردە هاوار هاواری مامۆستا و قووتابییەکان نەما، منیش ترسێکم لێنیشت بە پەلە ڕامکرد بۆ لای پاسەکان، کە تەماشادەکەم پاسەکان بەڕێکەوتوون و منیان بەجێهێشتووە. منیش هەتا توانام تێدابوو بەدوای پاسەکاندا ڕامکرد، بەڵام داخەکەم پاسەکان خێراتربوون لە ڕاکردنەکەی من و نەمتوانی پێیان بگەمەوە. کاتێکم زانی کەوتوومەتە قوڵایی دارستانێکەوە خۆیشم نازانم لە کوێوە هاتووم بۆی. بێگومان من دڵنیام لەوەی کە مامۆستا و هاورێکانم واتێگەیشتوون کە من لە پاسەکەی دواوە سەرکەوتووم دەنا قەت ئەوان من بە تەنها لەم دارستانەدا بەجێناهێڵن.
مام ورچ لە ئاوەکە دێتەدەرەوە و دەڵێ: مینای چکۆلە گیان ڕێکەوت نییە کە تۆ بەجێماویت دڵنیابە

لەوەی کە ئەم بەجێمانەت سەلیقەیەکی تێدایە.
مینای چکۆلانە چاوەکانی ئەبڕێتە مام ورچ و ئەڵێ: سەلیقە؟ مەبەستت لەم وشەیە چییە مام ورچ گیان؟
مام ورچ لەم کاتەدا خەریکی خۆ ڕاوەشاندنە بۆ وشککردنەوەی خۆی و بەدەم سەمای لەشییەوە دەڵێ: مەبەستم ئەوەیە، کە تۆ بۆ ئەوە هاتوویت بۆ ئێرە تا تەماشای ژیانی نێودارستان بکەیت و مامۆستاکانت فێرتبکەن، کە لە دارستاندا ژیانی ئاژەڵ و باڵندە چۆن بەسەردەبرێت. بەڵام تۆ فێری هیچ نەبوویت چونکە ئێوە تەنها گەڕاون بە ناودارستاندا و بەڕێکەوت ئەگەر ئاژەڵێک یان باڵندەیەکتان دیبێت یان نەدیبێت. دیارە لێرەدا ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی بزانیت ژیانی نێودارستان چۆنە. سەلیقەکە لەمەدایە، کە تۆ ئێستا گەشتەکەت دەستپێدەکات لەوکاتەدا کە هاوڕێکانت دەگەڕێنەوە بۆماڵەوە و تۆش بە تەنها لە دارستانێکدا بەجێدەمێنیت. بۆیە ئەمە کارێکی ڕێکەوت نەبووە، کە تۆ بە تەنها بەجێبمێنیت.
مینای چکۆلانە سەری خۆی دەخورێنێت و دەڵێ: مام ورچ قسەکەت باوەڕپێکەرە. ڕاستە من قەت هێندەی ئەم چەند کاتژمێرە لە ئاژەڵەوە نزیک نەبووم. لە ماڵەوە باوکم تەنانەت ڕێگەی نەداوم سەگ و پشیلەیەکم لە ماڵەوە هەبێت.
مام ورچ لە کەناری ئاوەکەدا چاو بە ملاوئەولای خۆیدا دەگێڕێت و دەڵێ: مینای چکۆلانە تۆش ئەو شتە دەبینیت، کە من ئەیبینم؟
مینای چکۆلانە سەرێک هەڵدەبڕێت و دەڵێ: ئەو شتە چییە مام ورچ گیان؟
مام ورچ جوڵەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: ئەها مینا گیان تەماشابکە ئەو بن دەوەنە پڕە لە تووی شیلک. دڵنیام کە تۆش ئێستا دوای ماندووبوونێکی زۆر برسیتە، وەرە با بچین کەمێک توو بخۆین بەشکم برسییەتەکەمان برەوێتەوە.
مینای چکۆلانە بە هەڵەداوان هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: ئا، زۆرم برسییە کوانێ تووی شیلک ؟زۆرم حەز لێیە، دایکم هەموو ڕۆژێک لە بازاڕ بۆمدەکڕێت.
مام ورچ پێشی مینای چکۆلانە دەکەوێت و دەیباتە سەرشیلکەکان. بۆخۆیان بەجووتە دەکەونە توو خواردن. مینای چکۆلانە هێندە توو دەخوات هەتا تەواو تەواو تێر دەبێت ئەوسا لەسەر گازی پشت لێیڕادەکشێت و دەڵێ: مام ورچ من تەواو یەک دەنکی ترم پێناخورێت.
مام ورچ ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان جا چیت پێبخورێت من بەم ورچییەی خۆمەوە بەقەد تۆم نەخوارد.
مینای چکۆلانە ئەیداتە قاقای پێکەنین، هێندە پێدەکەنێت سکی ژاندەکات و دەست بە سکییەوە دەگرێت لەکاتی پێکەنیندا.
مام ورچ تەماشای مینای چکۆلانە دەکات و خەیاڵێک دەکاتەوە کە مینای چکۆلانە لە ماڵی خۆیان لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاکشاوە و خەوێکی شیرین چۆتە چاوەکانی. لەم کاتەدا مینای چکۆلانە بانگی مام ورچ دەکات چەند جارێک لەسەریەک، بەڵام مام ورچ هیچ ئاگای لە بانگکردنەکەی مینا

نییە. پاشان مینا جارێکی تر بەقایمتر بانگی مام ورچ دەکات، ئەوسا مام ورچ ڕائەچڵەکێت و دەڵێ:
گیان مینای چکۆلانە ببوورە ئەڵێی چی؟
مینای چکۆلانە دەڵێ: بیرت لە چیدەکردەوە مام ورچ گیان وا هیچ ئاگات لە من نەبوو؟
مام ورچ دەڵێ: هیچ مینا گیان هیچ منیش ئەوەنە زۆرم خوارد مڕبووم، ئەڵێم مینا گیان با کەمێک ڕابکشێین و خەوێک بچێتە چاومان. مام ورچ لە ناوشیلکەکاندا دێتەدەرەوە لە تەنیشت مینای چکۆلانەوە ڕادەکشێت و دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان دەتوانی سەر بکەیتە سەرسکی من بۆ خەوتن.
مینای چکۆلانە دەڵێ: وەی گیان چەند خۆشە، جاخۆ هەتا بەیانی بە ئاگانایەم لە خەو، هێند سکت نەرمە و خورییەکەت شلوملە.
مام ورچ دەستەکانی درێژ دەکاتە پێشەوە و لمۆزی دەخاتە سەری و چاوەکانی لێک ئەنێت. مینای چکۆلانەش سەر ئەخاتە سەرسکی مام ورچ و چاوەکانی ئەچێتە خەو. هەردووکیان هێندەیان تووی شیلک خواردووە شکستبوون بۆیە هەر زۆر زوو خەوێکی قوڵ ئەچێتە چاویان. دەمەو دوانیوەڕۆیەکی درەنگ لەکاتێکدا مینای چکۆلانە و مام ورچ لە قوڵایی خەوێکی شیریندان، دوو ژیژک بەوناوەدا بۆ خواردن دەگەڕێن، کە ڕێگایان دەکەوێتە بەردەم مینای چکۆلانە و مام ورچ چاوەکانیان زەقدەکەنەوە و دەڵێن: ئەوەتا خۆیەتی مینای چکۆلانەیە، هەردووکیان ڕادەکەنە سەرقاچ و سکی مینای چکۆلانە و تەماشای دەکەن و دەڵێن: وەیش گیان وەیش گیان چەند ئێسک سووک و میهرەبانە، ژیژکێکیان دەڵێ: من ئەچم هەواڵی مینای چکۆلانە دەگەیەنم بە هاوڕێیان. ژیژکەکە بە قوونە قوون دێتە خوارەوە لەسەر سکی مینای چکۆلانە و دەڕواتە ناو دارستان، لەکاتی ڕۆیشتنیدا هەرچییەک هاتە سەرڕێگای ژیژکەکە، هەواڵی مینای پێدەگەیەنێت کە لەکەنار ئاوەکەدا خەوتووە. ژیژکەکە چالاکانە کرمەکانی ناودارستان لە کوونەکانیان دێنێتەدەر و هەواڵی مینایان پێدەگەیەنێت. کرمەکان بە مشکەکان دەڵێن. مشکەکان بە پەپوولەکان دەڵێن. پەپوولەکان بۆ باڵندەکانی دەگێڕنەوە. باڵندەکان ئەیدەنە شەقەی باڵ و هەواڵەکە بە گوێی یەکە بە یەکەی ئاژەڵ و باڵندەکانی تری ناوچەکە دەگەیەنن. هێندەنابات ئاژەڵ و باڵندەیەکی زۆر دێنەلای مینای چکۆلانە و مام ورچ لە دەوریان کۆدەبنەوە. ڕیزێک چۆلەکە و خۆشئاواز" بولبول" بەسەر لقێکی نزمەوە دەنیشنەوە و هەموویان باڵیان ئەنووسێنن بە باڵی یەکەوە و دەست دەکەن بە گۆرانی گووتن بۆ مینای چکۆلانە و دەڵێن:

فریشتەی سەرزەمینە
بۆیە وا ڕۆح شیرینە،
ئێسک سووک و ڕووخۆشە
هەمیشە دڵ بە جۆشە،
منداڵێکی سالارە
بۆ ژیان پایەدارە،

بەدەم ئاوازی گۆرانییەوە دوو پۆری خاڵ لە گەردنی ڕەنگین باڵەکانیان فشکردۆتەوە و بەدەوری

یەکدیدا لە تەنیشت مینای چکۆلانە و مام ورچەوە ئەخولێنەوە و سەما دەکەن. زایەڵەکان هەتا بێت زیاد دەبێت و ژمارەی ئاژەڵ و باڵندەکان زۆر دەبن. لە دواوە دوو ئاسکی گەورەی شاخدار دەستیان کردووە بە شەڕە چۆق و تاوسەکان خۆیان فشکردۆتەوە و پەڕە جوانەکانی کلکیان بەشێوەیەکی پان و بەرین کردۆتەوە. هەراوهۆریایەکە بەخۆشی هەمووانەوە، هێندەنابات مام ورچ بە ئاگا دێت، کە تەماشا دەکات چواردەوریان بە باڵندە و ئاژەڵی ناودارستان گیراوە. دەستێک ئەخاتە سەرشانی مینای چکۆلانە و لەخەوی هەڵئەستێنێت. مینای چکۆلانە کە چاوەکانی دەکاتەوە وا دەزانێت خەو ئەبینێت، وا ئەم هەموو ئاژەڵ و باڵندانە ڕوویانکردۆتە لای مینای چکۆلانە و مام ورچ، وا بەم شێوەیە دەستیانکردووە بە گۆرانی گووتن و بەزم و سەما و ئاهەنگ. لەپڕ دوو ئاسکە شاخدارەکە ڕادەکەنە بەردەمی مینای چکۆلانە و لای چەپ و ڕاستی دەگرن و دەڵێن:

مینا تۆ خۆشەویستی ئێمەیت
وەک گلێنەی چاوی ئێمەیت،
چکۆلە و خوێن شیرینیت
پاکیزە و دڵ بەفرینیت،

دوو دارکونکەرە بە بەرزی قەدی دوو درەختەوە لەناکاو ئەیکەن بە تەقەتەقێکی زۆر و باڵندەکانیش پێکڕا لەگەڵ تەقەتەقی دارکونکەرەکانا ئەیکەن بە هەرا و هوریایەکی بەجۆش، ئاژەڵەکان هەموو بازنەیەکیان بە دەوری مینای چکۆلانە و مام ورچ و باڵندەکانا دروستکردووە، هەموو لەگەڵ ئاوازی دارکونکەرەکان و باڵندەکانا دەستدەکەن بە گۆرانی گووتن. ڕێوییەک پەلی مینای چکۆلانە دەگرێت و دەیخاتە ناوڕیزی سەماکردنەکەوە. ورچێکی مێینە دێت و دەستی مام ورچ دەگرێت و ئەیخاتە نێو ڕیزی سەماکردنەکەوە، ئاژەڵ و باڵندەکان هەموو پێکەوە لە بازنەیەکدا سەما دەکەن و بە گۆرانییەوە دەڵێن:

ئای لە ژیانی دارستان
ئای لە جوانی کەژ و کێوان،
ئای لەم دونیا پڕ خۆشییە
ئای لەم ئاهەنگی ئاشتییە،
لێرە لەم دارستانەدا
لەم جیهانی ئاژەڵانەدا،
ئاسوودەین وەکوو ماسی
هەموو پێکڕا بە یەک دەنگ هاوار ئەکەین بۆ ئاشتی،
ژیان لێرە سەیرانە
بەهەشتی مندالانە،
بۆ خۆشی و قاقای ژیان

تێدەکۆشین بە هەمووان

لەم هەراوهۆریا و ئاهەنگ گێڕان و شایی و بەزمەدا مینای چکۆلانە بەتەواوی ونبوونی خۆی لەبیرچۆتەوە، بەشێوەیەکی وەها کە هەست ناکات کەس و کاری لێوەی دوورن یان هەست بە تەنهایی و خەمباری بکات. لەم کاتانەدا بە قەدپاڵی ئەو یاڵەوەی کە باوەشی کردووە بە دارستانەکەدا گەلەگورگێک کە زۆر لەمێژە بەم کەژ و کێو و دارستانانەوە ئەژین، کەوتوونەتە کۆبوونەوە و دەنگەدەنگ. سەرۆکی ئەم گەلەگورگە، گورگێکی خۆڵەمێشیی بەژن و باڵا کەڵەگەت و بە تەمەنە لەسەر سنگی گابەردێک ڕاوەستاوە و گورگەکان لێی کۆبوونەتەوە. سەرۆکی گورگەکان ناوی "یاخی"یە ئەم ناوەش هەر هۆزەکەی لێیانناوە چونکە بەردەوام لە یاخیبووندا بووە. یاخی بەر لە دوو ساڵ لەمەوبەر لەم دارستانەدا چاوێکی لەکیس ئەدات و بە بەرچاوی خۆیەوە ژنەکەی لەلایەن ڕاوکەرەکانەوە ئەکوژرێت و کۆرپەیەکیشی دەگرن. ئەو ڕۆژەی کە ڕاوچییەکان هەڵیانکوتایە سەرئەم خێزانە گورگە کە لە دارستانەکەدا لە باوەشی بندارێکی کەڵەگەتدا ڕاکشابوون، یەکێک لە فیشەکەکانی ڕاوچییەکان بەردێکی بەردەم خێزانە گورگەکە دەپێکێت و پارچەیەکی لێدەبێتەوە و ئەو پارچە بەردە ئەچێت بە چاوی یاخیدا و کوێری دەکات. فیشەکێکی تر ژنەکەی یاخی دەپێکێت و دەیکوژێت کۆرپەکەشی کە هێشتا توانای ڕاکردنی خێرا و زۆری نەبوو دەکەوێتە دەست ڕاوچییەکان و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. یاخیش بە ئازایەتی لەناو ئەم گێژاوەدا خۆی ڕزگار دەکات و دەست ڕاوچییەکان ناکەوێت. لەو ڕۆژەوە یاخی ئەم کارەساتە جەرگبڕەی بیرناچێتەوە و لە هەرشوێنێک مرۆڤی وەبەردەست بکەوێت تۆڵەی خۆی لێیاندەکاتەوە. ئێستاش ئەوەماوەی دوو ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەم کارەساتەدا بەڵام یاخی هەر لەسەر بڕیاری خۆی سوورە و لەهەر کوێیەک مرۆڤی دەستبکەوێت ئەیکووژێت. یاخی لەسەر گابەردەکە بە چواردەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە و ئەڵێ:

خێزانەکەم<br>
گورگی نێو کەژ و کێو و دارستانەکەم،<br>
دوای چەندین ساڵ هەر دێینەوە<br>
تۆڵەی خوێنی ڕۆڵەکانمان ئەستێنینەوە،<br>
مرۆڤ دوژمنی هەمووانە<br>
تینووی خوێنی ئاژەڵانە،

لەناکاودا لە ناوەڕاستی گورگەکاندا گورگێکی سپی مێینە دەنگ هەڵدەبڕێت و ئەڵێ:

بەسیە یاخی ئەم دڵڕەقییە<br>
پیشەی تۆ نانەوەی ئاژاوە و دوو بەرەکییە،<br>
هەموو مرۆڤێک دوژمنی ئێمەنین<br>
بۆ ئێمەی ئاژەڵ مایەی خەم و پەژارەنین،<br>
مینای چکۆلە ڕۆحی سپییە

له میهر زیاتر هیچی تر له دڵیدا نییه،
دووبەرەکی مەنێرەوە
له ویژدان کەمێک خۆت نزیکبکەرەوە،

گورگی یاخی به یەک بازهەڵدان خۆی ئەگەیەنێتە بەردەم گورگە مێینه سپییەکه کە گورگەکان ئەم گورگەمێینەیه به سپیده بانگ دەکەن، یاخی چنگەکانی توونند له زەوی گیرکردووە و ددانەکانی له سپیده جیڕکردۆتەوە وەک ئەوەی بیەوێت لەناکاودا پەلاماری سپیده بدات وەهادەردەکەوت به توورەیییەوە به سپیده دەڵێ:

له قسەمدا زار هەڵنەهێنیت
دەتەوێت بەم قسانەت چی بنوێنیت؟
من گەلەکەم ئەپارێزم
ڕەگی مرۆڤی دوژمن له دارستاندا هەڵئەکێشم،

سپیده بێئەوەی هیچ خۆی تێکبدات به یاخی دەڵێ:

تۆ دوای سێبەری تۆڵه کەوتوویت
لەوەتەی هەیت لەسەر کووشتن و بڕین ڕاهاتوویت،
هەموو مرۆڤێک دڕنده نییه
هەموو مرۆڤێکیش گۆشتخۆر نییه،

سپیده هێشتا قسەکانی تەواو ناکات له پڕێکدا یاخی هەڵئەکووتێتە سەرسپیده و پەلاماری ئەدات، ئەبێتە شەڕێکی گەورە له نێوانی سپیده و یاخیدا. گورگەکانی تر سەریان دەسووڕمێت هەموو له دەوریان کۆدەبنەوە و هیچکامێکیان ناوێرن تووخنیان بکەون. گورگەکان له نێوانی خۆیاندا دەڵێن: سپیده سەری لێشێواوە هەتا ئێستا کەس نەیوێراوە لەئاستی یاخیدا سەر هەڵبڕێت. یەکێک له گورگەکان دەڵێت: بەڵام سپیده گورگێکی ئازایه. یەکێکی تر دەڵێت: لەگەڵ یاخیدا کەس هیچی پێناکرێت. له ناکاو پەلاماردانەکانی سپیده و یاخی به تەقله و تلەوە ئەکەوێتە نێو گورگەکانەوە گورگەکان هاتوهاواریان تێدەکەوێت و شوێنەکەیان بۆ چۆڵدەکەن. سپیده و یاخی هەردووکیان ماندوو بوون له شەڕکردن له شوێنێکدا هەردووکیان دەست له شەڕکردن هەڵدەگرن و بەرانبەری یەکدی دەوەستن. سپیده به توورەیییەکەوە به یاخی دەڵێت:

هەتا من لەژیندا مابم
مینای چکۆله وەک چاوم دەپارێزم،

ئیدی ئەوسا سپیده ڕادەکات بەرەو قووڵایی دارستان و گەلەگورگەکه بەجێدێڵێت.
یاخی هێشتا هەر هەناسەی توونده و پشووی نەداوە به توورەیییەکەوە ئەقیژێنێت و ئەڵێ:

کێی تر له ئێوە دژم ئەوەستێ؟
وەک سپیدەی دوژمن به گژمدا ئەچێ؟
با بێتە مەیدان گەر ترسنۆک نییه

نیشانی بدەم مەبەستم چییە،
گورگەکان هەموو بە یەکدەنگ هاوار ئەکەن و ئەڵێن:
یاخی ئێمە هەموو لەگەڵ تۆین
بۆ تۆ ئێمە قەڵغان و شیری تۆڵەین،
لە تۆ قەت یاخی نابین
هەردەم پشت و پەناتین،
یاخی بە شانازییەکی زۆرەوە دیسانەوە دەچێتەوە سەر گابەردەکە ڕادەوەستێت و دەڵێ:
دەبێت خێرا بکەین
بەرلەوەی سپیدە بگرین
دەبێت مینای چکۆلە چاربکەین،
ئەگەر ئێستا نەگەینە سەرمینا
سپیدە ئەیبات لەگەڵ خۆیدا،
گورگەکان هەموو دەکەونە جوڵە جوڵ و هەرا لەناکاودا یاخی لوورەیەکی لێبەرزدەبێتەوە و بەدوایدا گورگەکان هەموو دەلوورێنن بەشێوەیەک کە لوورەکەیان سەرتاپای دارستان ئەهاژێنێت. سپیدە لە قووڵایی دارستانەکەدا گوێی لەم هەرای لوورەیە دەبێت و ڕادەوەستێت و دەڵێ: مینای چـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــکۆلە
سپیدە دەستدەکاتەوە بە ڕاکردن و دەیەوێت بەرلەوەی یاخی بگاتە سەرمینای چکۆلانە و کارلەکار بترازێت ئەم ژیانی مینای چکۆلانە ڕزگار بکات.
یاخی و گەلەگورگەکەش بە هەڵەداوان کەوتوونەتە ڕاکردن بەرەولای گۆڕەپانی زەماوەندەکەی مینای چکۆلانە، بەشێوەیەک بەرەو دارستان ڕادەکەن هەرچییەک گوێی لە تەپەتەپ و هەناسەدانیان بێت سڵیان لێدەکاتەوە.
لەناودارستاندا کە کات گەیشتۆتە نزیک دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ مینای چکۆلانە و مام ورچ و تێکڕای ئاژەڵەکانی تر لە بەزم و ئاهەنگی خۆیاندان ئەو گۆڕەپانە بەشێوەیەکی وەها قەرەباڵغبووە کە هەروەک بڵێی جێگەی ئاژەڵێکی تری تێدا نابێتەوە، ئەم ئاژەڵانە بەشێوەیەکی وەها دڵخۆشن کە خۆشیان لەبیرچۆتەوە. لەناو ڕیزی سەماکەرەکاندا مام ورچ و مینا دێنە دەرەوە و لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا دەستی یەکدەگرن و دەکەونە سەماکردن، بە دەوریشیانا باڵندە و ئاژەڵەکانی تر هەمان سەمای مینای چکۆلانە و مام ورچ دەکەن. مام ورچ هەردوو دەستی مینا دەگرێت و بە دەوری خۆیدا ئەیخولێنێتەوە هەندێ جار مینا بەرز دەکاتەوە و بە باوەش ئەیگرێتەوە، مینای چکۆلانە هەموو گیانی پێدەکەنێت و قاقاکانی ئەوەندەی تر ئاژەڵەکان دڵخۆشدەکەن و هەموو دەڵێن:
وەی گیان مینای چکۆلانە
گیان لەو قاقای پێکەنینانە،
وەی کە ڕۆحت سپییە

شێوەت وێنەی پەرییە،
سەماکەی مام ورچ و مینای چکۆلانە سەراپای دارستانەکەی هێناوەتە جۆش، مام ورچ دیسانەوە مینای چکۆلانە بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان، لە کاتێکدا کە مام ورچ مینای چکۆلانە هەڵئەدات یەکێک لە گورگەکانی یاخی خۆی هەڵئەدات بۆ مینای چکۆلانە پەلاماری بدات، بەڵام سپیدە زۆر ئازایانە لەلایەکی ترەوە فریای مینای چکۆلانە دەکەوێت و بە ئاسمانەوە پەلاماری گورگەکەی تر ئەدات و ئەیدات بە زەویدا. سپیدە ئەچێتە بەردەمی مینای چکۆلانە ڕادەوەستێت و دەڵێ: ئەوەی بیەوێت شتێک لە مینای چکۆلانە بکات دەبێت لە پێشدا من ببەزێنێت. ئاهەنگەکە تێکدەچێت و ئاژەڵ و باڵندەکانی تر لە ترساندا هەریەکەیان خۆیان ئەکەن بە پەنایەکدا و لە دوورەوە سەرنج ئەدەنە گۆڕەپانی شەڕەکە. مینای چکۆلانە ترسێکی زۆری لێدەنیشێت و نازانێت چیبکات. سپیدە پێیدەڵێت کە هیچ ترسی نەبێت و ئارام خۆی ڕابگرێت. مام ورچ لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا هاوارێکی لێهەڵدەستێت و دەکەوێتە پەلاماردانی گورگەکان. شەڕێکی گەورە و قورس دەکەوێتە نێوانی مام ورچ و گەلەگورگەوە لەولایشەوە سپیدە پارێزگاریی مینای چکۆلانە دەکات و لەگەڵ گورگەکاندا دەجەنگێت. یاخی لە سووچێکەوە خۆی ئەگەیەنێتە سپیدە و مرەیەکی تووڕەی بەسەردا دەکات و دەڵێ: ئیمڕۆ نە تۆ نە مینای چکۆلانە لە دەستم ڕزگارتان نابێت.
سپیدە دەڵێ: وەرە نیشانمبدە ئەی ترسنۆک، منداڵێکی وەک مینای چکۆلانە ڕۆحی سپییە چۆن دڵت دێت ئازاری بدەیت؟
یاخی بەم قسەیەی سپیدە شێتگیر دەبێت و هەڵدەکوتێتە سەرسپیدە، دەبێت بە شەڕێکی خوێناوی لە نێوانیاندا. لە نێواندا گورگەکانی تر هەوڵئەدەن هەڵبکوتنە سەرمینای چکۆلانە سپیدە ناچار دەبێت بچێت بەگژ ئەوانیشدا زۆر ئازایانە لەگەڵ یاخی و گورگەکانی تریشدا دەجەنگێت. مینای چکۆلانە حەپەساوە لە ئازایەتی سپیدە. هێندە نابات گورگێک هەلێک دەقۆزێتەوە و خۆی ئەدات بە مینای چکۆلانەدا مینای چکۆلانە زریکەی لێهەڵئەستێت و سپیدە دەست لە شەڕی یاخی هەڵدەگرێت و دێت بە هانای مینای چکۆلانەوە و گورگەکەی سەرمینای چکۆلانە دەبەزێنێت و مینای چکۆلانە لە مردن ڕزگار دەکات، لە دواوە بەخێراییەکی زۆر یاخی و گورگێکی تر دەکەونە سەرگیانی سپیدە و سەرشانی بریندار دەکەن. سپیدە ئازارێکی زۆری تێدەکەوێت و دەکەوێتەوە جەنگین لەگەڵ یاخی و گورگەکەی تردا، مینای چکۆلانە هەستدەکات کە سپیدە ئازاری هەیە هاوارێک بۆ مام ورچ دەکات و دەڵێ: مام ورچ فریای سپیدە بکەوە. مام ورچ بە یەک دوو چەپۆک گورگەکانی دەوری دەبەزێنێت و ڕادەکات بەرەولای سپیدە و بەیەک مشتی زۆر زۆر توند هەتا هێزی تێدابێت ئەکێشێت بە یاخیدا و بە تەقلە فڕێیئەداتە دواوە و گورگەکەی تریش ئەدات بە زەویدا. سپیدە تەماشایەکی مام ورچ دەکات و دەڵێ: سووپاس هاوڕێم.
یاخی زۆر بە گران لەسەر زەوییەکە بەرزدەبێتەوە و بە هەڕەشەوە بە سپیدە دەڵێ: باشە زۆر باشە سپیدەی دوژمن ئەمەت لەبیر نەچێت کێو بە کێو ناگات بەڵام ڕوو بە ڕوو دەکەوێتەوە. یاخی فەرمان بە گورگەکان دەکات کە بگەڕێنەوە، هەموو دێنە دەوری یاخی و بە یەکجار هەموو

ڕادەکەن و گۆڕەپانەکە چۆڵدەکەن.
ئیدی ئەوسا باڵندە و ئاژەڵەکانی تر دەگەڕێنەوە بۆ گۆڕەپانەکە و ئەیکەن هەراوهوریایەکی زۆر و پیرۆزبایی لەم سەرکەوتنەی سپیدە و مام ورچ دەکەن. مینای چکۆلانە باوەش بە سپیدەدا دەکات و ئەم لاوئەولای ماچدەکات دەڵێ:

سووپاس ئەی سپیدەی بەری بەیانم
سووپاس ئەی هاوڕێ و مایەی ژیانم،
تۆ منت لە مردن ڕزگار کرد
تۆ ژیانی خۆتت خەڵاتی من کرد،

سپیدە سووپاسی وتە جوانەکانی مینای چکۆلانە دەکات و ڕوومەتەکانی دەلێسێتەوە.
مام ورچ بە ماندووبوونێکەوە دێتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەوە و دەڵێت: هاوڕێیانم خۆشەویستانم دیارە ئەوەی کە ئیمڕۆ بە چاوی خۆتان بینیتان بەڵگەیەکی سەلمێنراو بوو کە دڵنیابین لەوەی ژیانی مینای چکۆلانە لە مەترسیدایە و چدی ناتوانین بۆ چاوتروکانێکیش چییە مینا بە تەنیا بەجێبهێڵین. دەبێت هەر ئێستا هەتا دونیا تاریک نەبووە مینای چکۆلانە بگەیەنینە ئاواییەک کە مرۆڤی تێدا بژی تا لەوێوە لە ڕێگەی مرۆڤەکانەوە مینای چکۆلانە ئاسانتر بگەیەنرێتە لای دایک و باوکی. جا تکایە کامتان ڕێگایەکی نزیک و ئاسان پێدەزانن با بێت هاریکاریمان بکات.
لەناو ئاژەڵ و باڵندەکاندا ڕێوییەک دێتە پێشەوە و دەڵێ:

من ڕێگایەک پێدەزانم
لە پێناوی مینادا داواتان دەخەمە سەرچاوم،
هەتا یەکدوو کاتژمێری دی
مینا دەخەینەوە قاقای شادی،

سپیدە دێتە پێشەوە و دەڵێ:

کەواتە با بەڕێکەوین
بۆ ژینی سبەی مینا دەستی هانا درێژ بکەین،

مام ورچ و سپیدە و مینا و ڕێوی بەڕێدەکەون بەرەو ئەو ئاواییەی کە ڕێوی پێیدەزانێت، مام ڕێوی دەڵێت: هاوڕێیان من پێشتان دەکەوم ئەگەر بەم خێراییەی ئێستامان بڕۆین من دڵنیام ئێوارە بە تاریکی دەگەینە ئاوایی و مینای چکۆلانە دەکەوێتەوە دەستی مرۆڤ.
سپیدە دەڵێ: بەڵێ بەم خێراییە بەڵام دەبێت ئەو گومانانەش دابنێین کە یاخی لێمان پەیدا نەبێتەوە دەنا بەتاریکی کارەکانمان سەختتر دەبێتەوە.
مام ورچ دەڵێت: لەهەر شوێنێک تووشمانبوون دەستیان لێناپارێزین.
مینای چکۆلانە بە دەنگێکی خەمبارەوە دەڵێت: من ئەترسم، تکایە بمبوورن کە من بوومەتە مایەی ئاژاوە و ناخۆشی بۆ ئێوە.
سپیدەبە سۆزێکی پڕ دایکانەوە دێتە پێشەوە لە مینای چکۆلانە و خۆی تێهەڵدەسوێت و

ڕوومەتەکانی دەلێسێتەوە و دەڵێ: مینای چکۆلانە ئێمە لەسەر تۆ ئامادەین گیانی خۆمان بەختبکەین، تۆ مینای چکۆلانەی ڕۆح سپیت ئەوەت لەیاد نەچێت. هەموو گیاندارەکانی دارستان و باڵندەکان دەزانن کە تۆ ڕۆح سپیت. تەنانەت یاخیش دەزانێت کە تۆ ڕۆح سپیت. بەڵام ئەو ویژدانی خۆی لەکیسداوە نایەوێت ئەو ڕۆحە سپییەی تۆ ببینێت. ئێمە پێمانخۆشە تۆ لەناوماندا بیت لەم دارستانەدا، بەڵام تۆ پێویستت بە دایک و باوکت هەیە ئێمە هەرچەند دڵسۆزی تۆ بین و تۆمان خۆشبوێت هێشتا ناتوانین ئەو بۆشاییەی دایک و باوکت پڕبکەینەوە. گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ئێستا یەکترمان دۆزیوەتەوە تۆ دەتوانیت هەرکات ویستت بێیتەوە لامان سەردانمان بکەیت.

مینای چکۆلانە ئارامییەک بە دڵیدا دێتەوە و باوەشێک دەکات بە سپیدەدا و دەڵێ:

سووپاس بۆ تۆ سپیدە گیان
ئەی شیرینتر لە گلێنەی چاوان،
تۆ هاوڕێی تەنگانەی منیت
وەک هەناو و ڕۆحی منیت،
مەرجە قەت لەیادت نەکەم
سوێندە هەردەم دیدەنییت بکەم،

مام ڕێوی دێتە پێشەوە لە مینای چکۆلانە و لە سپیدە تەماشایەکیان دەکات دەڵێ: ئەگەر ئەتانەوێت زوو بە بێوەیی ڕزگارمان بێت ئەوا ئەم قسانە هەڵبگرن بۆ کاتێکی تر، من دڵنیام ئێستا یاخی بەدووماندکەوتووە تکایە پێهەلگرن با خێرابکەین.

مینا و سپیدە دەستدەکەنەوە بەرۆیشتن ڕێوی لە پێشەوە ڕێبەرییان دەکات و مام ورچیش لە دواوە پاسەوانە، لە ڕێگا دەکەونە بەر بەرزاییەکی سەخت، مام ڕێوی ئاوڕێکیان لێدەداتەوە و دەڵێ:

هەر ئەوکاتەی ئەم هەورازەمان بڕی
ئەوسا مینای چکۆلانە دەتوانیت
بە دڵ پێبکەنیت،
لەودیوو ئەو هەورازەوە بە هەزاران
مرۆڤ دەبینیت،
هەزاران زەڕنوڵەی چاو جوان
دێنە سەرڕێگات بە دڵ و بە گیان،

مام ورچ لە دواوە دەڵێ:

سپیدەی ئازا و نەبەرد
من لەگەڵتام دنە بە دنە و بەرد بە بەرد،
بۆ سەرکەوتن بەو هەورازەدا
سینەم قەڵغانە لە ڕێگەتا،

سپیده ئاوڕێک بۆ مام ورچ ئەداتەوە و ئەڵێ:

سووپاس هاوڕێی شیرینم
هەتا تۆ هاوشانمبیت من نشووستی ناهێنم،
بەم برینەی سەرشانمەوە
من لە گورگی یاخی سڵناکەمەوە،

ڕێوی گوێ قووت گوێ قووت بە لای ڕاست و چەپی خۆیدا دەڕوانێت و ڕێگاکان دەپشکنێت نەکا دوژمن بۆسەیەکی بۆیان نابێتەوە، زوو زووش ئاوڕدەداتەوە و دەڵێت وەرن هیچ نییە، بەڵام لە دوای ئەم چڕییە دەشتاییەکی بەرین دێتە بەردەممان هەتا دەکەوینەوە ناوچڕی دارستان و بناری ئەو یاڵە نزیکەی چارەکە کاتژمێرێکمان پێدەچێت بۆیە دەبێ زۆر وریا بین لە ڕۆیشتن. لەناو دەشتاییەکەدا پێویستە هەتا بۆمان بکرێت ڕابکەین هەتا زوو بگەینەوە ناودارستان و بەدی نەکرێین. لەم قسانەدا لەپڕ مام ورچ گوێی لە خشپەیەک دەبێت لەدوای خۆیانەوە و بە چپە بە ڕێوی و سپیدە دەڵێت: ڕابوەستن هیچ دەنگتان نەیەت، شششششششششششششششششششش.

مام ورچ بە بێ خشپە و بێدەنگ دەگەڕێتەوە دواوە تا تەماشا بکات بزانێت ئەو دەنگە چی بوو لە دواوە هەستا. نزیکەی "دە" مەترێک دەگەڕێتەوە دواوە بۆ تەماشاکردن بەڵام هیچ شتێک بەدی ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیایە لەوەی کە ئەو خشپەیە بێ هۆ نەبوو. دەگەڕێتەوە لای سپیدە و ڕێوی دەڵێ: بابڕۆین هیچم بەدی نەکرد بەڵام دەبێت چاوێک بکەین بە سەد چاو.

مینای چکۆلانە لە ناوەڕاستدا بە تەنیشت سپیدەوە دەڕوات چاوەکانی بەملاوئەولای خۆیدا ئەجولێنێت. جار نا جارێک سەرێک بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێت و دەڵێ: سپیدە گیان هێندەی نەماوە خۆر ئاوابێت، من زۆر  ماندووم وەختە بخنکێم لە تینوێتیدا وەختە بمرم لە برسێتیدا، ئاخۆ بڵێی لەم هەورازە ڕزگارمانبێت و پشوویەکبدەین؟

سپیدە خۆی لە ڕانەکانی مینای چکۆلانە هەڵدەسوێت و دەڵێ: ئارامت بێت ماڵەکەم هێندەمان نەماوە ئارامت بێت.

مام ڕێوی لەپڕ ڕادەوەستێت و دەڵێ: ڕابوەستن گەیشتینە دەشتاییەکە، لێرەوە دەبێت بەهەموو توانای خۆمانەوە ڕابکەین هەتا بن ئەو هەورازە بەرزەی دێتە ڕێگامان، کە گەیشتینە ناو دارستانەکەی ئەوبەر ئیدی بەدی ناکرێین دەتوانین لەناو چڕی ئەو هەورازەدا خۆمان حەشاربدەین. ئامادەن بڕۆین؟ مام ورچ، سپیدە، مینای چکۆلانە ئامادەن؟

مینای چکۆلانە سەرێکی ماندووی بۆ دەجولێنێت و دەڵێ: من وەک ئێوە ناتوانم خێرا ڕابکەم.

مام ورچ دێتە پێشەوە و دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان ئەی منت بۆچییە؟ بۆ ئەم کاتە نەبێت وەرە سەرپشتم.

مینای چکۆلانە دێتە     لای مام ورچ و دەڵێ:

ئۆی کە میهرەبانیت
چەند هاوڕێیەکی بە ویژدانیت،

چرکەیەک جێت نەهێشتووم
لە دڵی خۆتا ڕاتگرتووم،
مام ورچ دەستە چکۆلانەکانی مینای چکۆلانە دەلێسێتەوە و دەڵێ: سەرکەوە سەرپشتم باوانەکەم کاتمان نییە.
مینای چکۆلانە دەچێتە سەرپشتی مام ورچ دەستەکانی تووند بە تووکەکانی سەر شانیەوە دەگرێت.
مام ڕێوی تەماشایەکیان دەکات و دەڵێ: گوێ بگرن هەرچییەک لەو دەشتاییەدا ڕوووبدات دەبێت بە هەموو توانایەکەوە بەرەنگاری ببینەوە. شەڕکردن لەو دەشتاییەدا قورسە و بواری ڕاکردن و خۆشاردنەوەمان نییە، بۆیە دەبێت زۆر وریا بین. مام ڕێوی بەچوار دەوری خۆیدا چاو دەگێڕێت و کۆتەڵەدارێکی قەوی هەڵدەگرێت و ئەیداتە دەست مینای چکۆلانە و دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان بمبوورە بەڵام دەبێت من دڵنیابم ئەوسا لەو دەشتەبدەین بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەم کۆتەڵەدارەت بدەمێ بۆ کاتی پێویست.
مینای چکۆلانە کۆتەڵەدارەکە لە ڕێوی وەردەگرێت و سووپاسی دەکات کە هێندەبە پەرۆشەوە لەم ڕێگایە ئەدات تاوەکوو تووشی هەراوهوریای شەڕکردن نەبین.
مام ڕێوی لە پێشیانەوە دەوەستێت و دەڵێ: ڕابکەن.
ئیدی چنگ لەسەر شان خۆیان ئەدەن بە دەشتەکەدا وەک تیسکەی تفەنگ بۆی دەردەچن. مینای چکۆلانە بەسەر پشتی مام ورچەوە دەمووچاوی سووربۆتەوە و قژەخورماییەکەی "با" بەملاوئەولایدا ئەبات. سپیدە بەدوای مام ورچەوە جەربەزانە ڕادەکات و بەچواردەوری خۆیدا چاو دەگێڕێت. دەگەنە ناوەڕاستی دەشتاییەکە و مام ڕێوی ئاوڕێک ئەداتەوە و دەڵێ: هێندەمان نەماوە خێرابکەن. لەناکاو سپیدە هاوارێکی لێهەڵدەستێت و دەڵێ: وریابن هاتن، مام ورچ و ڕێوی تەماشادەکەن و خێراتر ڕادەکەن بەڵام یاخی و گورگەکانی زۆر بە هەڵمەترن هێندە نابات دەگەنە سەرمام ورچ و میانی چکۆلانە. یەکێک لە گورگەکان هەر بەڕاکردنەوە خۆیهەڵئەداتە سەرمام ورچ تا دەمی لە مینای چکۆلانە  گیربێت بەڵام دیسانەوە سپیدە قارەمانانە فریای مینای چکۆلانە دەکەوێت و گورگەکە ئەدات بە  تەختی زەویدا. مینای چکۆلانە لەسەر پشتی مام ورچ دەکەوێتە خوارەوە و لە پڕێکدا یاخی و کۆمەڵێک گورگی تر دەگەنە سەرمینای چکۆلانە و سپیدە  و ڕێوی.

یاخی دێتە پێشەوە و دەڵێ: چیم پێگووتیت سپیدەی نەفام، لە دەست من ڕزگارت نابێت. بەڵام من دڵم گەورەیە ئەتبوورم چونکە گورگێکی جوان و جەربەزەیت. مینای چکۆلانە  بەجێبهێڵە و خۆت و هاوڕێکانت بۆتان هەیە برۆن و ئازاد بن چیدەکەن بیکەن.
سپیدە پێکانی لە زەوی توونددەکات و دەڵێ: تەنها بەسەر لاشەکەی مندا دەتوانیت مینای چکۆلانەت هەبێت.
یاخی بەم قسەیە گەلێک تووڕە دەبێت و دەڵێ: ئەی نارەسەن تۆ بوویت بەو گورگەی بەرانبەر من

ڕابوەستیت. ئادەی گورگینە پەلاماریانبدەن. هەر کە یاخی ئەم قسەیە دەکات یەکسەر کۆمەڵێک گورگ خۆیان ئەدەن بە سپیدەدا. دەبێتە شەڕێکی سەخت مام ورچ بە هەر چوار پەلدا ئەسوڕێتەوە و گورزی بەهێزیان تێدەسرەوێنێت. مام ڕێوی لە تەنیشی مینای چکۆلانەوە وەستاوە و پارێزگاری لێدەکات. ڕێوی بەژنێکی بچکۆلانەی هەیە و دەرەقەتی گورگەکان نادێت بۆیە هەر زوو زوو مام ورچ و سپیدە دەبێت لابکەنەوە بۆ لای ڕێوی و مینای چکۆلانە. یاخی بازێک هەڵئەداتە بەردەمی سپیدە و لەدوایشەوە دوو گورگی تر لەیەککاتدا ئەدەن بەسەر سپیدەدا یەکێک لە گورگەکان قەپاڵێکی توند ئەکات بەسەر شانەبریندارەکەی سپیدەدا و زریکەی لێهەڵئەستێنێت. کە مینای چکۆلانە گوێی لە زریکەی سپیدە دەبێت پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێ: نـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا

ئیدی بێگوێپێدان بەرەوڕووی ئەو گورگە دەچێت کە لەدواوە قەپاڵیکردووە بە شانی سپیدەدا، مینای چکۆلانە لە حەسرەتی سپیدەدا هەتا بۆی بکرێت لە دواوە بە کۆتەڵەدارەکەی دەستی ئەکێشێت بە پشتی گورگەکەدا. گورگەکە ئاوڕێک بۆ مینای چکۆلانە ئەداتەوە و پڕی بۆ ئەهاوێت لەوکاتەدا ڕێوییەکە خۆی هەڵئەداتە سەرشانی گورگەکە تا مینای چکۆلانە لە مەترسی ڕزگاربکات. ڕێوی بە هەموو توانای خۆیەوە گازێک لەسەرپشتی گورگەکە دەگرێت و ئازارێکی زۆر پێدەگەیەنێت. سپیدە خۆی لەو گەمارۆی گورگانە ڕزگاردەکات و دەکەوێتەوە جەنگین. مام ورچ زۆر بەهێزانە و ئازایانە لەگەڵ گورگەکانی تر  بەشەڕ دێت بەشێوەیەک کە گورگەکان سڵدەکەنەوە هێرشی بۆ بەرن. شەڕەکە هەتا دێت خوێناوی تر دەبێت بەشێوەیەک کە تەنانەت مینای چکۆلانەش بە سووکی بریندار دەبێت. ڕێوی وا گازی لەپشتی ئەو گورگە گرتووە بەریندادات تا هێندە نابات گورگێکی تر دێت و بە توندی خۆی ئەکێشێت بە ڕێویدا و قەپاڵێک ئەکات بە شانیدا ئەوسا ڕێوی قروسکەیەکی بەرزی لێدێت و لەسەر پشتی گورگەکە ئەکەوێتە خوارەوە. گورگەکە هەردوو دەستی خستۆتە سەرملی ڕێوی و داویەتی بە زەویدا. ڕێوی لەژێر چەپۆکی گورگەکەوە هاوار دەکات سپیدە مینا لێرە بفڕێنە هەرهێندە گەیشتنە سەرلووتکەی هەورازەکە ئیتر ئەوسا ڕزگارتان دەبێت، خێراکـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەن.

مام ورچ ئاوڕێک ئەداتەوە ئەڵێ: سپیدە بە قسەی ڕێوی بکە من لێرە ڕێگایان لێدەگرم تا دوات نەکەون. لەم قسانەدا سپیدە بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە ڕاکردنەکەی بە بازێک خۆی هەڵئەداتە سەرشانی یاخی و بە سەختی برینداری دەکات. ئەوسا پەلاماری مینای چکۆلانە ئەدات و لەناو قەیرانی شەڕەکە دەری دێنێت و دەڵێ: مینای چکۆلانە وەرە سەرپشتم.

مینای چکۆلانە دەمی تەتەڵەوپەتەڵە دەکات و دەڵێ: ئاخر من گەورەم بۆ تۆ نامتوانیت.

سپیدە بە تووڕەییەکەوە هاوار دەکات بەسەریدا و ئەڵێ: سەرکەوە سەرپشتم و بێدەنگبە باشە. مینای چکۆلانە سەردەکەوێتە سەرپشتی سپیدە و دەست دەگرێت بە تووکەکانی سەرپشتییەوە. سپیدە هەتا توانای تێدابێت بەرەو هەورازەکە ڕادەکات. یاخی کە چاوی لێدەبێت سپیدە مینای فڕاندووە و بەرەو هەورازەکە دەڕوات، هاوار لە گورگەکان دەکات و دەڵێ: نەیەڵن سپیدە و مینای

چکۆلانە دەرچن بگەنە سەریان.
مام ورچ ناهێڵێت کەسیان فریای سپیدە بکەون، ئازایانە دەکەوێتە شەڕ لەگەڵیان. لەناکاودا چوارپێنج گورگ بەسەریەکەوە پەلاماری مام ورچ ئەدەن تا نەهێڵن مام ورچ بواری ئەوەی هەبێت کە نەهێڵێت گورگی تر دوای سپیدە بکەون. لە لابەلاوە دوو گورگ هەلێکیان بۆ هەڵدەکەوێت و دەکەونە دوای سپیدە و مینای چکۆلانە. سپیدە جار ناجارێک ئاوڕئەداتەوە تا بزانێت هیچیان دوایانکەوتوون، لەناکاو هەردوو گورگەکە بەدیدەکات و بە مینای چکۆلانە دەڵێ: مینای چکۆلانە توند خۆتبگرە هێندەمان نەماوە بگەینە هەورازەکە، گورگەکان وردە وردە لە سپیدە و مینای چکۆلانە نزیکدەبنەوە هەوڵی ئەوەئەدەن بەسەرپشتی سپیدەوە پەلاماری مینای چکۆلانە بدەن، سپیدە هەتا بێت خێراتر ڕادەکات. دەگەنە بەردەمی هەورازەکە ئیدی ئەوسا سەرکەوتن بەسەر هەورازەکەدا بۆ سپیدە بە مینای چکۆلانەوە سەخت دەبێت. سپیدە بە مینای چکۆلانە دەڵێ: مینای چکۆلانە ئاگاداربە کە ڕاوەستام تۆ خێرا دابەزە لەسەر پشتم و هەتا بۆتدەکرێت بە خێرایی سەربکەوە سەرەوە من لێرە پارێزگاریت دەکەم، چونکە بەوهەورازەدا ناتوانم بەتۆوە ڕابکەم قورسە بۆ من.
مینای چکۆلانە هەناسەی سواربووە ترسێکی زۆری لێنیشتووە و دەڵێ: باشە سپیدە گیان باشە.
سپیدە دەوەستێت و مینای چکۆلانە خێرا خۆی هەڵئەداتە خوارەوە لەسەرپشتی سپیدە و دەستدەکات بەڕاکردن بەسەر هەورازەکەدا.
سپیدە زۆر ماندوو بووە و لەگەڵ ئەوەشدا دەکەوێتە شەڕێکی قورسەوە لەگەڵ ئەو دوو گورگەدا، گورگەکان دەزانن کە سپیدە ماندوو بووە، هەرهێندە نازانێت یەکێکیان هەلێک دەقۆزێتەوە و بەدوای مینای چکۆلانەدا ڕادەکات. سپیدە دەبێت فریای مینای چکۆلانەش بکەوێت. بۆیە سپیدە بە تەواوی لە ماندووبووندایە، مینای چکۆلانە نزیکبۆتەوە کە بگاتە سەربەرزایی هەورازەکە لەناکاو لە دواوە گورگەکەی تر خۆی پێدا ئەکێشت و ئەیدات بە زەویدا مینای چکۆلانە هاواری لێبەرزدەبێتەوە و ئەکەوێت بە زەوییەکەدا. مینای چکۆلانە لە حەسرەتا دەست درێژ دەکات پارچەیەک بەرد هەڵدەگرێت و ئەیدات بەسەری گورگەکەدا. سپیدە واز لە شەڕی گورگەکەی تر دێنێت و خۆی ئەگەیەنێتە لای مینای چکۆلانە و ڕزگاری دەکات لە هێرشی گورگەکەی تریان. مینای چکۆلانە هەڵدەستێەوە و دەستدەکاتەوە بە ڕاکردن.
گورگگێکیان بە تووڕەییەوە بە سپیدە دەڵێ:

ئەی سپیدەی ڕەزاگران
دەست هەڵبگرە لە کاری دزێو و تاوان،
ژیانت بەرەو نەمان دەڕوات
هێزی تۆ بەشی توانای ئێمە ناکات،

سپیدە قاچەکانی لە زەوی توندکردووە و بە هەناسەسوارییەکەوە دەڵێ:
ئێوەی ترسنۆک لە گەڵ مندا پێتان ناکرێ

خوێنم دەبێت لێرە بڕژێ
تا ئەوکاتەی مینای چکۆلانە لەم هەورازە
بەسەر دەکەوێ،

گورگەکان بەم قسانە ئەوەندەی تر شێتگیردەبن و دەکەونەوە پەلاماردانی سپیدە. دیسان شەڕێکی سەخت لەنێوانیاندا دروستدەبێتەوە، بە هەردووکیان هەڵئەکوتنە سەرسپیدە و جارێکی تر بریندارى دەکەنەوە، مینای چکۆلانە بە هەورازەکەدا هەڵئەزنێت و ئاوڕێک بۆ سپیدە ئەداتەوە کە تەماشا دەکات سپیدە کەوتووە بە زەویدا و گورگەکان بە گاز کووت کووتی دەکەن. مینای چکۆلانە ڕادەوەستێت و هاوار دەکات: سپیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــدە.

سپیدە کە گوێی لە دەنگی مینای چکۆلانە دەبێت هێز ئەداتەوە بەخۆی و هەڵئەستێتەوە و دەڵێ:
مینای چکۆلانە ڕامەوەستە ڕابکە.

یەکێک لە گورگەکان کە تەماشا دەکات مینای چکۆلانە هێندەی نەماوە بگاتە سەرەوەی هەورازەکە ڕادەکات بە دوای مینای چکۆلانەدا و گورگەکەی تریش ڕێگا لە سپیدە دەگرێت کە فریای مینای چکۆلانە نەکەوێت. مینای چکۆلانە بە خێرایی ڕادەکاتە سەرەوە و سپیدەش هێز و توانا ئەداتەوە بە خۆی و دەکەوێتەوە شەڕکردن لەگەڵ گورگەکەدا و دەڵێ:

تا دوا تنۆک ئومێدی ڕزگاری
ئەتپارێزم ئەی مینای هیوای شادی،

ئەمجارەیان ملی گورگەکە دەگرێت و بەریندادات هەتا ئەیدات بە زەویدا و هێزی لێدەبڕێت کە توانای شەڕ و ڕاکردنی نەمێنێت. سپیدە سەرێک بۆ مینای چکۆلانە هەڵدەبڕێتەوە ئەبینێت هێندەی نەماوە گورگەکەی تر مینای چکۆلانە بەگیر بهێنێت، توانا ئەداتە خۆی و بەرەو لایان ڕادەکات.

کات لە تاریک و ڕووندایە لە لای چەپی بەرزاییەکەوە دوو ڕاوچی بەدەردەکەون، کە ئەوانیش بەرەو ماڵەوە دەڕۆنەوە کە دەبینن بەسەر بەرزاییەکەوە منداڵێکی چکۆلانە ڕادەکات و گورگێکیش بەدواوەیەتی، خێرا میلی تفەنگەکانیان ڕادەکێشن و نیشان لە گورگەکە دەگرنەوە.

لەوکاتەدا گورگەکە بە بازێک خۆی هەڵئەداتە سەرکۆڵی مینای چکۆلانە و ئەیدات بەزەویدا. گورگەکە بێبەزەییانە دەستەکانی تووند ناوەتە بینەقاقای مینای چکۆلانە و هەناسەی لەبەربڕیوە. ددانەکانی لێجیڕدەکاتەوە و ئەیەوێت قەپاڵ بە قورگی مینای چکۆلانەدا بکات و بیکوژێت. گورگەکە هێندە نازانێت سپیدە ئەگاتە سەرشانی و پەلاماری ئەدات. مینای چکۆلانە کە هێزی تێدا نەماوە هەرچۆنێک بێت خۆی لەژێر جەوری گورگەکەدا دێنێتە دەرەوە.

ڕاوچییەکان کە ئەم کارە دەبینن سەریان سووڕدەمێنێت کە وا بەم ئێوارە درەنگە منداڵێک چیدەکات لەناو دارستاندا وا بە دوو گورگ لە گیانی بەربن؟!!!!

ڕاوچییەکان هەردووکیان دەست دەکەن بە تەقەکردن لە گورگەکان و بەرەو لایان ڕادەکەن تا ئەو منداڵەچکۆلانەیە لە دەستیان ڕزگار بکەن. یەکێک لە گوللەکان بەرشانی سپیدە دەکەوێت و گورگەکەی تریش لە ترسی ڕاوچییەکان ڕادەکات و دەڵێ:

مینای چکۆلانە لە دەست ئێمە ئازاد نابی
وا ئەمجارەش بەختت هێنای
ئەم ڕاوچییانە لەژێر دەستما دەریانهێنای
ئێمەی گورگ هەر دێینەوە
تۆڵەی خۆمان لە ئێوەی مرۆڤ ئەستێنینەوە،

گورگەکە بە هەورازەکەدا چنگ لەسەرشان ڕادەکاتە خوارەوە و گورگەکەی هاوڕێشی هەڵئەستێنێتەوە و بە جووتە خۆیان ئەدەن بە دەشتەکەدا و لەچاو ون ئەبن.

مینای چکۆلانە کە دەبینێت سپیدە لە زەوییەکەدا کەوتووە هاوارێکی لێهەڵدەستێت و بە خێرایی ڕادەکاتە لای سپیدە. ڕاوچییەکان دەگەنە لای مینای چکۆلانە و یەکێکیان دەیەوێت فیشەکێکی تر بنێت بە سپیدەوە بە مینای چکۆلانە دەڵێ:

ڕۆڵەکەم دوورکەوە
لە گورگی زۆردار نزیک مەبەوە،
چەندین ساڵە ئەم گورگانە
بوونەتە بەڵای ئەم دارستانە،

مینای چکۆلانە ناهێڵێت کابرای ڕاوچی کە پیاوێکی بە تەمەنی سەرو ڕیش سپییە قسەکانی تەواوبکات ئەقیژێنێت بەسەریدا و ئەڵێ:

زۆردار تۆی
بێ دڵ و بێ  هەست و ویژدان تۆی،
سپیدەی هاوڕێمت زامدار کردووە
پارچەیەک لە جەرگی منت کووت کووتکردووە،
هەستە تا  زووە بۆم تیمارکەوە
ئاوێک بە دڵەی بە کوڵماکەوە،
سپیدە بۆ من پشت و پەنا بوو
لە جێی گشت کەسم و شیر و قەڵغان بوو،

ڕاوچییەکەی تریان کە پیاوێکی گەنجتر بوو لەوی تر، دێتە تەنیشت مینای چکۆلانەوە و دەستێکی ناز بەسەریدا دێنێت و دەڵێ:

ڕۆڵەم کچی شیرینم
هاوڕێکەت بۆ ڕزگاردەکەم
لە باوەشی سۆزی تۆی دەکەم،
هەستە با بۆ ئاوایی بڕۆین
سپیدەی هاوڕێت لەوێ تیماربکەین،

ڕاوچییەکە سپیدە بە باوەش هەڵدەگرێت و لەگەڵ مینای چکۆلانەدا بەرەو ئاوایی بەڕێدەکەون.

ڕاوچییه به تەمەنەکەی تریان دەڵێ: من پێش ئێوه دەکەوم هەتا شەودانەهاتووه دەگەمه لای ماڵی دکتۆری ئاژەڵان و ئاگاداری دەکەمەوه کە گورگێکی زامدارمان پێیه و دەبێت ژیانی ڕزگاربکەین.

مینای چکۆلانه بەم قسەیه دڵخۆش دەبێت و دەڵێ: ڕاکه بەقوربان مامه گیان تووخوا ڕاکه با سپیدەم له کیس نەچێت ڕاکه توو خوا.

پیرەی ڕاوچی کە گوێی لەم قسانه دەبێت کزه به جەرگیدا دێت و له حەسرەت مینای چکۆلانه ئاو به چاوەکانیدا دێته خوارەوه. ئەوسا به خێرای ڕادەکات و پاش کەمێک دەگاته ناوئاوایی.

ڕاوچییه گەنجەکەی تر به مینای چکۆلانه دەڵێ: تۆ زۆر میهرەبان دیاریت ڕۆحت زۆر  سپییه.

مینای چکۆلانه دەڵێ: چۆن دەزانیت ڕۆحم سپییه؟

ڕاوچییەکه دەڵێ: هــــــــــــــــــــم، دیاره پێتەوه من ئەیبینم.

مینای چکۆلانه به ماندووبوونێکەوه دەڵێ: سووپاس مامه گیان. من ناوم مینای چکۆلانەیه خەڵکی شاری سلێمانیم ئەم بەیانییه لەم دارستانەدا ونبووم له کاتێکدا کە لەگەڵ پۆلەکانی قووتابخانەکەماندا هاتبووین بۆ گەڕان بۆ ئەم ناوچەیه، بەڵام له گەڕانەوەماندا هێشتا من لەناو دارستانەکەدا بووم ئەوانیش ئاگاداری من نەبوون هەر وایانزانیوه کە من لەناو پاسەکەدام بۆیه بەجێیانهێشتبووم.

ڕاوچییەکه بەسەر سووڕمانێکەوه دەڵێ: خۆشحاڵم مینای چکۆلانه. منیش ناوم وەستا سالاری بەنایه، بەڵام هەندێ جار ئێواران لەگەڵ مام پیرۆتدا دێم بۆ ڕاو.

مینای چکۆلانه به تووڕەیییەکەوه دەڵێ: بۆچی ڕاودەکەیت؟

وەستا سالاری بەنا دەڵێ: هەر بۆ خۆشی.

مینای چکۆلانه دەڵێ: هەر بۆخۆشی دێیت ژیانی دارستان تێکدەدەیت و پەیوەندییەکانی نێوان ئاژەڵ و باڵندە و مرۆڤ لەناودەبەیت. ئایا ئەمه کارێکی چاکه کە تۆ بۆ خۆشی دەیکەیت؟ هیچ سەیر نییه کە یاخی بەم شێوەیه له مرۆڤ یاخی بووه. هیچ سەیر نییه کە گورگەکانی تریش حەز به چارەی مرۆڤ ناکەن. مینای چکۆلانه دیسان هەر به تووڕەیییەوه دەڵێ: ئەم کارەی تۆ دەیکەیت لادانه له مرۆڤایەتی له ویژدان له هەموو شت. کاتێکیش کە مرۆڤ له ڕێگا لادەدات و ڕێگایەکی چەوت دەگرێتەبەر، ئەوا ئەو مرۆڤه ویژدانی نییه ئەگەر هەشی بێت ئەوا مرۆڤێکی ناپاکه.

وەستا سالار تەواو تەواو سەری له مینای چکۆلانه و له قسەکانی دەسووڕمێت. هەرگیز هەست ناکات کە لەگەڵ منداڵێکی چکۆلانەدا گفتووگۆ دەکات بەڵکوو مینای چکۆلانەی به ژنێکی به تەمەن و به خاوەن ئەزموون دێتەبەرچاو. تەماشایەکی مینای چکۆلانه دەکات و دەڵێ: مینای چکۆلانه تۆ تەمەنت چەندە؟

مینای چکۆلانه سەرێک هەڵدەبڕێت و دەڵێ: هەشت ساڵ.

ئیدی وەستا سالاری بەنا تەواو دەحەپەسێت و دەڵێ: خەمت نەبێت سپیده چاکدەبێتەوه، گوللەکه تەنها گۆشتەکەی بڕیووه و دەرچووه له گیانیدا. پێویستی تەنها به دوورینەوەیه و به پشوویەکی زۆر دڵنیابه سبەینێ دەتوانیت لەگەڵ سپیدەدا یاری بکەیت.

میناى چکۆلانە و وەستا سالار دەگەنە ناو ئاوایی کە تەماشا دەکەن دکتۆر ئازاد بە خۆى و بە جانتاو کەلوپەلەکانیەوە لەگەڵ مام پیرۆتدا ڕاوەستاون و کۆمەڵێک خەڵکی ئاواییشیان لێکۆبۆتەوە، هەر کە دەگەنە لاى خەڵکەکە دکتۆر ئازاد تەماشاى سپیدە دەکات و دەڵێ: برینەکەى سەخت نییە بەڵام لە هۆش خۆى چووە بیهێنن بۆماڵەوە بۆ لاى خۆم. ئیدى میناى چکۆلانە و وەستا سالار و ئەو کۆمەڵە خەڵکەى کە کۆببوونەوە هەموو بەرەو ماڵی دکتۆر ئازاد دەڕۆن. لەناو دەرگاکەى ماڵی دکتۆر ئازاددا پاکیزەخانی ژنی دکتۆر ئازاد و ڕۆشناى کچی کە تەمەنی حەوت ساڵانێک دەبێت ڕاوەستاون. دکتۆر ئازاد بە پاکیزەخانی ژنی دەڵێ: پاکیزە ئەزیزم سەر قەڕەوێڵەیەکمان بۆ ئەم گورگە بۆ سازبکە.

پاکیزە بە پەلە دەچێتە ژووری تیمارکردن و قەڕەوێڵەیەک بۆ سپیدە چێدەکات و لەسەرى پاڵدەخەن. سەرەتا دکتۆر ئازاد دەرزییەکی ئازار لە سپیدە ئەدات و ئاوى بۆ هەڵدەواسێت. پاشان دەستدەکات بە پاککردنەوەى برینەکەى و دەڵێ: بێجگە لە گوللەکە هەر ئەم سەرشانەى دوو برینی ترى گەورەى پێوەیە کە لە جێگە گازى ئاژەڵی تر دەچێت لێیانگرتبێت.

میناى چکۆلانە دەڵێ: بەڵێ وایە ئەو جێگا گازانە هی یاخی و گورگەکانی ترە.

دکتۆر ئازاد ئاوڕێک بۆ میناى چکۆلانە ئەداتەوە ئەڵێ: یاخی کێیە؟

میناى چکۆلانە بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: سەرۆکی گورگەکانە ئەو گورگەیە کە بڕیارى لەسەر کووشتنی من دابوو.

دکتۆر ئازاد دەڵێ: میناى چکۆلانە بۆ چی کووشتنی تۆ؟

میناى چکۆلانە دەڵێ: ئاخر لەبەرئەوەى کە من مرۆڤم. یاخیش دژى مرۆڤە.

دکتۆر ئازاد نایەوێت لەمەزیاتر سەربکاتە سەرمیناى چکۆلانە و واز لە پرسیارکردن دەهێنێت و دەڵێ: میناى چکۆلانە گیان خەمت نەبێت لە دواى پێنج کاتژمێرى تر گورگەکەى هاوڕێت هۆشی بەخۆى دێتەوە. ئێستا دەبێت وێنەیەکی سەرشانی گورگەکەت بە لێزەر بگرم تا بزانم گوللەکە لە شانیدا ماوە یان نا، ئەوسا بە دوو یان سێ تەقەڵ برینەکانی بۆ ئەدوورمەوە و دواى پێنج کاتژمێرى تر هۆشی دێتەوە بە خۆیدا.

میناى چکۆلانە بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: سووپاس بۆ میهرەبانیت دکتۆر گیان.

مام پیرۆت دێتە پێشەوە و دەستێک بەسەر شانی میناى چکۆلانەدا دێنێت و دەڵێ: میناى چکۆلانە و میهرەبان ژمارەى تەلەفوونی ماڵی باوکت دەزانیت؟

میناى چکۆلانە دەڵێ: بەڵێ دەیزانم. سلێمانی 4123544 ئێستا کاتی نانخواردنە هەموویان لە ماڵەوەن.

مام پیرۆت دەڵێ: باشە مینا چکۆلانە وەرە بابڕۆین تۆ تەلەفوونێک لەگەڵ دایە و بابە بکە و دکتۆر ئازادیش دەتوانێت بە پشووى خۆى کارەکانی بکات ئێمە هەموو لە دەورى کۆبینەوە باش نییە بۆ کارکردنی ئەو.

مام پیرۆت داوا لە خەڵکەکە دەکات کە ژوورەکە چۆڵبکەن بۆ دکتۆر تا کارەکانی ئاسانتر بکات.

خەڵکەکە هەموو دەڕۆنە دەرەوە و لە بەردەرگا چاوەڕوانی وەڵامی دکتۆر ئازاد دەکەن. مینای چکۆلانە و مام پیرۆتیش دوای پاکیزەخان دەکەون بۆ ژووری تەلەفوونەکە. مینای چکۆلانە ژمارەکەی ماڵی باوکی لێئەدات و دایکی دێتە سەرخەت و دەڵێ: بەڵێ فەرموو:

مینای چکۆلانە بە بیستنی دەنگی دایکی هاوارێکی لێهەڵدەستێت و دەڵێ : دایـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــە.

دایکی لە خۆشیاندا نازانێت چیبکات ئەویش هاوار دەکات دەڵێ: وەرن مینا لەسەر خەتە، ئیتر خوشک و براکەی تری مینا و باوکی مینا دەست لە نانخواردن هەڵدەگرن و دێن بەرەوپیری تەلەفوونەکەی مینای چکۆلانەوە.

دایکی دەڵێ: مینا گیان مامۆستاکانت هاتن بۆ ماڵەوە هەواڵی ونبوونی تۆیان پێگەیاندین و پۆلیسیش ئاگادارکراوەتەوە ئەم دوانیوەڕۆیە نزیکەی سەد پۆلیس بە هێلیکۆپتەرێکەوە و چەند سەگێکی پشکنین کەوتنە ڕێگا بە دوای تۆدا. بەڵام سووپاس بۆ خوا کە تۆ ئێستا لە ژیاندایت.

مینای چکۆلانە دەڵێ: دایە گیان من ئێستا لە ماڵێکم ئەم ئێوارەیە دوو پیاوی ڕاوچی منیان دۆزییەوە و بردیانم بۆ ناو ئاواییەکەی خۆیان. هەموو مرۆڤی باشن و ئاگایان لێمە خەمی منتان نەبێت. تکایە دایە بابە و خوشک و براکەی ترم بدەرێ با قسە لەگەڵ ئەوانیش بکەم. مینای چکۆلانە بە تێر و تەسەلی قسە لەگەڵ خێزانەکەی دەکات و پاشان مام پیرۆت بە باوکی مینای چکۆلانە دەڵێ: کە ئەم شێونەی مینای چکۆلەی لێیە ئاواییەکە لە سەرسنوور بەڵام بەیانی زوو بەرێدەکەون بەرە و سلێمانی و مینای چکۆلانە لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە بۆ ناو کەس و کاری خۆی.

پاش ئەوەی دکتۆر ئازاد لە نەشتەرگەرییەکەی سپیدە دەبێتەوە دێتە دەرەوە لە ژوورەکەی و بە خەڵکەکە دەڵێت کە سپیدە بەرەو باشتربوونەوە دەڕوات و بۆ بەیانی سپیدە دەتوانێت تەنانەت شەڕ لەگەڵ شێریشدا بکات. خەڵکەکە هەموو ئەدەنە قاقای پێکەنین و چەپڵە بۆ دکتۆر ئازاد لێئەدەن. پاشان مینای چکۆلانە دێت و باوەش بە دکتۆر ئازاددا دەکات و گەلێک سووپاسی میهری دکتۆر دەکات. ئەوسا خەڵکەکە وردە وردە هەریەکەیان دەچنەوە ماڵی خۆیان و مام پیرۆت و وەستا سالاری بەناش هەمان شێوە ماڵئاوایی لە مینای چکۆلانە دەکەن و شەوێکی شادی بۆ دەخوازن.

مینای چکۆلانە سووپاسی هاریکارییان دەکات و شەوێکی شادیان بۆ دەخوازێت.

پاکیزەخان دێت بۆ لای مینای چکۆلانە و دەڵێ: مینای چکۆلانە وەرە با بڕۆین من گەرماوەکەت نیشانبدەم تۆ پێویستە خۆت بشۆیت و بەرگی نوێ لەبەربکەیت. تا تۆ تەواو دەبیت منیش خواردنێکی خۆش ئامادە دەکەم و پێکەوە هەموو نانەخۆین دڵنیام ئێستا زۆرت برسییە.

مینای چکۆلانە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: پاکیزەخان ئەوەندەم برسییە ئێستا دەتوانم بەقەد پیاوێکی قەڵەو قەڵەو نانبخۆم. بەڵام من بڕیارمداوە لە ئیمڕۆوە بەهیچ شێوەیەک گۆشتی باڵندە و ئاژەڵ نەخۆم. تکایە بۆ من هەرچییەک دەکەیت نابێت گۆشی تێدا بێت. تەنانەت شلەیەکیش ناخۆم گۆشتی تێدا کوڵابێت.

پاکیزەخانم سەری لە قسەکانی مینای چکۆلانە سووڕدەمێنێت و دەڵێ: وەی وەبان دییەم مینای

چکۆلانە گیان.
مینای چکۆلانە دەڵێ: دییەت وەش بێت پاکیزەخانم. ئیدی مینای چکۆلانە دەچێتە ژووری گەرماوەکەوە بۆ خۆشتن.
پاش ئەوەی مینای چکۆلانە لە خۆشتن دەبێتەوە و دەستێک جلی پاکژی کردۆتە بەری سەروڕووخساری ئیدی ئەوەندەی تر جوانتر دەبێت و زیاتر دەچێتە دڵی دکتۆر ئازاد و خاتوو پاکیزەی ژنی و ڕۆشنای حەوت ساڵانەی کچیەوە. نانی ئێوارە پێکەوە دەخۆن کاتێکی خۆش پێکەوە بەسەر دەبەن. ئەوسا کاتی خەوتنیان دێت خاتوو پاکیزە جێگایەک بۆ مینای چکۆلانە لە ژوورەکەی ڕۆشنای کچیدا سازدەکات و شەوشادیان لێدەکات و گڵۆپەکەیان بۆ ئەکوژێنێتەوە و دەرگایان لەسەر پێوەئەدات.
مینای چکۆلانە بانگی خاتوو پاکیزە دەکات و دەڵێ: خاتووی ئازیز تکایە با دەرگاکەمان درزێکی تێدابێت نەگ بەتەواوی دایبخەیت.
خاتوو پاکیزە داواکەی مینای چکۆلانەی لا سەیر دەبێت بەڵام دڵیشی ناشکێنێت درزێک لە دەرگاکەدا ئەهێڵێتەوە.
پاشان ڕۆشنای حەوت ساڵانە پرسیاری بەسەرهاتەکانی مینای چکۆلانە دەکات.
مینای چکۆلانەش بەسەرهارتی خۆی لەیەکەم چرکەی هاتنیانەوە بۆ ناو ئەو دارستانە دەگێڕێتەوە هەتا هاتنی بۆ ماڵی دکتۆر ئازاد، ڕۆشنا هێندە چۆتە ناوباسەکەی مینای چکۆلانەوە حەزی دەکرد خۆی مینای چکۆلانە بوایە و ئێستا ئەم داستانەی بۆ کەسێکی تر بگێڕایەتەوە، بەدەم گوێگرتن لە قسەکانی مینای چکۆلانەوە ڕۆشنا خەوی لێدەکەوێت و فریا ناکەوێت کۆتایی باسەکەی مینای چکۆلانەی گوێ لێبێت. مینای چکۆلانە کە هەست دەکات ڕۆشنا خەوتووە لەناوجێگاکەیدا دێتە دەرەوە و دەچێت بۆ ژوورەکەی سپیدە، کە تەماشا دەکات سپیدە لە شیرینی خەودایە مینای چکۆلانە ماچێکی نێوچەوانی سپیدە دەکات و شەوێکی شادی بۆ دەخوازێت و درزێکی دەرگای ژوورەکەی بە کراوەیی بۆ بەجێدێڵێت. ئەوسا دێتەوە ناوجێگاکەی خۆی و دەخەوێت. لە بەرەبەیاندا سپیدە بە هۆش خۆی دێتەوە کە تەماشا دەکات لەسەر جێگایەک ڕاکشاوە و دەرزییەک بە دەستیەوەیەتی و شانیشی بە لەفاف بەستراوە. ئیتر هەست دەکات کە ئەمە کاری مرۆڤە و ژیانیشی لە مەترسیدا نییە، ڕاستەوخۆ هەستی دەڕوات بۆ مینای چکۆلانە کە ئەمە کاری مینای چکۆلانە بێت کردبێتی. قەپاڵێک دەکات بە دەرزییەکەدا و لە دەستی دەکاتەوە لەسەر قەرەوێڵەکەی دێتە خوارەوە، سپیدە تەماشایەکی ئەملاوئەولای خۆی دەکات و لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە، لەناو هۆڵەکەدا بۆنی هەناسەدانی مینای چکۆلانە دەکات و بەرەو ژوورەکەی مینای چکۆلانە دەڕوات. سپیدە دەچێتە تەنیشت مینای چکۆلانەوە و دەمووچاوی دەلێسێتەوە، کاتێک مینای چکۆلانە بەئاگا دێت لەخەو تەماشا دەکات سپیدەیە ئیتر لەخۆشیاندا بەیەک جوڵە لە جێگاکەی خۆی بەرزدەبێتەوە و باوەشێکی توونەد بە سپیدەدا دەکات و ماچی دەکات.
سپیدە دەڵێ: سووپاس مینای چکۆلانە کە منت لە مردن ڕزگارکردووە.

میناى چکۆلانە دەست بە دەمى سپیدەوە دەگرێت و دەڵێ: هششششششششششششششش هیچ مەڵێ، سووپاسى چى؟  ئەوە ئەرکى سەرشانم بوو. پاشان من هیچم نەکردووە تۆ منت ڕزگارکردووە لە مردن نەگ من تۆ.

سپیدە سەرێکى بۆ ئەلەقێنێت و ئەڵێ: نا میناى چکۆلانە تۆ زۆرتکردووە ماڵەکەم هیچ جیاوازیى لەگەڵ ئەوەى مندا نییە کە بۆ تۆمکردووە.

ڕۆشنا لەم قسانە بە ئاگادێت و لەژێر بەتانییەکەیەوە تەماشاى میناى چکۆلانە و سپیدە دەکات، بەڵام بێجگە لە قسەکانى میناى چکۆلانە هیچیتر  لە سپیدە تێناگات.

لە دڵى خۆیدا دەڵێ: میناى چکۆلانە ڕۆحى سپییە زمانى باڵندە و ئاژەڵ دەزانێت ئەوانیش لە زمانى میناى چکۆلانە دەگەن.

سپیدە بە میناى چکۆلانە دەڵێ: میناى چکۆلانەى خۆشەویست من دەبێت ماڵئاواییت لێبکەم من دەبێت بڕۆم ئەزیزم، ئێستا من دڵنیام لە تۆ کە لە باوەشى خێزانێکى زۆر  میهرەباندایت بۆیە لە ژیانت ناترسم دڵنیام هەرئیمڕۆ پێش خۆرئاوابوون تۆ دەگەیتەوە ناو باوەشى دایک و باوکت. منیش و مام ورچ و ڕێوى و هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانى ترى دارستان دڵخۆشین کە تۆ نەکەوتیتە دەست یاخى دڕندە و ژیانت لە کیس نەدا. بۆیە هیوام وایە کە لەبیرمان نەکەیت.

میناى چکۆلانە چاوەکانى پڕ دەبن لە فرمێسک و دەڵێ: سپیدە ئەى بۆ نایەیت لەگەڵ من بۆ ماڵى ئێمە پێکەوە بژین؟ دڵنیابە زۆر  ئاسوودە دەبین پێکەوە وە باوکیشم زۆرى خۆشدەوێت چونکە منت ڕزگارکردووە.

سپیدە دەڵێ: نا  میناى چکۆلانە گیان ژیانى من لە دارستاندایە نەگ لە ماڵێکدا، من پێویستم بە ئازادى هەیە نەگ بەندى نێوان چوار دیواربم. پاشان هاوڕێکانم پێویستیان پێمە. مام ورچ و ڕێوى ئێستا هەرچاوەڕوانى منن بگەڕێمەوە هەواڵى تۆیان پێبگەیەنم ناکرێت هەروا ئاسان بەجێیان بهێڵم ئەوسا ئەم کارەى من دەبێتە خۆ پەرستى و بێ  بەقایى " بێ وەفایى".

سپیدە خۆى لە باوەشى میناى چکۆلانە هەڵدەسوێت و دەڵێ: هەتا هیچ کەسێک لە ئاواییدا لە خەو هەڵنەستاوە من دەبێت بڕۆم بەڵام تۆ دەبێت بەڵێن بدەیت کە سەردانمان بکەیتەوە.

میناى چکۆلانە دەڵێ: بەڵێن بێت بەڵێنى مرۆڤایەتى کە دێمەوە لاتان.

سپیدە بەرەو ناودەرگاى حەوشەکە دەڕوات و میناى چکۆلانەش دەستى بەسەر پشتییەوەیەتى، میناى چکۆلانە دەرگاى حەوشەکە دەکاتەوە لەبەردەمى دەرگاکەدا باوەش بە سپیدەدا دەکات و سپیدەش دەستدەکات بە لێسانەوەى ڕوومەتەکانى.

لەم کاتەدا ڕۆشناى حەوت ساڵانە لە جێگاکەى دێتە دەرەوە و دەچێتە ژوورەکەى دایک و باوکى لەخەو هەڵیاندەستێنێت و دەڵێ: هەستن هەستن میناى چکۆلانە ماڵئاوایى لە سپیدە دەکات. دایک و باوکى بەخێرایى هەڵدەستن لەناوجێگاکەیاندا دێنە دەرەوە لە بەرپەنجەرەى موبەقەکەیاندا تەماشاى سپیدە و میناى چکۆلانە دەکەن کە باوەشیان بە یەکدا کردووە.

دکتۆر ئازاد دەڵێ: تەماشاى ئەم میهرە تەماشاى ئەم دڵە گەورەیە، میناى چکۆلانە ڕۆحى سپییە.

ڕۆشنای حەوت ساڵانە دەڵێ: بابە بابە سپیدە هاتە ژوورەکەمانەوە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مینای چکۆلانە قسەی دەکرد، بەڵام من هیچ تێنەگەیشتم لە قسەکانی تەنها قسەکانی مینای چکۆلانە نەبێت.

خاتوو پاکیزە دەڵێ: کەواتە بۆیە مینای چکۆلانە دوێنێ شەو پێیگووتم کە دەرگاکە دانەخەم دەیزانی کە سپیدە دێتەلای.

سپیدە باوەشی مینای چکۆلانە بەرئەدات و هەتا توانای هەبێت ڕادەکات بەرە و بەرزاییەکە، مینای چکۆلانە هۆن هۆن فرمێسک لە چاوەکانی دێتەخوارەوە و دەڵێ: بە نیازی دیدار هاوڕێی دڵسۆزم بە نیازی دیدار.

سپیدە دەگاتە سەربەرزاییەکە و بۆ چەند چرکەیەک ڕادەوەستێت و تەماشای مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: مینای چکۆلانە تۆ ڕۆحت سپییە تۆ دوارۆژی ئەم ژیانەیت.

ئەوسا سپیدە ئەیداتەوە ڕاکردن و بە هەورازەکەدا شۆڕ دەبێتەوە لە دوورەوە مام ورچ و ڕێوی کە هێشتا هەر لە دەشتاییەکەدان و چاوەڕوانی گەڕانەوەی سپیدە دەکەن لە خۆشیاندا هەڵدەپەڕن و سەما دەکەن و بەرەو لای سپیدە دەستدەکەن بە ڕاکردن.

مینای چکۆلانەش لە بەردەرگاکەدا کە ئیتر بەژنی سپیدەی لێدیارنامێنێت دەگەڕێتەوە بۆ ژووری کە تەماشا دەکات دکتۆر ئازاد و خاتوو پاکیزە و ڕۆشنای حەوت ساڵانە لە ناودەرگای هۆڵەکەدا چاوەڕوانی مینای چکۆلانە دەکەن، مینای چکۆلانە ڕادەکات بۆلایان و باوەشیان پێدا دەکات و دەڵێ: سووپاس بۆ تۆ دکتۆر ئازاد کە ژیانی هاوڕێکەمت ڕزگارکرد.

دکتۆر ئازاد ماچێکی سەری مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: سپیدە ئێستا لە جاران بە تواناترە.

کۆتایی

1306.03

# "مینا"ی چکۆلانه

## بەشی دووهەم

## چیرۆک بۆ منداڵان

**نووسینی: پۆلا سەعید**

جۆزەردان و پووشپەڕی
2005

# I

ساڵ لە وەرزی زستاندایە و تەواوی شەقام و کۆڵانەکانی شار بە گەڵای وەریووی درەختەکان و بەفر داپۆشراون، کزەیەکی سارد سەری گوێی ڕێبوارەکانی سەررێگا ئەتەزێنێت و ساڵ بەرەو ئەوە دەڕوات بە کۆکە کۆک پاڵتۆی زستانە لەبەر بکات. ئێستانێ زیاد لە ساڵێک بەسەر ڕووداوەکەی مینای چکۆلانەدا تێپەڕیوە، مینای چکۆلانە بە دەنگەدەنگێکەوە لەماڵ دێتەدەرەوە، مارییای خوشکی بە قیژەیەکەوە بە دوایدا دێت، مینا لە چەقی کۆڵانەکەیاندا ڕادەوەستێت و بە ماریا دەڵێ:

بۆ کوێ دوام دەکەوییت؟
تۆزقاڵێک چییە لێم ناگەڕێییت
ئاوا بڕوات بەم نزیکانە تۆشمان لێ هەڵئەکەوییت،

مارییا لە مینا دێتەپێشەوە و بە تووڕەییەکەوە چاو دەبڕێتە چاوەکانی مینای چکۆلانە و دەڵێ:

منیش هێندەی تۆ تەمنمە
منیش وەک تۆ جیهانی منداڵ
ئاواتی ژیینمە،
من و تۆ دوانەی یەک سکین
دوو جەستەی جیاواز
دوو کەللەی پڕ جۆش
یەک دڵ و هەستین،

مارییا زیاتر لە مینانی چکۆلانە دێتە پێشەوە و بەردەوامیی بە قسەکانی ئەدات و دەڵێ: هەر منم هەموو شتێکت بۆ پینە دەکەم تۆ تەنانەت دوو دانە مانگ نەت هێشت دایکم بتشوات هەتا برینەکەی سەر شانت ئاشکرا نەکەیت.

مینا بە تووڕەییەکەوە وەڵامی مارییا ئەداتەوە و دەڵێ: برینەکەم هێندە قورس نەبوو هەتا نیشانی دایکمی بدەم. من تەنانەت نەم هێشت پاکیزەخانیش بمشوات هەتا شانم نەبینێت و بە دکتۆر ئازاد بڵێ. من ئەو برینەم خۆشدەوێت، ئەو برینە تاکە یادگارێکە شوێنەواری خۆی لە مێژووی ئەو ڕووداوەدا بەجێهێشتووە. من منداڵێکم و ساڵ لە دوای ساڵ باڵا دەکەم، ترسم لەوە هەیە ڕۆژێک دابێت هەرهیچ لە بیرمدا نەمێنێت، کە لە ژیانی مندا ڕووداوێکی وەها سەرنجڕاکێش هەبووە. تکایە وازم لێبێنە با بەم برینەوە گەورەببم.

مارییا کە گوێی لەم قسانەی مینای چکۆلانە دەبێت، زۆر پەشیمانیی نیشان ئەدات و باوەش بە مینای چکۆلانەدا دەکات و داوای لێبووردن لە مینای چکۆلانە دەکات، کە ئەم چەند کاتژمێرە بەوشێوەیە شاڵاوی بۆ هێناوە. مینای چکۆلانە توند مارییا دەگرێتە باوەش و دەڵێ: من داوای

لێبووردن دەکەم ئەگەر من پێشتر ئەم شتانەم پێ بگووتیتایە ئەوا ئەم پیاداهەڵچوونەمان بۆ دروست نەدەبوو. ئێستاش، کە دەبینم بەمشێوەیە لێم تێدەگەیت بۆت هەیە لەگەڵم بێیت، من ئەڕۆم پیاسەیەک دەکەم و لەگەڵ هەنگاوەکانمدا بیر لە سپییدە دەکەمەوە. ئاخۆ دەبێت بەم زستانی ساڵە ئێستا لە کوێ بێت؟ ئاخۆ بڵێی برینەکانی سارێژ بووبێت، ئاخۆ یاخیی و یاوەرەکانی ئێستا هەر بەدوای سپییدەوەن هەتا ئازاری پێبگەیەنن؟

مارییا گەلێک دڵخۆش دەبێت بە ڕازی بوونی مینا بۆ پیاسەکردن لەگەڵیدا، هەردووک بە جووت بە تەنیشت یەکەوە دەست دەکەنە گیرفانی پاڵتۆکانیانەوە و دەکەونە ڕێگا. زستانێکی ساردە سەرڕێگا و کۆڵانەکان بە بەفری مانگی ڕێبەندان داپۆشراون، مینا و مارییا جوان خۆیان پێچاوەتەوە و جلکی گەرمیان لەبەرکردووە. مینا وردە وردە ڕووخساری بە "با"ی ساردی زستان سوورهەڵدەگەڕێت. مارییا کڵاوێکی خوریی لەسەرکردووە و هەتا گوێچەکەکانی داپۆشیوە، کە بە ڕێگادا دەڕوات سەردادەخات هەتا ئەو "با" ساردە نەیدات لە دەموچاوی. مارییا تەماشایەکی مینا دەکات و دەڵێ:

مینا خوشکی شیرینم
تۆی ئاوات و خۆشیی ژینم،
پێت وایە بە دیداری سپییدە شاد ببیتەوە
جارێکی دی لە بێشەی دڵتا جێگەی بکەیتەوە؟
ئاخۆ بەم سەرما و سۆڵەیە
کێ داڵدەی ئەو کلۆڵەیە؟
گورگەکان حاشا لە بوونی دەکەن
لە دارستان دەربەدەری دەکەن،

مینا بە خەمبارییەکەوە وەڵامی مارییا دەداتەوە دەڵێ:

سپییدە کچی دارستانە
کچی تەنگانە و کچی داستانە،
مام ورچ و ڕێوی قەت جێیناهێڵن
هەموو پێکەوە هەر بۆ یەک مەبەست
هەنگاوی ژیان هەڵدێنن،

لەناکاودا لە کۆڵانێکی تەسکی بەردەمیانەوە منداڵێک بە خۆی و پاسکیلێکەوە بە خێرایی دێتە دەرەوە و ئەکەوێت بەسەر مینا و مارییا دا قیژە قیژی مینا و ماریا و هاواری منداڵەکە تێکەڵ دەبن. لە دواوە سەگەکەی منداڵەکە بە وەڕە وەڕ دەگاتە لایان و بە بەردەوامیی بە مینا و مارییا دەوەڕێت. مینا لە منداڵەکە تووڕە دەبێت و دەڵێ: ئەو سەگە بێدەنگ بکە هەتا هەراسان نەبووم. منداڵەکە تەماشای سەگەکەی دەکات و دەڵێ:

بۆبیی بەسە بێدەنگبە
لەگەڵ ئەم کچانەدا
هاوڕێیەکی ئارام بە،

منداڵەکە هەڵدەستێتەوە و پاسکیلەکەی هەڵدەگرێتەوە و داوای لێبووردن لە مینا و مارییا دەکات.
مارییا بە توورەییەوە دەڵێ:

شێت بوویت
سەرت لێتێکچووە
بەم کزە تەزیوە
خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

مینا چەپۆکێک ئەکێشێت بە شانی منداڵەکەدا و دەڵێ:

خۆم هێندە ئاسوودە نیم
ئازارم پێبگەیەنیت
بەدەم کزەی ڕۆژەوە
زریکەم لێ هەڵبستێنیت،

سەگەکەی منداڵەکە لە مینا دێتە پێشەوە و دەستدەکات بە وەڕیین، وەک ئەوەی ڕازیی نەبێت مینا بچێت بەگژ منداڵەکەدا و چەپۆکی پێدا بکێشێت.
منداڵەکە دەڵێ:

بۆبیی گیان ئارامت بێ
ئەم کچە چکۆلانەیە هەقێتی
لێم توورە ببێ،
ئازارم پێگەیاندووە
لەم نیوەی ڕێگایەدا بیرکردنەوەم بچڕاندووە،

بۆبیی ئارام دەبێتەوە و کلکێکی بۆ دەجووڵێنێت و دەڕواتە دواوە. منداڵەکە دەستی تەوقە بۆ مینا ڕادەکێشێت و دەڵێ: تکایە ببوورە، من ناوم "ئەژیی"یە بە ئەژیی گوڵ ناسراوم.
مینا دەستی تەوقەی ئەژیی دەگووشێت و دەڵێ: منیش "مینا"م بە مینای چکۆلانە ناوبراوم،
مارییا دەستی تەوقە بۆ ئەژیی درێژ دەکات و دەڵێ: منیش مارییام هیچ کەس تا ئێستا ناوێکی تری لێ نەناوم، من و مینا خوشکین دوو خوشکی دوانە. خوشک و برایەکی تری لە خۆمان بچکۆلەتریشمان هەیە.
ئەژیی بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ:

دوو خوشکی دوانە
بوونتان بۆ باخچەی منداڵان جوانە،
هەرچەندە لەیەکتریی ناچن
بەڵام بۆ من جێگەی ڕازن
هاوڕێیەتییتان لەگەڵ یەک زۆر نزییکە
دڵنیام دایە و بابە پێتانەوە زۆر خەریکە،

مینا تەماشایەکی ئەژیی دەکات و دەڵێ:

هـــــــــــــــــــــــــــم چەند چکۆلەیت هەن قسە زلیت

بــــڕۆ بەلای کارتەوە چاکترە بەرۆکمــــــــــــــــان نەگریت،
ئەژیی بە شڵەژاوییەوە لە مینا و مارییا دەڕوانێت و دەڵێ:
بۆ کوێ دەچن بمبەن لەگەڵ خۆتان
بەڵێن بێت ببم بە ڕێبەر بە چەتری سەرتان،
مارییا تەماشایەکی ئەژیی دەکات و دەڵێ:
بەڵێنمان هیچ شوێنێک نییە
گەر تۆ یارییەک شک دەبەیت
ئێمەش لارییمان لێی نییە،
بەم ڕۆژە سارد و سەرمایە
وادەی کڵاو کڵاوێنە
لەبەر ئاگردانی گەرمدا ساتی واغێن و هەڵماقۆیە،
ئەژیی، کە گوێی لەم قسانەی مارییا دەبێت، تف لە قوڕگیدا وشک دەبێت و خێرا دەڵێ:
بمبوورن من دەبێت بڕۆم
حەمامەمان داخستووە دەبێت کەمێکی دی خۆم بشۆم،
ئەژیی بانگێک لە بۆبیی دەکات و بە یەک دوو پایەدەر خێرا بۆی دەردەچێت و لەچاوان ون دەبێت. ئینجا مارییا و مینای چکۆلانە ئەیدەنە قاقای پێکەنین و مینا دەستێک بۆ مارییا هەڵدەبڕێت و مارییاش دەستێک بەناو لەپی دەستی مارییا دەکێشێت و پێکەوە بە پێکەنینەوە دەڵێن:
کوڕان و هەڵماقۆیان نەگووتووە
ئەوان خوویان بە فڕیوە و تۆپ تۆپێنەوە گرتووە،
مینا تەماشایەکی مارییا دەکات و دەڵێ:
دەمزانیی، کە زۆرزانیت
بەڵام دڵنیا نەبووم وا ڕێویانە
سەر لە کوڕان بشێوێنیت،
مارییا بە خەندەیەکەوە دەڵێ:
مەگەر خوشکی تۆ نەبم
لەگەڵ تۆدا لەدایک نەبووبم
ئەگەر ئەلفێک فێربووبیت
من "بێ"ت بووم
لەسەر ڕێگای قووتابخانەت
هەنگاوەکانی ڕێگات بووم،

مینا هەر بەڕێگاوە باوەشێک دەکات بە مارییای خوشکی دا و دەڵێ:
ئیدی قەت لێت بێزار نابم

له گلێنەکانما هەڵتدەگرم،
مارییا خوشکی شیرینیم
من خۆشیی ئەم ژیانە
له بوونی تۆدا دەبینم،

پاش کەمێک ڕۆیشتن مینا و مارییا دەگەنە بن بناری شاخی گۆیژە، مینا هەرئەوەندەی تەماشایەکی دارستانەکەی گۆیژە دەکات خورپەیەک بە دڵیدا دێت و دەستەکانی بە دەمییەوە دەگرێت و چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک.

مارییای خوشکی بە ترسەوە لە مینا نزییک دەبێتەوە و دەڵێ:

مینا مینا گیانەکەم
خوشکە ژیکەڵانەکەم،
چییە بۆ وا دڵت تەنگ بوو
بەم بناری شاخەوە
کێ میوانی چاوانت بوو؟

مینا هەناسەی تەنگبووە و دەڵێ:

گویم لە دەنگی هەناسەدانیەتی
بۆنی ئارەقەی گەردنی دەکەم
هۆش و ڕۆح و دڵ و گیانم
ئێستانێ لایەتی،

مارییا هەر بە پەشۆکاوییەوە دەڵێ:

مینا کێت دی؟
کام ئاژەڵ بە بەرچاوانتا تێپەڕیی؟
کام باڵندە کام کۆتر بە سامالّی چوانتا
هەڵفڕیی؟

مینا بێگوێپێدان بە ڕاکردن خۆی دەکات بە بناری گۆیژەدا و دەچێتە ناوسنەوبەرەکانەوە. مارییا بە ڕاکردن بە دوایدا و هاوار هاوار مینـــــــــــــــــــا مینـــــــــــــــــــا ڕاوەستە بۆ کوێ دەچیت؟

مینا هیچ وەڵام ناداتەوە و هەر ڕادەکاتە ناودارستانەکەوە، دەمێک بە گریان دەمێک بە خەندەوە بەدەمخۆیەوە دەڵێ: سپییدە سپییدە. هەتا خێراتریش ڕابکات زیاتر هەستەکانی بۆ سپییدە نزییکدەبێتەوە. بە چڕیی دارستانەکەدا هەڵدەزنێت و بەنێو لق و چڵە درەختە بەفراوییەکاندا تێدەپەڕێت و قاچەکانی هەتا نیوەی ئەژنۆی دەچێتە بەفری دارستانەکەوە، لە چڕییەکدا هێندە نابات "بۆبیی" سەگەکەی ئەژیی گوڵ وەڕە وەڕ بەگژ میناداا دەچێت، مینا بە داچڵەکینێکەوە هاوارێکی لێبەرزدەبێتەوە و هاوار بۆ ئەژیی گوڵ دەکات و دەڵێ: ئەژیی گـــــــــــــــــوڵ:

ئەژیی گوێی لە دەنگی مینا دەبێت و خێرا ڕادەکات بەدەم دەنگەکەوە و هاوار بۆ بۆبیی دەکات. پاش کەمێک بە هەڵەداوان ئەژیی گوڵ دەگاتە لای بۆبیی و مینا و دەڵێ: مینا، ئەوە چیدەکەیت لێرە؟

مینا دیسانەوە بە تووڕەییەوە دەڵێ: بۆبیی بێدەنگ بکە.

ئەژیی گوڵ لە بۆبیی تووڕە دەبێت و بۆبیی بێدەنگ دەبێت. لە خوارەوە مارییا دەردەکەوێت و هاوار دەکات: مینا ئەژیی گوڵ.

مینا هەر تەماشای بەرزاییەکانی گۆیژە و چڕیی دارستانەکە دەکات و هیچ ناڵێت.

ئەژیی گوڵ دیسانەوە پرسیار لە مینا دەکاتوە چییدەکەیت لێرە؟

مینا وەڵام ناداتەوە و بە ئەژیی گوڵ دەڵێ: شارەزای ئەم دارستانەیت؟

ئەژیی دەڵێ: بەڵێ بەڵام تۆ نەتگووت تۆ چییدەکەیت لێرە؟!

مینا بە تووڕەییەوە من لە تۆ ناپرسم تۆ چییدەکەیت لێرە، پێتدەڵێم شارەزایی ئێرەیت؟ ئیر بەسە هەرچییەک دەکەم لێرە تۆ هەقت نییە.

ئەژیی گوڵ بەتووڕەییەوە دەڵێ: من هەموو ڕۆژێک لەگەڵ بۆبیی دێمە ئێرە، بەڵام ئیمڕۆ زیاتر بۆبیی منی ڕاپێچکرد ، وەک ئەوەی شتێکی هەست پێکردبێت یان بۆنکردبێت. منیش ڕامکرد بە دوایدا، بەڵام من لە دوورەوە ئەو لقە درەختانەم دەدی، کە بەفریان لێدەکەوتەخوارەوە، دیاربوو شتێک بە ژێریادا ڕایدەکرد بۆیە بەفری لێبەردەبۆوە. کاتێکیش بۆبیی گەیشتە ئێرە دیاربوو ئەو شتە لێرە نەمابوو، لەکاتێکیشدا بۆبیی بە بۆن بۆی دەگەڕا تۆ دەرکەوتیت و ئیتر بۆبییش لە گەڕان کەوت.

مینا هەر ڕادەکات بەرەو پێشەوە و هیچ گوێ بە ئەژیی گوڵ و مارییا نادات. مارییا و ئەژیی گوڵ و بۆبیی دوای مینا دەکەون، دەگەنە نزیکەی کەمێک لە بەرزایی گۆیژە و ئیدی ئەوسا ئەژیی گوڵ و مارییا هاوار لە مینا دەکەن و دەڵێن: بەسە ئیتر بۆ کوێمان دەبەیت، مینا گیان ڕابوەستە ئیتر مەڕۆ.

مینا ئاوڕێکیان بۆ دەداتەوە و وەک ئەوەی کەس قسەی لەگەڵ نەکردبێت وابوو، تەماشایەکی خوارەوە بۆ لای ئەژیی گوڵ و مارییا دەکات و دەڵێ: خێراکەن وەرن لێرەوە سلێمانیی زۆر جوانە. بۆبیی دەگاتە لای مینا و سەرێک بە قاچی مینادا دەهێنێت و مینا تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: ها چییە دەڵێی دەتەوێت ببیە هاوڕێم؟

بۆبیی تەماشایەکی مینای چکۆلانە دەکات و چەند جارێک دەوەڕێت و کلکی بۆ دەلەقێنێت.

مینا بە پێکەنینێکەوە سەربۆ بۆبیی دادەنەوێنێت و ماچێکی دەکات و دەڵێ: بۆبیی تۆ بینیت وا نا، ڕاست بڵێ تۆ دیت؟

بۆبیی تەماشایەکی مینا دەکات و دەوەڕێت.

ئەژیی گوڵ دەگاتە لای مینا و دەڵێ: مینا بۆبیی چیی دی؟

مینا دەمی تەتەڵە و پەتەڵە دەکات و دەڵێ: هیــــــــــــــــچ، دەست درێژ دەکات بۆ شاری سلێمانیی و دەڵێ: مەبەستم لە شاری سلێمانییە، کە چەند جوانە، بۆبیش تەماشای دەکات.

ئەژیی گوڵ دەڵێ: ئەها وایە جوانە. من لەگەڵ دایک و باوکم زۆر دێین بۆ تەماشای شار، بەڵام ئێمە بە ئۆتۆمبیل دەچینە سەرەوە لەوێوە جوانتر دیارە.

مارییا دەگاتە لایان و ڕاستەوخۆ لەسەر بەفرەکە ڕادەکشێت و دەڵێ: ئەی دایە گیان مردم.

بۆبیی تەماشایەکی مارییا دەکات و بە وەڕیین دەڕوات بۆلای و دەموچاوی دەلێسێتەوە.

سپییدە لە دوورەوە بە بەرزاییەکەوە ڕووەو قرگە، کە دەڕوانێت بەسەر شاری سلێمانیی دا، تەماشای مینای چکۆلانە دەکات و چاوەکانی هەم غەمبار هەم دڵخۆش دێتەبەرچاو لە جێگای خۆیەوە ئۆقرەی لەبەر بڕاوە و بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بەردەوامیش تەماشای مینای چکۆلانە دەکات. لەناکاو ئارامی لەبەرهەڵدەگیرێت و لمۆزی دەکاتە ئاسمان و دەست دەکات بە لوورەکردن، وەک ئەوەی بیەوێت هەواڵی نزیکیی خۆی بە مینای چکۆلانە بگەیەنێت. هەرکە مینای چکۆلانە گوێی لە دەنگی سپییدە دەبێت ڕاستەوخۆ هەرچی مووی گیانی هەیە بەرزدەبێتەوە و بۆبیی دەستدەکات بە وەڕیین و هەراسان دەبێت. ئیدی بەشێوەیەک ئەژیی گوڵ و مارییا ترس دایاندەگرێت و لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە. مینای چکۆلانە ئاوڕێک دەداتەوە و تەماشای بەرزاییەکان دەکات و دەڵێ: خۆم زانیم دڵم هەواڵی دابوومێ.

ئەژیی گوڵ بە سەرسوورمانێک و ترسێکەوە بە مینای چکۆلانە دەڵێت: چیت زانیبوو؟ دڵت هەواڵی چیی پێدابوویت؟

مینای چکۆلانە بەرەو سەرکەوتن بە شاخی گۆیژەدا ملی ڕێگا دەگرێت و هاوار دەکات سپییدە سپـــــــــــــــــــــــییدە سپییـــــــــــــــــــــــــــــــــدە.

بۆبیی بەدوای مینای چکۆلانەدا ڕادەکات و بەردەوام دەوەڕێت. مینای چکۆلانە توانای لەبەردەبڕێت بە شاخەکەدا سەرکەوێت لەبەر زۆریی بەفر بە شاخەکەوە. دەچێتە سەرسنگی گابەردێک و تەماشای ئەو شوێنە دەکات، کە دەنگەکەی لێوە هات. کە دەبینی سپییدە چنگ لەسەرشان بەرەو قرگە ڕادەکات و مام ورچ و زەردەی ڕێوی بەدوایدا ڕادەکەن. بە بەرزاییەکانی گۆیژەوە چەند سەربازێکی فەرماندەیی دەست بۆ سپییدە و مام ورچ و ڕێویی ڕادەکێشن و دەستدەکەن بە تەقەکردن لێیان. مینای چکۆلانە لە خوارەوە هاوار لە سەربازەکان دەکات و دەڵێ: نـــــــــــــا تەقە مەکەن خاڵە گیان تەقە مەکەن. مینای چکۆلانە لە حەسرەت سپییدە و هاوڕێکانی بە بەرزاییەکەوە بەردەبێتەوە و بە تل دەکەوێتە خوارەوە. لەسەرەوە خەڵکانێک، کە بۆ شەڕە بەفر هاتوون چاویان لە مینای چکۆلانەیە، کە بەرەوخوار تل دەبێتەوە، هاوار لە سەربازەکان دەکەن و هەموو پێکەوە بە شاخەکەدا دێنە خوارەوە بۆ ڕزگارکردنی مینای چکۆلانە. ئەژیی گوڵ و مارییا بە هاوار هاوار و بۆبیی بە وەڕیین ڕادەکەنە خوارەوە بۆ لای مینای چکۆلانە. مینای چکۆلانە سەری ئەیدات بە سنەوبەرێکدا و لەهۆش خۆی دەچێت. مارییا و ئەژیی گوڵ و بۆبیی دەگەنە سەری و بە هاوار هاوارەوە بانگی مینای چکۆلانە دەکەن، مینای چکۆلانە هیچ وەڵامیان ناداتەوە. بە گریانەوە ئاوڕدەدەنەوە بۆ سەربازەکان و دەڵێن: خاڵە گیان خاڵە فریامانکەوە. سەربازەکان دەگەنە لای مینای چکۆلانە و دەست لە دەمووچاویەوە ئەدەن و دەست دەخەنە سەرملی و یەکێکیان بە مارییا و ئەژیی گوڵ دەڵێت: مەترسن تەنها لەهۆش خۆی چووە هیچ نییە. سەربازەکان بانگی مینا دەکەن و نەرم نەرم زللە

له ڕوومەتەکانی میناى چکۆلانە دەدەن. له دواوه چەند کوڕ و کچێکی گەنجی تر دێن بۆ لای میناى چکۆلانە و دەڵێن: خۆ خوانەخواستە زیانی پێنەگەیشتووە؟

یەکێک له سەربازەکان دەڵێ: نا خۆشبەختانە تەنها له هۆش خۆی چووە، له تەقەکانی ئێمە ترسا.

یەکێک له کچەکان دەڵێ: جا تەقە مەکەن و دڵی منداڵی ئەم خەڵکەش مەهێننە مەترسییەوە.

سەربازەکان تەماشایەکی کچەکان دەکەن و تەریق دەبنەوە و دەڵێن: ڕاستدەکەن بمانبوورن.

یەکێک له کچەکان دەستدەکات بە گیرفانی پاڵتۆکەیدا و بۆنێکی بچکۆلانە دەردێنێت و دەڵێ: کەمێک لەم بۆنە بدەن له بەرلووتی، ئێستا دێتەوە هۆشی خۆی.

سەربازەکە بۆنەکە له کچەکە وەردەگرێت و کەمێک بۆن دەخاتە بەرلووتی میناى چکۆلانە و میناى چکۆلانە ڕاستەوخۆ بەهۆش خۆی دێتەوە و تەماشا دەکات هەرچواردەوری بە کوڕ و کچی گەنج و سەرباز گیراوە. سەرەتا تووشی سەرسووڕمان دەبێت و پاشان یادی دێتەوە چیی ڕوویداوە و بە گورژمێک هەڵدەستێتە سەرقنگ و دەکەوێتە چەپۆکانی سەربازەکان و دەڵێ: ئێــــــــــــــوە هەرخەیکی تەقەکردنن ئێــــــــــــــوەی سەرباز و ڕاوچیی.

سەربازێکیان بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: ڕاوچیی؟

یەکێک له کچەکان بە تووڕەییەوە تەماشای سەربازەکان دەکات و دەڵێ: ڕاوکردن قەدەغەیە، ئەگەر ئێوە ڕاوبکەن دەبێت خەڵکیی تر چیبکەن.

سەربازەکان دەمیان تەتەڵە دەکات و دەڵێن: نا دادە گیان ڕاومان نەکردووە، بەڵام ورچێک و گورگێک نزیکی شارببوونەوە، ئێمەش لەبەر پاراستنی گیانی ئەم منداڵانە تەقەمان بەسەردا کردن.

یەکێک له کوڕە گەنجەکان دەڵێ: بابە گیان ورچی چیی و گورگی چیی، ئەو جۆرە ئاژەڵانە بوونیان له کوردستان دا نەماوە. چەقەڵ و ڕێویی بڵێی ئا. بەڵام ورچ و گورگ، شتێکی مەحاڵە.

سەربازەکان دەڵێن: بە زاتی خوا بە چاوی خۆمان بینیمانن، ورچێکی قاوەیی و گورگێکی سپیی.

لەم بەینەدا و دیسانەوە له دوورەوە سپییدە و مام ورچ و ڕێوی دەڕواننە کۆمەڵەکە هەتا دڵنیابن له بێوەیی میناى چکۆلانە. مام ورچ ڕوودەکاتە سپییدە و دەڵێ: تۆ سەرمان بە گۆمێکدا دەکەیت، ئاخر ئەم مرۆڤانە لێمان دەترسن ناهەقیان نییە تەقەمان لێدەکەن.

لەملاوە میناى چکۆلانە و سەربازەکان و کچ و کوڕانی گوێژە دەمەدەمێیانە و لەناکاو "بۆبیی" لوتی دەکاتە ئاسمان و لوورەیەکی درێژ دەکات. ئیدی هەموو پێکرا بێدەنگ دەبن و سەریان له لوورەکەی بۆبیی دەسووڕمێت. پاش کەمێک له دوورەوە سپییدە وەڵامی بۆبیی دەداتەوە و دەنگی سپییدە دەگاتە گوێی هەمووان و ئیدی هەموو پێکەوە واقیان دەوڕمێت و بێدەنگییەک دروست دەبێت و تەماشای یەکدیی دەکەن و هەموو پێکەوە دەیدەنە قاقای پێکەنین و سەربازەکان دەڵێن: خۆ گوێتان لێیە ئەها ئەها خۆ گوێتان لێیە. ئێمە ڕاستمانکرد.

میناى چکۆلانە دیسانەوە چەپۆکێک دەکێشێت بە سەربازەکەدا و دەڵێ: بەڵام ئەوانە هاوڕێی منن، زیان بە کەس ناگەیەنن، تۆ ئەوانت ترساند و ئێستا خراپ بیر لە ئێمەی مرۆڤ دەکەنەوە.
سەربازێکیان دەڵێ: کچە بچکۆل گیان تۆ زۆر تەماشای فیلمی کارتۆن دەکەیت بەساقە. ئەوان کێویلەن هاوڕیی چیی.
میناى چکۆلانە دیسانەوە بە تووڕەییەوە دەڵێ: من ناوم میناى چکۆلانەیە، ئەوانەش هاوڕێی منن هاتوون بۆ سەردانی من.
کچان و کوڕان بە قسەکانی میناى چکۆلانە دەحەپەسێن و دەڵێن: کاکە گیان کات وا ئێوارەیە باشترە ئەم منداڵانە بەرینەوە بۆ ماڵەوە.
سەربازەکان بە میناى چکۆلانە دەڵێن ماڵتان لە کوێیە؟
میناى چکۆلانە دەڵێت لە هەوارەبەرزە نزییکین لێرەوە خۆمان دەڕۆینەوە.
سەربازەکان دەڵێن باشە دەی بەساقە بڕۆن هەتا درەنگ نەبووە و بەفری تریش نەباریوە.
میناى چکۆلانە و ئەژیی گوڵ و مارییا کۆمەڵەکە بەجێدەهێڵن و بەرەوخوار دەبنەوە، و کۆمەڵەکەش بڵاوەی لێدەکەن.
میناى چکۆلانە هەموو گیانی پێدەکەنێت لە خۆشییاندا و تەماشای مارییای خوشکی دەکات و دەڵێ:

مارییا گیان دڵم زۆر خۆشە
بەقەد کوانووی ماڵێک
دەروونم پڕ لە جۆشە،

مارییا باوەش بە میناى چکۆلانەی خوشکیدا دەکات و دەڵێ:

قوربانیی دڵخۆشییت بم
وەک جوانیی سپییدە
بە قاقا و پێکەنیینی ڕۆژانەت بم،

ئەژیی گوڵ ڕادەکاتە بەردەمی مینا و بەدەم ڕۆیشتنەوە دەڕوانێتە میناى چکۆلانە و دەڵێ:

واو میناى چکۆلانە
دەروونت بۆتە کولانەی
ئاژەڵی ئەو کێوانە،
هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد
لە قوڵیی دارستانەوە
ورچ و گورگ و ڕێوییەک
بۆ دیدەنییت شاخی گۆیژە بکەن بە پرد،

مینا چاوەکانی گەش گەش بوونەتەوە، ڕوومەتەکانی بوونەتە سێوە لاسوورەی وڵات، مارییاش دێتە بەردەمی میناى چکۆلانە و بە پێکەنینەوە تەماشای میناى چکۆلانە دەکات و دەڵێ:

ئەو کیژۆڵەیەی دەروونی کولانەی
باڵندە و ئاژەڵە

خوشکی منه،
ئەژیی گوڵ دیسانەوە بەدەم ڕێگاوە دێتە بەردەمی مینای چکۆلانە و دەڵێ:
ئەو کیژۆڵەیەی ڕۆحی سپییە
وەک جوانیی سپییدە
هاوڕێی منە،
ئینجا هەرسێکیان دەستدەخەنە سەرشانی یەکتر و بە دەنگی بەرز بەدەم ڕێگاوە دەڵێن:
هەمووومان هاوڕێی مام ورچ و سپییدە و ڕێوییین
لەگەڵ ئەوان دا بەختەوەرین
لەگەڵ ئەوان دا کێوییین،
بۆبیی سەگەکەی ئەژیی گوڵ بە وەڕیین پێشیانکەوتووە و کلکەلەقەیەتی لەگەڵ دڵخۆشیی هاوڕێکانی دا.
هەموو تەماشای بۆبیی دەکەن و دەیدەنە قاقای پێکەنیین و دەڵێن:
ئای لە ژیانی دارساتان
ئای لە دەروونی ئاژەڵان
ئای لە سەما و قاوقریوەی باڵندەکان
ژیانی دارستان چەند خۆشە
بۆ ئێمەی منداڵانی شار
یەکپارچە لەجێگەی بەهەشتە،
بۆبیی دەوەڕێت و ئەمان زیاتر دڵخۆشتر دەبن و دەڵێن:
بۆبیی بۆبیی ئێسک سووک
هاوڕێی منداڵی تەمەن گەورە و بچووک
یاریی بکە ڕاکە جوڵەت بێت
بۆ بەخێرهاتنی سپییدەی گوڵ
بە دەنگی بەرز با لوورەت بێت،
لەمبەری جادەکەوە ئۆتۆمبیلێکی کۆمبیی گەورەی سپیی هۆڕنێک بۆ مینای چکۆلانە و مارییا لێدەدات. مینای چکۆلانە و مارییا و ئەژیی گوڵ ڕاستەوخۆ لە گۆرانیی گووتن دەکەون و تەماشای ئەو بەری جادەکە دەکەن بزانن کێیە هۆڕنیان بۆ لێدەدات. کە تەماشا دەکەن باوکی مینای چکۆلانەیە. مینای چکۆلانە و مارییا گەشدەبنەوە و هاوار دەکەن بابە گیان، سپییدە سپییدە هاتووە، مینای چکۆلانە لە خۆشیی ئەوەی ئەم هەواڵە زوو بە باوکی بگەیەنێت بەبێ گوێپێدان ڕاستەوخۆ لە جادەکە دەپەڕێتەوە. لەخوارەوە ئوتۆمبیلێک بەخێراییەکی زۆر دێت و دەست دەکات بە هۆڕن لێدان، هێندەی نەماوە لە مینای چکۆلانە بدات، لەمبەر و لەوبەری جادەکەوە باوکی مینا و مارییای خوشکی و ئەژیی گوڵی تازە هاوڕێی هاواری لێدەکەن مینای چکۆلانـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــە ئۆتومبیل هات ئاگات لەخۆت بێت. ئۆتومبیلەکە ئیستۆپێکی توووند دەکات، کە شیرەی تایەکانی تەواوی ئەو سەرجادەیە بە ئاگا

دێنێت. مینای چکۆلانە دەگاتە ئەوبەری جادەکە لای باوکی و ڕاستەوخۆ باوەش بە باوکی دا دەکات و دەڵێ: بمبوورە.
شۆفێری ئۆتومبیلەکەی تریش ڕادەوەستێت و لە پەنجەرەکەوە سەر دەردێنێت و دەڵێ: ئاخر بەساقە بۆ ئاگات لە خۆت نییە، خۆ خودا نەکات لێمبدایتایە دەبوایە هەتا ماون ئەو داخەم لە دڵ دەرنەچووایە.
باوکی مینای چکۆلانە دێتە قسە و دەڵێ: کاکە گیان زۆر سووپاس، کە ئیستۆپتکرد، من لەبری مینای چکۆلانەی کچم داوای لێبووردنت لێدەکەم، دیارە خەتای من بوو ڕاوەستام بانگم کردن نەگ هی کچەکەم.
مینای چکۆلانە هەستدەکات باوکی لە جیاتی ئەو خۆی تاوانبار دەکات دێتە پێشەوە و تەماشای شۆفێرەکە دەکات و دەڵێ: بمبوورە خاڵە گیان، خەتای من بوو.
شۆفێرەکە بزەیەک دەکات و دەڵێ: مادام هێندە ڕۆح سپیی و ڕۆح سووکیت دەتبوورم بەساقە، بەڵام ئیتر ئاگات لەخۆت بێت. شەوتان باش، پێ بە بەنزیین دا دەنێت و ئۆتومبیلەکە لەچاو ون دەبێت.
مارییای چکۆلانە و ئەژیی گوڵ بە وریاییەوە لە جادەکە دەپەڕنەوە ئەوبەر بۆ لای مینای چکۆلانە. ئەژیی گوڵ و مارییا باوەش بە مینای چکۆلانەدا دەکەن و دەڵێن: مینا گیان ئەوە چیتکرد بەساقە؟ خۆ هێندەی نەمابوو لێت بدات.
مینای چکۆلانە هەناسەی سواربووە و دەڵێ: من ئەو ئوتۆمبیلەم هیچ نەبینیی.
مارییا دەچێتە لای باوکی و دەڵێ: بابە گیان سڵاو چۆنیت؟
باوکی مارییا باوەش بە مارییا دا دەکات و دەڵێ: سووپاس من باشم. ئەوە ئێوە بەم دەمەو ئێوارەیە بۆ لێرەن بۆ لە ماڵەوە دوورکەوتوونەتەوە؟
لەناکاو مینای چکۆلانە بە پەلەپەل دەکەوێتە قسەکردن و دەڵێ: بابە گیان بابە، ئێمە هاتین بۆ ئێرە بۆ پیاسە وەک هەموو جار، کە دێینە ئێرە بۆ پیاسە. بەڵام ئیمرۆ دڵم هەواڵی پێدابووم، بۆنی سپییدەم دەکرد گوێم لە دەنگی بوو، کە خۆم کرد بە دارستانەکەی گوێژە دا، ئیدی تەواو دڵنیا بووم لەوەی، کە سپییدە بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتووە، سەگەکەی ئەژیی گوڵیش بۆنی کردبوو. پاش ئەوەی کەمێک زۆرتر من ڕامکردە سەرەوە بۆ سەرشاخ لە دوورەوە سپییدە و مام ورچ و ڕێوییم بینیی، ڕامکرد بۆ لایان، بەڵام لەملاوە سەربازەکانی فەرماندەیی لەسەر شاخ بوون، تەقەیان لە سپییدە و هاوڕێکانی کرد، ئەوانیش ترسان و ڕایانکرد. بابە گیان هەردەمگووت سپییدە دێتەوە بۆ لام ئەگەر هاتبێتە ناوشاریشەوە دێت، سپییدە ئازایە و لەهیچ شتێک ناترسێت. هەرزانیم دێتەوە بۆ لام.
باوکی مینای چکۆلانە تەواو حەپەساوە لەم چیرۆکەی مینای کچی، کە بۆی گێڕایەوە. باوەشێک بە مینای چکۆلانەدا دەکات و تەماشای ئەژیی گوڵ دەکات و دەڵێ: ئەدی ئەم کوڕە جوانە کێیە لەگەڵتان دا؟

ماریيا عەيارانە دێتە تەنیشت باوکیەوە و تەماشای باوکی دەکات و دەڵێ: بابە گیان ئەم کوڕە جوانە ناوی ئەژیی گوڵە ئیمڕۆ ناسیوومانە، ماڵیان هەر لە نزییک ماڵی ئێمەوەیە. ئینجا ڕوودەکاتە ئەژیی گوڵ و دەڵێ: ئەژیی گوڵ گیان ئەم پیاوە باوکمە و ناوی وشیارە.
باوکی مینای چکۆلانە و ماریيا بە خۆشییەوە دەستی تەوقە بۆ ئەژیی گوڵ درێژ دەکات و دەڵێ: خۆشحاڵم بە ناسیینت ئەژیی گوڵ.
ئەژیی گوڵ سوورهەڵدەگەڕێت و دەستی تەوقەی باوکی ماریيا دەگووشێت و دەڵێ: منیش زۆر کاک وشیار گیان.
لەملاوە بۆبیی کلکە قووتەیەتی و دەستدەکات بە وەڕیین. ماریيا قاقایەک لێدەدات و  دەست بە پشت و سەری بۆبیی دا دەهێنێت و دەڵێ: وەیس بۆبیی گیان تۆم بیرچوو بە باوکمت بناسێنم. ئینجا تەماشای باوکی دەکات و دەڵێ: بابە گیان ئەمەش بۆبییە هی ئەژیی گوڵە.
باوکی ماریيا دادەنەوێت و دەمووچاوی بۆبیی دەکاتە دەستەکانییەوە و یاریی لەگەڵ دەکات و دەڵێ: بۆبیی تۆش بەخێرهاتیت.
بۆبیی کلکێکی بۆ دەجوڵێنێت و یەک دوو جار دەوەڕێت.
باوکی ماریيا بە ئەژیی گوڵ دەڵێ: ئەژیی گوڵ، کە ماڵتان لای ماڵی ئێمەوە نزییک بێت وەرە تۆش لەگەڵمان با تۆش بگەیەنینەوە ماڵەوە.
ئەژیی گوڵ دەڵێ: ئاخر من پاسکیلێک و سەگێکیشم پێیە.
باوکی مینای چکۆلانە دەڵێ: ئەوە کێشە نییە، پاسکیلەکەت دەخەینە سندوقەکەی دواوە و سەگەکەشت لەتەنیشت خۆتەوە دابنێ. ئەژیی گوڵ و باوکی مینای چکۆلانە هەریەکەیان دەست ئەدەنە لایەکی پاسکیلەکە و دەیخەنە سندوقی ئوتۆمبیلەکەوە.
ئەژیی گوڵ بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: هێشتا جێگای خۆم و سەگەکەشم دەبێتەوە. ئوتۆمبیلەکەی باوکی من بچووکە جێگای پاسکیلی تێدا نابێتەوە.
باوکی مینای چکۆلانە تەماشایەکی ئەژیی گوڵ دەکات و دەستێک دێنێت بەسەری دا و دەڵێ: ڕۆژێک دادێت دێیتەوە ماڵەوە باوکت ئوتۆمبیلێکی گەورەی کڕیوە، ئیتر لە خەمی سندوقی بچکۆلانە ڕزگارت دەبێت. ئێستا سەرکەوە با بڕۆین هەتا درەنگی نەکردووە.
ئەژیی گوڵ خێرا لەگەڵ بۆبیی دا سەردەکەونە ئوتۆمبیلەکەوە و باوکی مینا و ماریيا پێ بە بەنزیین دا دەنێت و دەکەونە ڕێگا بۆ ماڵەوە. لە ڕێگا باوکی ماریيا و مینا لە ئەژیی گوڵ دەپرسێت ماڵتان لەکوێیە؟
ئەژیی گوڵ دەڵێ: کاک وشیار گیان ماڵمان لە پشتی فڕنی سەموونە تازەکەوەیە.
باوکی ماریيا دەڵێ: کام فڕنی سەموونە؟
ماریيا سەرێک بۆ باوکی دێنێتە پێشەوە و دەڵێ: بابە گیان ئەوەی دایکم هەموو جارێک دەچێت سەموونی لێدەکڕێت.
باوکی ماریيا سەرێکی بۆ دەلەقێنێت و دەڵێ: ئەها ئێستا دەزانم. باشە ئەژیی گوڵ گیان هەرئێستا دەگەینەوە ماڵەوەتان. پاش کەمێک دەگەنە لای فڕنەکە و مینای چکۆلانە دەست بۆ فڕنەکە ڕادەکێشێت و دەڵێ: بابە گیان ئەوە فڕنەکەیە. باوکی بە نەرمییەوە دەڵێ: دەزانم گیانی

بابە، بەڵام ئێمە دەچینە کۆڵانەکەی ئەو دیوو. پاش کەمێک ڕۆیشتن دەگەنە کۆڵانەکەیماڵی ئەژیی گوڵ و بۆبیی دەست بە وەڕیین دەکات وەک ئەوەی هەواڵیان بداتێ، کە گەیشتوونەتە ماڵەوە. ئەژیی گوڵ دەڵێ: کاک وشیار گیان ئەو ماڵەی ئەو درەختە بەرزەی تێدایە، ماڵی ئێمەیە.

باوکی مینای چکۆلانە لەبەردەمی ماڵی ئەژیی گوڵ دا ڕادەوەستێت و دادەبەزێت یارمەتیی ئەژیی گوڵ بدات لە داگرتنی پاسکیلەکەیدا. لەم بەینەدا دەرگای ماڵی ئەژیی گوڵ دەکرێتەوە و دایکی ئەژیی گوڵ دەردەکەوێت. ئەژیی گوڵ سڵاو لە دایکی دەکات و دەڵێ: دایە گیان ئەم پیاوە ناوی کاک وشیارە باوکی مینای چکۆلانە و مارییایە، ئیمڕۆ ناسیوومن. دایکی ئەژیی گوڵ بەخۆشییەوە دەستی تەوقە بۆ باوکی مارییا و مینای چکۆلانە درێژ دەکات و سڵاو لە مینای چکۆلانە و مارییای خوشکی دەکات.

مینا و مارییای خوشکی پەنجەرەکانیان دەکەنەوە و سڵاو لە دایکی ئەژیی گوڵ دەکەن.

باوکی مینای چکۆلانە دەڵێ: ببوورە خانم، من لە کار دەهاتمەوە کچەکانم و کوڕەکەتم لە ڕێگا بینی لەگەڵ خۆم هەڵمگرتن و هێنامنەوە، نەگ بەم ئێوارەیە بەپێ بڕۆن سەرمایان بێت.

دایکی ئەژیی گوڵ زۆر سووپاسی باوکی مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: دەفەرموون وەرن گەورەمان بکەن، کەمێکی تریش باوکی ئەژیی گوڵ دێتەوە، هەموو پێکەوە نانی ئێوارە دەخۆین.

باوکی مینای چکۆلانە سووپاسی دایکی ئەژیی گوڵ دەکات و دەڵێ: زۆر سووپاس  بەڵام دەبێت بڕۆین لە ماڵەوە ئەندامانی تری خێزانەکەمان چاوەڕێمان دەکەن. باوکی مینای چکۆلانە تەوقە لەگەڵ دایکی ئەژیی گوڵ دەکاتەوە و سەردەکەوێتەوە ناوئوتۆمبیلەکەی و دەست بە لێخوڕیین دەکات. بۆبیی هەتا نیوەی کۆڵان دوای ئوتۆمبیلەکە دەکەوێت و ئینجا ئەژیی گوڵ بانگی دەکاتەوە و ئەوانیش هەموویان دەڕۆنە ژوورەوە. دایکی ئەژیی گوڵ بەدەم ڕۆیشتنەوە دەستێک بەسەری ئەژیی گوڵ دا دەهێنێت و دەڵێ: ئەم خێزانە باشەت لەکوێ ناسیووە؟

ئەژیی گوڵ دەڵێ: زۆر ڕێکەوت بوو، ئیمڕۆ مینای چکۆلانە و مارییای خوشکیم ناسیی، ئێوارەش باوکیان. مینای چکۆلانە ڕۆح سپییە، دەتوانێت لەگەڵ ئاژەڵان قسە بکات و لێیان تێبگات. سپییدە و مام ورچ و ڕێوییش هاتوون بۆ سەردانی. ئەم دوانیوەڕۆیە لە گۆیژە بوون، سەربازەکانی فەرماندەیی تەقەیان لێکردن، ئەوانیش ترسان گەڕانەوە.

دایکی ئەژیی گوڵ دەڵێ: واو پێدەچێت مینای چکۆلانە زۆر بەهرەمەند بێت، پێمخۆشە کەسێکی وات ناسیوە.

ئەژیی گوڵ تەماشایەکی دایکی دەکات و دەڵێ: دایە گیان، ئەم قسانە ڕاستن، بۆچیی دەتەوێت هەروەک منداڵێک قسەم لەگەڵ بکەیت؟ ئەمانە ڕاستن سپییدە هەیە مام ورچ هەیە ڕێوی هەیە، ئەمانە هاوڕێی مینای چکۆلانەن.

دایکی ئەژیی گوڵ وەک دڵنەواییەکی کوڕەکەی باوەشێکی پێدا دەکات و دەڵێ: باوەڕت پێدەکەم ماڵەکەم ئێستا بڕۆ خێرا خۆت پابکەرەوە و تۆزێکی تر باوکت دێتەوە پێکەوە نانی ئێوارە دەخۆین.

ئەژیی گوڵ دڵنیا دەبێت لەوەی، کە دایکی باوەڕ بە قسەکانی ناکات، نیگەران دەبێت و دەڕواتە ژوورەوە.

# II

شەوێکی تارییکە، خەڵکیی بە ئاستەم بەردەمی خۆیان دەبینن. کزەیەکی تەزیوو و ساردی هەیە و کرێوەی بەفرێکی چاوەڕواننەکراو شاری سلێمانیی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەندێک لە ماڵان ڕووناکییان کوژاندۆتەوە و لە شیرییینی خەودان. هەندێک ماڵ وەک ڕۆژی ڕووناک گڵۆپی ناوماڵ و بەرهەیوان و هەورەبان و بەردەرگایان دەسووتێ. کاتژمێر لە دەوری "دە"ی شەودایە، ماڵی مینای چکۆلانە هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان پێکرا بەئاگان، شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینییە، وەک پیشەی ماڵی مینای چکۆلانە، شەوانی پێنج شەممە لەسەر هەینیی ئەوان شەوچەرەی خێزانیان هەیە. بە خواردنی خۆش و شیرییینی و بستەوە. هەریەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە بەشداری ئەو شەچەرەیە دەکات بەوشێوەیەی خۆی پێیخۆشە. تەنانەت هەناسەی کچە بچکۆلانەی ماڵ، کە تەمەنی چوار ساڵانە، بە خەندە و پێکەنینەوە هەموو شەوی شەوچەرەیەک بووکەشووشەکەی دەگرێت بەدەستییەوە و بە پێکەنینەوە بۆلای ئەندامانی خێزانەکە دەڕوات و بووکەکەیان دەداتێ ماچی بکەن، ئەوسا ئەیداتە قاقای پێکەنین. مینای چکۆلانە هەر شەوەی بەشێک لە ژیانی خۆی لەگەڵ سپییدە و مام ورچ و ڕێوی دا دەگێڕێتەوە. ئەندامانی خێزانەکە تەواو تەواو چێژ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی مینای چکۆلانە وەردەگرن. مارییا حەز بە ئەکتەرێتیی دەکات هەموو شەوانێکی شەوچەرە بە فەنتازیای خۆی شانۆیەک ساز دەکات و باس لە ژیانی دارستان دەکات. کاروانی کورە بچکۆلانە و تاقانە کوڕی ماڵ، خولیای ژیانی داینەسۆرانە، هەموو جارێک یەکێک لە داینەسۆرە لاستیکەکانی دەهێنێت و بە دەنگی بەرز لاسایی دەنگی داینەسۆر دەکاتەوە و دەکەوێتە پێکدادانی دۆشەک و سەرییینی ئەو ماڵە. وەک ئەوەی بیسەلمێنێت، کە داینەسۆر ئاژەڵێکی دڕندەیە. شیرییینی دایکیان گۆرانیی دەڵێ و وشیاری باوکیشیان هۆنراوە دەخوێنێتەوە. لە کۆتاییشدا وشیاری باوکیان دیاریی منداڵەکان دەکات، کە چالاکانە بەشداری شەوچەرەی خێزانیان کردووە. بەمشێوەیە هەریەکە یان شکۆلادەیەک یان پارچەیەک شیرییینی پاداشت دەکرێت.

شیرییینی دایکیان لە موبەق دا خەریکی سازدانی کەرەستەی شەوەکەیانە، مینای چکۆلانە دێتە ژوورەوە و دەڵێ: دایە گیان پێویستت بە من نییە؟

دایکی مینای چکۆلانە لە مینا دێتە پێشەوە و دەستێک بە ڕوومەتەکانی دا دێنێت و دەڵێ: با، بۆمبگێڕەوە ئیمڕۆ چۆن خەیاڵت چووە سەرئەوەی، کە سپییدە هاتۆتە ئەم نزییکانە؟ یان سپییدە چۆن دەزانێت ئێمە لەم نزییکانەین؟

مینای چکۆلانە بزەیەک دێتە سەرڕوومەتەکانی و دەڵێ: نازانم دایە گیان بەڵام هەستمدەکرد، دڵم هەواڵەکەی وا پێدابووم، دەتگووت ئێستانێ لە خۆشیاندا دڵم دێتە دەرەوە و بە دەنگی بەرز پێم بڵێ: مینای چکۆلانە سپییدە هاتووە. ئینجا مینا دەست دەکات بە پێکەنین و دیسانەوە

دەڵێ: ئەها دایە دەست بدە لە قۆڵمەوە هەرچی مووی گیانم هەیە بەرزبۆتەوە، ئەمەندە خۆشە ئەم هەواڵە، هەرچەندە من لە دوورەوە سپییدە و مام ورچ و ڕێوییم بینیی، بەڵام وامهەستدەکرد، کە زۆر لەیەکەوە نزیکیین و گوێم لە دەنگی هەناسەدانیانە. لەناکاو لە جەڕەسی ماڵ دەدرێت و دایکی مینای چکۆلانە لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی بەردەرگای حەوشە دەکات هەتا بزانێت کێ لە جەڕەسیان دەدات.
مینا دێتە تەنیشت دایکییەوە و دەڵێ: دایە گیان کێ لە دەرگا دەدات؟
دایکی مینا بە دەنگێکی نزم دەڵێ: نازانم کێیە مینا گیان، بەڵام ژن و پیاوێکی گەنجن.
مینا دێتە بەردەم پەنجەرەکە تەماشای بەردەرگا دەکات و دەڵێ: دایە گیان ئەو ژنە دایکی ئەژیی گوڵە، ئەو کوڕەی، کە ئیمرۆ ناسیمان، ماڵیان لە کۆڵانەکەی ئەودیوو خۆمانە.
وشیاری باوکی مینای چکۆلانە دەڕوات دەرگایان لێدەکاتەوە و مینای چکۆلانە و دایکیشی لە موبەقەوە سەرنجیان ئەدەن. دایکی ئەژیی گوڵ چاوی لە مینای چکۆلانەیە لە پەنجەرەی موبەقەکەدا، دەستێکی سڵاوی بۆ ڕادەوەشێنێت و مینای چکۆلانە و دایکیشی وەڵامی سڵاوی بەدەست ئەدەنەوە. پاش کەمێک وشیار دایک و باوکی ئەژیی گوڵ دێنێتە ژوورەوە. مینای چکۆلانە و دایکی مینا بەرەوڕوویان دەڕۆن و بەخێرهاتنێکی گەرمیان دەکەن. شیریینی دایکی مینا خۆی بە دایک و باوکی ئەژیی گوڵ دەناسێنێت و دەڵێ: من ناوم شیریینە.
دایکی ئەژیی گوڵ دەستی تەوقەی دایکی مینا دەگووشێت و دەڵێ: منیش ناوم "ئاواز"ە زۆر زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت دایکی مینای چکۆلانە.
باوکی ئەژی گوڵ پاش ئاوازی ژنی دەستی تەوقەی دایکی مینای چکۆلانە دەگووشێت و دەڵێ: منیش ناوم "شیروان"ە، زۆر خۆشحاڵین بە ناسینتان، بەڕاستی خێزانێکی ئێسک سووک و مرۆڤ دۆستن. لە پڕێکدا بە سەرنجەوە پەنجەیەک بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: هەمانکاتیش ئاژەڵ دۆست. تەماشایەکی مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: وانییە مینای چکۆلانەی ڕۆح سپیی؟
مینای چکۆلانە بە شەرمەوە پێکەنینێکی تێدەگرێت و دەڵێ: با وایە باوکی ئەژیی گوڵ.
ئینجا هەموو پێکەوە دەڕۆنە ژووری دانیشتن و لەوێ منداڵەکانی تر، مارییا و کاروان و هەناسە دانیشتوون و خەریکی یارییکردنن. کە مارییا دایکی ئەژیی گوڵ دەبینێت ڕاستەوخۆ هەڵدەستێتە سەرپێ و بەرەوڕووی دەڕوات و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: دایکی ئەژیی گوڵ بەخێرهاتیت.
دایکی ئەژیی گوڵ دەستی تەوقەی مارییا دەگووشێت و ئەملاوئەولای ماچ دەکات.
ئینجا مارییا دەستی تەوقە بۆ باوکی ئەژیی گوڵ درێژ دەکات و بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکات و دەڵێ: ئەی ئەژیی گوڵ کوانێ؟ بۆ نەتانهێناوە لەگەڵ خۆتان؟
دایکی ئەژیی گوڵ دەڵێ: ئەژیی گوڵ لە ماڵەوەیە نەیویست لەگەڵمان بێت.
مینای چکۆلانە بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: ئەژیی گوڵ نەیویست بێت بۆ ماڵی ئێمە؟
دایک و باوکی ئەژیی گوڵ لەگەڵ وشیار و شیریینی دایک و باوکی مینا و مارییا دا، لەسەر قەنەفەکان دادەنیشن و باوکی ئەژیی گوڵ دەڵێ: ئەم ئێوارەیە دوای نان خواردن، دونیا تارییکی کردبوو، بۆبیی زۆر نائارام بوو لە ماڵەوە، بەردەوام نوزە نوزی دەهات و جار ناجارێکیش

زۆر  سەرسوورڕهێنەرانە دەیلوراند. منیش بە ئەژیی گوڵم گووت، کە بیباتە دەرەوە پیاسەیەکی پێبکات، لەوانەیە هی ئەوە بێت حەز بە ڕۆیشتن بکات. ئیدی هەرهێندەی ئەژیی گوڵ دەرگای حەوشەی کردەوە بۆبیی بەشێوەیەک ڕایکرد، کە بە ئاستەم ئەژیی گوڵ هەستیپێکرد بەرەو کوێوە بۆبیی ڕایکرد. هەر بەو تاریکییە ئەژیی گوڵ بە دەنگی بەرز بۆبیی بۆبیی بۆبیی بەدوای بۆبیی دا ڕایکرد، بەڵام هیچ چاری نەبوو. منیش کە لەگەڵ ئەژیی گوڵ دا لە حەوشە وەستابووم، سەرم لەم کارەی بۆبیی سوورما. ئێمە بۆبییمان لە تەمەنی یەک هەفتەییەوە هەیە. بۆبیی دیاریی ماڵێکی شارباژێڕیی بوو لە گورگەیەرەوە هێنابوویان بۆ ئەژیی گوڵ. بۆبیی خۆشەویستییەکی زۆری داوە بە ئەژیی گوڵ وەک دوانەی لێکجیانەکراوەیان لێهاتووە، ئەژیی گوڵ بەبێ بۆبیی زۆر  خەمبار دەبێت. بەم کرێوەی بەفر و سەرمایە، نزیکەی هەتا ئێستا من لەگەڵ ئەژیی گوڵ دا بە ئۆتۆمبیل بەو کۆڵانانەدا دەسووڕاینەوە بەدوای بۆبیی دا دەگەڕاین، بەڵام بۆبییمان نەدۆزییەوە.

مینای چکۆلانە قسەکان بە باوکی ئەژیی گوڵ دەبڕێت و بە سۆزەوە دەڵێ: باشە بۆچی ئەژیی گوڵ نەهات لەگەڵتان، کە ئەوەندە خەمبارە؟

ئاوازی دایکی ئەژیی گوڵ زۆر لە خۆی دەکات و بە مینای چکۆلانە دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان، وا بزانم ئەژیی گوڵ لە تۆ تووڕەیە.

مینای چکۆلانە دادەچڵەکێت و دەڵێ: لە من تووڕەیە؟ بۆچیی؟

شیروانی باوکی ئەژیی گوڵ بە میهرەبانییەکەوە تەماشای مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان، ئەژیی گوڵ دەڵێ: گوایە سپییەدەی تۆ بۆبیی لەناوبردووە.

مارییا کتووپڕ دەڵێ: لەناوبردووە؟ ئەم قسەیە یانی چیی؟

دایکی ئەژیی گوڵ بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: واتە لەوانەیە سپییدە بۆبیی کووشتبێت.

مینای چکۆلانە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: ئەژیی گوڵ هەقی نییە ئەو قسەیە بە سپییدە بڵێ، سپییدە دڕندە نییە، ئەوی هەوڵی لەناوبردنی سپییدە نەدات هەرگیز سپییدە دەستدرێژیی لەخۆڕا ناکاتە سەرهیچ کەس و گیاندارێک.

ئاوازی دایکی ئەژیی گوڵ: بە دوودڵییەکەوە تەماشای مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: مینا گیان، سپییدە بوونی هەیە؟ یان هەر خەیاڵێکی خۆتانە؟

مینای چکۆلانە قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: خەیاڵ؟!! دڵنیابە ئەگەر سپییدە لە تەنگانەدا بێت من لێرەوە هەستی پێدەکەم، ئەگەر نەخۆش بێت لێرەوە من هەست بە ئازارەکانی دەکەم، ئەگەر ئاسوودە بێت لێرەوە هەست بە خۆشیی ڕۆحی دەکەم، ئەویش بۆ من هەمانشێوە. سپییدە گورگێکی سپیی مێیینەیە، مەگەر بووکێک لە ڕۆژی زەماوەندەکەیدا هێندەی سپییدە جوان بێت.

شیروانی باوکی ئەژیی گوڵ بە حەپەساوییەوە دەڵێ: گورگێکی سپیی؟

مارییا لەولاوە قسەکان بۆ باوکی ئەژیی گوڵ تەواو دەکات و دەڵێ: بەڵێ گورگێکی سپیی هاوڕێی خۆشەویستی مینای چکۆلانەی خوشکمە. سپییدە ژیانی مینای چکۆلانەی لە مردن ڕزگارکردووە، گورگێکی مرۆڤ دۆستە، ئازاری کەس نادات ئەگەر ئازاری نەدەن.

باوکی ئەژیی گوڵ تەماشایەکی وشیاری باوکی مینای چکۆلانە دەکات و دەڵێ: کاک وشیار تۆ دەڵێی چیی، ئایا ئەم قسانە ڕاستییان تێدایە یان بە تەنها فەنتازیا و خەیاڵی منداڵەکانمانە؟ خۆتان دەزانن منداڵان لەم تەمەنەدا زۆر حەز بە ژیان لەگەڵ ئاژەڵان دا دەکەن، هەربۆیە زۆرینەی منداڵان داوای ئاژەڵێکی ناوماڵ لە دایکان و باوکانیان دەکەن.

باوکی مینای چکۆلانە بە نەرمیی وەڵامی باوکی ئەژیی گوڵ دەداتەوە و دەڵێ: من هەموو باوەڕێکم بە منداڵەکانم هەیە و هەمووشتێکیشیان پێ باوەڕدەکەم.

مینای چکۆلانە دەڕواتە بەرپەنجەرەکە و بە سەرسووڕمانەوە تەماشای بارینی بەفر دەکات و دەڵێ:

لەکوێی هاوڕێی شیرینم

خۆشەویستی ئەم دڵە و

هیوای ئاواتی ژینم؟

وەرە نزیکبەرەوە لێم

وەرە هەڵبکەرەوە چرای سەرڕێم،

ئینجا کتووپڕ ئاورێک ئەداتەوە و ڕوودەکاتە دایک و باوکی ئەژیی گوڵ و دەڵێ: دەبێت هەر ئێستاکە یان ئەژیی گوڵ بهێنن بۆ ئێرە یان من بەرن بۆ لای ئەو.

دایک و باوکی ئەژیی گوڵ سەریان لەم قسەیە دەسووڕمێت و ڕوودەکەنە دایک و باوکی مینای چکۆلانە و دەڵێن: ئێوە دەڵێن چیی؟کاک وشیار و شیرین خانم؟

شیرینی دایکی مینای چکۆلانە دەڵێت: ئەوەی مینای چکۆلانە پێشنیاریکرد، بە کارێکی باشی دەزانم، چونکە پێش دۆزینەوەی بۆبیی پێویستە دڵی ئەژیی گوڵ چاکبکەینەوە.

وشیاری باوکی مینای چکۆلانە دەڵێت من پێشنیارێکی ترم هەیە. دایکی ئەژیی گوڵ و دایکی مینای چکۆلانە و منداڵەکان لێرە بمێننەوە من و مینای چکۆلانە و کاک شیروان و ئەژیی گوڵ دەڕۆین بەدوای بۆبیی دا دەگەڕێین.

مارییا لەولاوە ئاگری تێبەردەبێت و هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ:

بابە گیان منت بۆ لەبیرکرد؟

منت لە هاتندا لەگەڵتان بۆ دەکرد؟

خۆ منیش دوانەم لەگەڵ مینای چکۆلانە

خۆ منیش وەک ئێوە دڵم وا لای سپییدە و

ئەژیی گوڵی بەستەزمانە،

مینای چکۆلانە دەچێتە تەنیشت باوکییەوە و دەڵێ:

ڕێگای مارییا بدە بێت لەگەڵمان

خوشکی ئازییزمە ها لەسەرچاوان،

حەز دەکەم سپییدە بناسێت

لە باوەشیدا داینێت،

مام ورچ و ڕێویی زۆر جوان

خۆشحاڵ دەبن بە هاتنمان،
باوکی مینای چکۆلانە دەستێک بە قژیی مارییادا دێنێت و ماچێکی دەکات و دەڵێ:
وەرە لەگەڵمان هەناسەکەی بابە
من ڕۆحیشم بۆ تۆیە
تۆ هەناسەمت خەڵاتە،
ئینجا هەموو پێکەوە دەڕۆنە حەوشە و باوکی مینای چکۆلانە دەڵێت: کاک شیروان با بە ئۆتۆمبیلەکەی من بڕۆین جێگامان زۆرترە.
شیروان دەڵێ: بەڵێ باشە قسەکەت لە جێگای خۆیدایە. ئەژیی گوڵ هەمووجار داوای ئۆتۆمبیلی گەورەم لێدەکات لەبەرخاتری بۆبیی. ئەژیی گوڵ حەزی زۆر لە جێبە.
مارییا ڕوودەکاتە باوکی ئەژیی گوڵ و دەڵێت: بەڵێ ئەم ئێوارە بە باوکمی گووت.
ئینجا هەموو سەردەکەنەو ئۆتۆمبیلەکەوە و دەڕۆن. پاشان دایکی مینای چکۆلانە دەرگای گەراجەکە دادەخاتەوە و دەڕواتەوە ژووری.
پاش کەمێک ڕۆیشتن دەگەنە ماڵی ئەژیی گوڵ و باوکی ئەژیی گوڵ و مینای چکۆلانە دادەبەزنە خوارەوە و دەڕۆن ئەژیی گوڵ لەگەڵ خۆیان بهێننە خوارەوە. ئەژیی گوڵ هەر لە پەنجەرەکەوە، کە مینای چکۆلانە دەبینێت بە تووڕەییەوە دەڵێ: مەیەرە سەرەوە سپییدەی تۆ بۆبیی منی خواردووە.
مینای چکۆلانە قا قا پێدەکەنێت.
ئەژیی گوڵ دێتە بەرهەیوانەکە و دەڵێ: پێمەکەنە تۆش وەک سپییدەکەت دڵ ڕەقیت. دەبوایە ئێوارە پۆلیسەکان سپییدەیان بکووشتایە، ئێستا بۆبیی من ئەوهای بەسەر نەدەهات.
ئینجا مینای چکۆلانە تووڕە دەبێت و دەقیژێنێت بەسەر ئەژیی گوڵدا و دەڵێ: بـــــــــــــەسە، مێشکت بردم، بـــــــــــــــــــــەسە بــــــــــــــــــــــــــــــەس،
بۆ ناتەوێت گوێبگریت؟ بۆبیی نە مردووە، نە سپییدە بۆبیی خواردووە.
باوکی ئەژیی گوڵ لەم قسەیەی مینای چکۆلانە سەرسام دەبێت و دەڵێ: مینای چکۆلانە گیان چۆن دەزانیت؟
مینای چکۆلانە هێمن دەبێتەوە و دەڵێ: من و سپییدە ڕۆحمان لای یەکە، هەست بە خۆشیی و بە ناخۆشیی یەکدەکەین. ئێستا سپییدە لە خۆشتریین کاتدایە، بۆیە باوەڕم نییە، نە کەسی کووشتبێت، نە کەسیش ئازاری ئەو دابێت، بەڵکوو ئەو دڵی خۆشە. بەڵام ئەو ئێستا هەست بە من دەکات، کە ئێستا تووشی هەڵچوون بووم، ڕاستەوخۆ دەزانێت، کە من کێشەم هەیە. هاکا کەمێکی تر پەیدابوو.
باوکی ئەژیی گوڵ دەمی تەتەڵە و پەتەڵە دەکات و دەڵێ: چ ی ی، چ ی ی؟ سپ ی ی دە؟
ئەژیی گوڵ بە قسەکانی مینای چکۆلانە ئارام دەبێتەوە و دێت باوەش بە مینای چکۆلانەدا دەکات و دەڵێ: بمبوورە مینای چکۆلانە گیان بمببورە.
ئینجا هەموویان پێکەوە دێنەوە لای ئۆتۆمبیلەکە و مینای چکۆلانە بە باوکی دەڵێت بابە گیان بمانبە بۆ نزییک بناری گۆیژە، ئێستا لەوێ چاوەڕێمان دەکەن.

باوکی مینای چکۆلانە بە حەپەساوییەکەوە تەماشای باوکی ئەژیی گوڵ دەکات و دەڵێ:
سەرکەون ئێستا لەوێ چاوەڕوانمان دەکەن.
باوکی ئەژیی گوڵ هەمانشێوە بە حەپەساوییەوە تەماشای وشیار دەکات و دەڵێ: ئاخر بێگوومان چاوەڕوانمان دەکەن با بڕۆین.
مارییا و مینای چکۆلانە ئەژیی گوڵ دەخەنە ناوەڕاستی خۆیانەوە و هەتا دەگەنە بن بناری گۆیژە هەریەکەیان لە لایەکەوە ختووکەی سکی ئەژیی گوڵ دەدەن، هەتا بیهێننەوە سەرخۆی و بیخەنەوە دڵخۆشیی و پێکەنیین. باوکی مینای چکۆلانە و مارییا لە ئاوێنەکەوە تەماشایان دەکات و دەڵێ: ها ئەژیی گوڵ گیان، کارێکی خراپ نەبوو هاتین بۆ لات.ماڵەکەم دڵتەنگ مەبە، مینای چکۆلانە دەزانێت، کە بۆبیی دڵیخۆشە و لە ژیاندایە.
ئەژیی گوڵ دەڵێ: دەزانم، مینای چکۆلانە دایکی ئاژەڵانە، تەنانەت لەگەڵ بۆبیی منیش قسەی دەکرد و لێیتێدەگەیشت.
بەفر هەتا بێت زۆرتر دەبارێت جادەکان چۆڵن، تەنها پۆلیسەکانی ناوشار نەبێت، کەم کەس بەدەرەوەیە، یان جار ناجارێک ئۆتۆمبیلێک تێدەپەڕێت. دەنا بەشێوەیەکی گشتیی شار خامۆشە. ئۆتۆمبیلەکەیان دەگاتە بن بناری گۆیژە و لە کەنارێکدا ڕایدەگرن، مینای چکۆلانە و مارییا و ئەژیی گوڵ دادەبەزن، ئینجا شیروان و وشیار بە دوایاندا. مینای چکۆلانە دەڵێت: بابە گیان ئێوە لێرەدا ڕابوەستن، تکایە مەیەن لەگەڵمان هەتا ئەوان دڵنیابن لەوەی، کە مەترسییان لەسەر نییە. باوکی مینای چکۆلانە دەڵێ: باشە بەساقە، ئینجا دەکەوێتە پێچانەوە و چاککردنی جلەکانی مارییا و مینای چکۆلانە هەتا سەرمایان نەبێت. ئەوسا دەڵێ: دە بڕۆن بەڵام دوور نەکەونەوە.

شیروانی باوکی ئەژیی گوڵ دەڵێ: ڕاوەستن ڕاوەستن، هەموو ئاوڕدەدەنەوە بزانن چییدەڵێت:
ئینجا شیروان مۆبایلەکەی خۆی ئەدات بە مینای چکۆلانە و دەڵێ: هەر شتێک بوو تێلیفۆن بۆ باوکت بکە ئێمە زوو دەگەینە سەرتان. خۆ ژمارەکەی باوکت لەبەرە؟
مینای چکۆلانە بە بزەیەکەوە دەڵێ: بەڵێ ئەی چۆن لەبەرم نییە. ئەوسا دەکەونە ڕێگا و لە باوکیان دووردەکەونەوە.
شیروان و وشیار تەماشایەکی یەکتر دەکەن و دەڵێن: بڵێین چیی، دەبێت دڵی منداڵەکانمان ڕابگرین، وەک چۆن دایک و باوکی ئێمە دڵیان ڕانەگرتووین. بەڵام ئێمە نابێت ئەو هەڵانە دووبارە بکەینەوە، کە دایک و باوکی ئێمە بەرانبەریانکردووین و گوێیان لێنەگرتووین. ئینجا وشیار دەستدەکات بە گیرفانیدا و پاکەتێک جگەرە دەردێنێت و جگەرەیەک دەدات بە شیروان و دەستدەکەن بە جگەرە کێشان.
شیروان دەڵێ: پێویستە بیڵێم، مینای چکۆلانەی کچت نۆرماڵ نییە. ئەو توانایەی ئەو هەیەتی بڵێم چیی، مەگەر پێغەمبەرێک هەیبێت، یان شێخێک یان کەسێکی خۆمان گووتەنیی موبارەک. بێچاوێنیی بێت، چەند هێمن چەند لەسەرخۆ، چەند دڵنییا. بەڵام ئەگەر پێویستیشیکرد توورە دەبێت و دەنگ هەڵدەبڕێت. ئەمەش بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی هێمن بکاتەوە. وەک ئەم شەوی

ئەژیی گوڵ، بە من و دایکی نەمانتوانی ئەو منداڵە ڕازیی بکەین. بەڵام مینای چکۆلانە توانی باوەڕی پێبهێنێت و واشی لێبکات داوای لێبووردن بکات.
باوکی مینای چکۆلانە مژێک لە جگەرەکەی دەدات و دەڵێ: من لە ساڵی پارەوە، کە مینای چکۆلانە لەگەڵ قووتابییەکانی قووتابخانەکەیاندا چوون بۆ گەشت و لەوێ ونبوو، پێموابێت، ونبوونەکەی بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو، کە خۆی بناسێتەوە کێیە. ئەوەشی بەسەر مینای چکۆلانە هاتووە، شتێکی کەم و ئاسایی نییە. مینای چکۆلانە لە زمانی ئاژەڵان دەگات. ئاژەڵان مینای چکۆلانە دەناسن ئەوان مینای چکۆلانە بەڕزگارکەری خۆیان و دارستان دەزانن. هەربۆیە من ئێستا باوەڕێکی زۆرم بە مینای چکۆلانە هەیە. ئێستاش دڵنییام، کە مینای چکۆلانە بۆبیی دەدۆزێتەوە.
شیروان دەڵێ: کاک وشیار با بچینە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە بەڕاستی وا خەریکە بەفر دامانپۆشێت لێرەدا.
وشیار قوومێک لە جگەرەکەی دەدات و ئەوی تر فڕێدەداتە بەرپێی و قاچێکی پێدا دەنێت دەیکووژێنێتەوە. ئینجا هەردووکیان دێنە ئۆتۆمبیلەکەوە و وشیار سلفێک لێدەدات هەتا بتوانێت گەرمییەکە دابگیرسێنێت و کەمێک خۆیان گەرمبکەنەوە.
شیروان دەستەکانی هەڵدەگلۆفێت و دەڵێ: دڵم لای منداڵەکانە.
مینای چکۆلانە و مارییا و ئەژیی گوڵ، هەرسێکیان دەستیان لەناو دەستی یەکتردایە و بە قەراغی دارستانەکەدا دێن و دەچن. مینای چکۆلانە هەڵوێستەیەک دەکات و دەست بە لاکانی دەمییەوە دەگرێت و هاوار دەکات سپیـــــــــــــــــــــــیـــــــــــــــــــــدە.
ئینجا مارییا هەمانشێوە هاواری سپیـــــــــــــــــــــیـــــــــــــــــــــدە دەکـــــــــات.
ئەژیی گوڵ، تەماشای مینای چکۆلانە و مارییا دەکات و ئەویش دەست بە لاکانی دەمییەوە دەگرێت و هاوار دەکــات بۆبیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــی.
مام ورچ و ڕێویی و سپییدە و بۆبیی لە مینای چکۆلانە نزییک دەبنەوە و هێشتا خۆیان نیشان نەداوە. مام ورچ دەڵێ:

ئەو دڵەم وەختە لەبۆ مینای چکۆلانە بێتەدەرێ
خودایە چەندم مینا خۆشدەوێ
ڕۆحم لە دەوری تەمەنی بگەڕێ،

ڕێویی هەناسەیەکی درێژ هەڵدەکێشێت و دەڵێ: من لەناو هاوڕێیانمدا و لەناو دارستان دا بە زەردە ناسراوم. لەوەتەی من بیرم بێت دایک و باوکیشم هەر بە زەردە بانگیان کردووم، بەڵام بەخوا بۆ مینای چکۆلانە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگم زەردتر دەبێت.

مینا ڕۆحی شیریینم
مینا مایەی خۆشیی ژیینم
ئەگەر ڕۆژێک نەچمە سەرڕووبار
خەمباریی زۆر دامدەگرێ
خۆ ئەگەر ڕۆژێک نەدیمە دیدەنیی تۆ

گشت تەمەنم ڕەنگی زەرد دەبێ،

سپییدە زۆر خانمانە و نەرم و نیانانە بە سۆزێکەوە دەڵێ:

مینای چکۆلانە ئایندەی ئێمەیە

مینای چکۆلانە شازادەی ئەم جەنگەڵەیە

ئەگەر لە شار بێ یان لە دارستان

مینا شازادەمانە

دارستان بێ مینای چکۆلانە ناژیی

مینا ئایندەمانە،

مینای چکۆلانە وەک ئەوەی گوێی لە لێدانی دڵی هاورێکانی و سپییدە بێت، وەک ئەوەی بزانێت بیر لەچیی دەکەنەوە، لەبەرخۆیە بزەیەک دەیگرێت و وەردە پێکەنیینێک دەردەپەڕێنێت.

مارییا لە جێگای خۆیەوە بەرزدەبێتەوە و دەڵێ:

ها خوشکی شیرییینم

سپییدەی شاگورگ دەبینی؟

خودایە چاوەڕێی ئەو ساتەم

ئەو دڵە گەورەیەم پێبناسێنی،

مینای چکۆلانە بەسۆزەوە دەڵێ:

گوێم لە ترپەی دڵیانە

هەست بە گەرمییان دەکەم

بۆبییش وا لە گەڵیانە،

ئەژیی گوڵ گوێی لەم قسەیە دەبێت و لە خۆشییاندا دێتە تەنیشت مینای چکۆلانەوە و باوەشی پێدا دەکات و دەڵێ:

یانی بۆبیی من هاورێی سپییدەیە؟

وەک مام ورچ و ڕێویی چالاک

هیوای ژیانی ئەم جەنگەڵەیە؟

لەناکاو سپییدە دێتە پێشەوە و مارییا و ئەژیی گوڵ ئەژنۆیان دەشکێت و دەمیان وەک فاقەی تەقیووی لێدێت و لەجێگای خۆیانەوە بەنج دەبن. مینای چکۆلانە هاوارێکی لێهەڵدەستێت و بە ڕاکردن بەرەورووی سپییدە دەڕوات و باوەشێکی توونـد تووندی پێدا دەکات و تەواوی ڕووخساری ڕادەمووسێت. سپییدە هەتا بێت دڵی خێراتر لێدەدات و ڕووخساری مینای چکۆلانە دەلیسێتەوە. مینای چکۆلانە دەڵێت وەی گیان سپییدە گیان:

هەتا بێت جوانتر دەبیت،

هەرخۆت بووکی دارستانیت

هەرخۆت شاجوانی ئەم جیهانەیت،

مینا ئەوەندە توونـد سپییدەی گووشیوە بەخۆیەوە وەختە هەناسەی لەبەرببڕێت، سپییدە بە سۆزێکەوە و بە دەنگێکی گیراوەوە دەڵێ:

شازادە گیان ئەگەر کەمێک بەرەڵام نەکەیت
هەناسەم لەبەر دەبڕێت
ئەوسا هەموو ژیان
ئەم ڕۆحەم بەدواتدا وێڵ دەبێت،

مینای چکۆلانە بە قاقاوە سپییدە بەرەڵا دەکات و دەڵێ:

بمبوورە هاوڕێم
لەخۆشییاندا هۆشم لای دەستم نەما
یەکپارچە بوومە بەختەوەریی
بارانی دیدەنت دایکرد بەسەرما،

ئینجا مام ورچ و ڕێویی و بۆبیی دەردەکەون، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی مام ورچ دا ئەژیی گوڵ و مارییا لەهۆش خۆیان دەچن و دەکەونە سەرزەویی. مینای چکۆلانە تەماشایان دەکات و هەم قاقا پێدەکەنێت هەم دەشترسێت. بەڵام خۆشەویستیی مام ورچ و ڕێویی دڵنیای دەکەنەوە، کە کەمێکی تر بەهۆش خۆیان دێنەوە. ئینجا ڕادەکات بەرەوڕووی مام ورچ و ڕێویی و باوەشیان پێدادەکات و ماچیان دەکات. مام ورچ دەموچاوی مینای چکۆلانە دەلێسێتەوە و زەردەش بە دوریاندا دەخولێتەوە و خۆی لە قاچەکانی مینای چکۆلانە هەڵدەسوێت. ئینجا مینای چکۆلانە دادەنەوێت و ڕێوی دەگرێتە باوەش و دەڵێ:

زەردە گیان زۆر بیرتانم دەکرد،
بۆ دیتنتان پەنام بۆ خودا دەبرد
بۆ ژیانتان هەموو دەمێک دوعام دەکرد،
ئەی خودایە، کە خۆشحاڵم بە هاتنتان،
کە دڵخۆشم بە بینینتان،
دونیام لێ هاتبۆوەیەک
ئۆقرەم نەبوو لە هیچ جێیەک،

ڕێویی بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەڵێ:

مینای چکۆلانە تۆ ئاواتی دارستانی
خۆزگەی تەمەنی بێچووەکان و
خۆشەویستی گەورەکانی،

ئینجا مام ورچ و سپییدە و زەردە و بۆبیی لە دەوری مینا خڕ دەبنەوە و هەریەکەیان لمۆزی خۆشەویستیی خۆی دەنووسێنێت بە ڕووخساری مینای چکۆلانەوە و دەڵێن:

مینای چکۆلانە تۆ هیوای ئێمەی ئاژەڵیت
مرۆڤێکی ڕۆح سپیی
مینایەکی یەکپارچە دڵیت،

مینای چکۆلانە لەناوەڕاستی هاوڕێکانیدا دەستێک بۆ ڕووخساری بۆبیی دەبات و دەڵێ:

بۆبیی گیان زانیم ناسینت ڕێکەوت نەبوو
ڕۆیشتنی ئیمشەویشت بێ هۆ نەبوو،
سپییدە هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ:
مینا گیان دەبێت بمانبووری
بۆبیی لەگەڵ ئێمە دێت
بۆ ژیانی دارستان بۆبیی دەبێتە سەبووریی،
پێویستمان زۆر پێیەتی
دارستانێک چاوەڕوانیەتی،
مینای چکۆلانە دادەچڵەکێت و دەڵێ:
بەڵام ئەژیی گوڵ بەبێ بۆبیی ناتوانێت بژیی
هەمیشە دڵی لەلایەتی،

مام ورچ دەمووچاوی خۆی لە دەمووچاوی مینای چکۆلانە دەخشێنێت و دەڵێ: مینای چکۆلانەی شیریین، بۆبیی ئەو سەگە نییە، کە ئەژیی گوڵ و تۆ بیری لێدەکەنەوە.

مینا دەحەپەسێت و دەڵێ: یانی چیی ئەو سەگە نییە، کە من و ئەژیی گوڵ بیری لێدەکەینەوە؟ بۆبیی خەمباربووە و لەجێگای خۆیدا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و قروسکە قروسکێکی نزمی لێدێت. مام ورچ و زەردەی ڕێویی و سپییدە نازانن چیبکەن چۆن بە مینای چکۆلانە بڵێن. مینای چکۆلانە لەناوەڕاستیاندا دەڵێ: قسە بکەن چ شتێک هەیە لێم بشارنەوە؟

سپییدە بە دەنگێکی سەرنجڕاکێش و خەمبارەوە دێتە قسە و دەڵێ: هەتا پێش دوو ساڵ لەمەوبەر ئێمە پێش یاخیی سەرۆکێکمان هەبوو ناوی "ڕاستیی" بوو. ژیانی دارستان هەتا بڵێی خۆش بوو، توندوتیژیی نەبوو، هەموو ئاژەڵێکی گۆشتخۆر تەنها ئەوەندەی ڕاودەکرد، کە ژیانی ئەو ڕۆژەی بچێتەسەر. خۆت دەزانیت ئەمە یاسای دارستان و سروشتە. بەڵام زیادەکووشتی لە یاساکانی سروشت لادەدات. ڕاستیی سەرۆک گورگێکی زەردباو بوو، کەڵەگەت و جەربەزە و دڵگەورە بوو. کاتێک ڕاوچییەکان کازێوەی ژنیان کووشت، ڕاستیی بۆ ماوەیەکی درێژ خەمبار بوو و مەیلیشی بۆ هیچ گورگێکی تر نەدەچوو. هەتا ڕۆژێک سەگێکی مێینەی گووندی گورگەیەر بەڕێکەوت ڕێگای دەکەوێتە چرپی دارستان و بەرەوڕووی ڕاستیی دەبێتەوە. سەگەکە سەرەتا وایدەزانیی، کە هەرئێستا ڕاستیی پەلاماری دەدات، بۆیە دەستوبرد خۆی بۆ شەڕ ئامادەدەکات. بەڵام ڕاستیی هیچ کاردانەوەی نابێت. سەگەکە چەند جارێک بە ڕاستیی دەوەڕێت و ددانی لێگرژدەکاتەوە، بەڵام ڕاستیی زۆر بە ئەسپایی و لەسەرخۆ لە سەگەکە دەچێتە پێشەوە و هیچ ترسێک نیشان نادات. بەمشێوەیە سەگەکەش هێمن دەبێتەوە و لەچاوتروکانێکدا حەز لەیەکتریی دەکەن. ئەو ڕۆژە پێکەوە بەسەردەبەن و ئێوارە سەگەکە دەڕواتەوە بۆ گورگەیەر. ڕاستیی و ئەو سەگە نزیکەی مانگێک پێکەوە دەبن و ڕۆژێک یەکێک لە ڕاوچییەکانی گووندەکە ڕاستیی لە کەناری دێ دا بەدی دەکات و فیشەکێکی پێوە دەنێت دەیکووژێت. ئیدی بە کووشتنی ڕاستیی، ڕاستەوخۆ یاخیی دەستەڵاتی سەرۆکایەتیی دەگرێتە دەست. لەوڕۆژەشەوە یاسا لە دارستاندا نەماوە. هەم یاخیی و گورگەکانی هێرش دەبەنە سەر

مرۆڤ. هەم مرۆڤەکانی ئەو ناوچەیەش لە ئێمە دەترسن و کەوتوونەتە قەڵاچۆکردنمان. جا ئەگەر کار بەمشێوەیە بێت ئێمە جێگامان لەم نیشتیمانەدا نابێتەوە و ناچارین ڕەوبکەین بەرەو وڵاتێکی تر. یان ئەوەتا بەسەر یاخییدا زاڵ دەبین و ئاسایش و ئارامیی دەهێنینەوە ناوژیانی دارستان. دوای ساڵێک ئەو سەگەی گورگەیەر پێنج دانە بێچووی دەبێت. ئێمە هەرزوو سەردانی سەگەکە و بێچووەکانیمانکرد. لەناویاندا بۆبیی یەکێک بوو لەو بێچووانە. لەگەڵ دایکیدا ڕێکەوتین، کە بۆبیی بدات بە ئێمە، چونکە بۆبیی لە سەدا سەد تووخمی ڕاستییە. ئێمە ئەم ڕاستیانەشمان بۆ دایکی بۆبیی باسکردبوو، بۆیە ئەویش بەخۆشییەوە داواکەی پەسەندکردین. بەڵام بەداخەوە بۆ ڕۆژی ئایندە خاوەنی سەگەکە بۆبیی خستە سەبەتەیەکەوە بردی. ئێمە نەمانزانی بۆبیی بۆ کوێبرا. بەڵام دەمانزانی بۆبیی لە ژیاندایە. هەتا ئیمرۆ هەربۆیە هاتنمان بۆ لای تۆ باشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. بۆبیی کوڕە سەرکردەیە و تەنها توانا و دەستەڵاتی بۆبییش دەتوانێت، بەسەر یاخیی دا سەرمانبخات. مینای چکۆلانە گیان ئێمە تەنها باڵین، پێویستمان بە بۆبییە، ئەو هیوای ئێمەیە، وەک تۆ چۆن هیوای ئێمە و دارستانیت. تۆ و بۆبیی دوو کاری جیاوازتان هەیە. تۆ ڕۆح سپییت لە زمانی باڵندە و ئاژەڵ دەگەیت و ڕزگارکەری سروشتیت. بۆبیی ڕزگارکەری ئێمەیە، هەتا یاخیی دەستەڵاتی لەدەستدابێت هەموو گورگ و ئاژەڵانی تر بەلاڕێدا دەبات و دەیانکاتە دوژمنی مرۆڤ.

مینا تەواو حەپەساوە و دەڵێ: بەڵام من چۆن بتوانم ئەم کەرکە گەورەیە بخەمە سەرشانی خۆم؟ من چۆن دەتوانم بەم بچووکییەی خۆمەوە دارستان ڕزگاربکەم؟ ئاژەڵەکان ڕزگار بکەم، باڵندەکان ڕزگار بکەم؟

لەم قسانەدا ئەژیی گوڵ و مارییا دێنەوە هۆش خۆیان و دەیانەوێت هەڵبستنە سەرپێ. لەناکاو تروسکەیەکی سپیی وەکوو چرایەک لە دارستانەکەوە دەردەکەوێت و بەرەوڕووی ئەمان دێت. وردە وردە، کە نزییک دەبێتەوە دەبینن، گورگێکی زەردە و بە خڕیی بە دەوری خۆیدا بریسکە دەوریانداوە. ئیدی یەک و دوو ئەژیی گوڵ و مارییا سەرلەنوێ لەهۆش خۆیان دەچنەوە. مینای چکۆلانە بە دیتنی ئەو گورگە سەرسام دەبێت و سپییدە و مام ورچ ڕێویی ڕاستەوخۆ شاگەشکە دەبن و سەری ڕێز بۆ گورگەکە دادەنەوێنن و بە دەنگێکی واق وڕماوەوە دەڵێن: سەرۆک.

مینای چکۆلانە دەحەپەسێت و دەڵێ: تۆ ڕاستییت؟

گورگە بریسکەدارەکە لە مینای چکۆلانە نزییکدەبێتەوە و دەڵێ: زۆر دروستە. تۆش مینای چکۆلانەیت. ئەوەش ئەژیی گوڵ و مارییای خووشکتە. لەهۆش خۆیان چوون. ئینجا بەرەوڕووی بۆبیی دەڕوات و لمۆزی بە لمۆزی بۆبییەوە دەنێت و دەڵێ: بۆبیی کوڕم، ئاواتم بوو بگەڕێیتەوە دارستان سووپاس بۆ ئەژیی گوڵ و سپییدە ڕێگاکانیان بۆت ئاسانکرد.

بۆبیی هەر حەپەساوە و زمانی وەک تەڵەگرتبێتی وەها دەردەکەوێت هیچی بۆ نایەتە دەرەوە. ڕاستیی ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و دەڕواتەوە بۆ لای مینای چکۆلانە و دەڵێ: تۆ دەبێت لە ئێستاوە خۆت بۆ ئایندەیەکی سەخت ئامادە بکەیت. دەبێت بەهێز بیت، چالاک بیت، ئازا بیت.

هەتا سروشت ڕزگار بکەیت. ئایندەی ئەم سروشتە لەم وڵاتەدا کەوتۆتە سەرشانی تۆ و بۆبیی. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کاری بۆ بکەن.
مینای چکۆلانە قسەکان بە ڕاستیی دەبڕێت و دەڵێ: بەڵام ڕاستیی گیان، منێکی مینای چکۆلانە چۆن دەتوانم ئازا بم؟ چۆن دەتوانم بەهێز بم؟

مینایەکی چکۆلانەم

ئێسک سووک

ژیکەڵانەم،

هەرگیز شەڕم نەکردووە

خۆم لە توندڕەویی پاراستووە،

ڕاستیی بە دەنگێکی باوکانەی کاریگەر دەڵێ: تۆ نا بەڵام مرۆڤی تر هەیە شەڕخواز، سپییدە نا، مام ورچ نا، ڕێویی نا، بۆبیی نا، بەڵام ئاژەڵی تر هەیە شەڕخواز. بە یەک دوو هەنگاو لە مینای چکۆلانە نزییکدەبێتەوە و دەڵێ: مینای چکۆلانە باوەشم پێدا بکە.
مینای چکۆلانە بە سەرسوڕمانێک و نیمچە ترسێکەوە باوەش بە بریسکەکەی دەوری ڕاستییدا دەکات. هەرلەگەڵ باوەشەکەیدا بە ڕاستییدا، ئیدی ڕووناکییەکی گەورە لە گیانی مینادا پەیدا دەبێت و مینای چکۆلانە بەرگەی ڕووناکییەکە ناگرێت و هەتا هێزی تێدا بێت پڕ بە گەرووی هاوارێکی گەورە دەکات، ئینجا وردە وردە ڕووناکییەکە بەرەو نەما دەڕوات و مینای چکۆلانە لەجێگای خۆیدا بێهۆش دەبێت و دەکەوێت بە زەویی دا. شیروان و وشیار لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا گوێیان لە هاورە بەرزەکەی مینای چکۆلانە دەبێت و ڕاستەوخۆ ترسیان لێدەنیشێت. وشیار چەکمەجەکەی بەردەمی دەکاتەوە و لایتێکی گەورە دەردێنێت و لەگەڵ شیرواندا چنگ لەسەرشان ڕادەکەن بەرەوڕووی ئەو شوێنەی مینای چکۆلانە هاواری لێبەرزبۆوە. وشیار بەدەم ڕاکردنەوە لایت لە چڕیی دارستانەکە دەدات و هاوار دەکات مینا مـــــــــــــــــــــــینــــــــا، ماریـــــــــــــــــــــــــــــــــــیا. شیروانیش بەدەم هەناسە بڕکێوە هاوار دەکات ئەژیـــــــــــــــــــــــی گوڵ، ئەژیـــــــــــــــــــــــی.
وشیار لەناکاو هاوارێک بۆ شیروان دەکات و دەڵێ: کاک شیروان وەرە بۆ ئێرە ئەوەتان لەویادا هەرسێکیان کەوتوون. شیروان بە هەڵەکەداوان ڕادەکات و ڕاستەوخۆ دەچێتە سەرئەژیی گوڵ بە پەشۆکاوییەوە خێرا خێرا دەڵێ: ئەژیی گیان ئەژیی گوڵ بەساقە. وشیاریش لەملاوە دەستەکانی دەلەرزێت و لە خەماندا نازانێت لەپێشدا بچێت بەتەنگ مینای چکۆلانەوە یان مارییاوە. ئینجا بە پچڕ پچڕییەوە دەڵێت: هیچ نییە هیچ نییە کاک شیروان لەهۆش خۆیان چوون. بزانە لە تارییکیی ترساون. دەستدەکات بە گیرفانیدا شووشەیەکی بچکۆلانە بۆن دەردێنێت و کەمێک ئەدات لەبەر لووتی مارییا و مارییا بەهۆش خۆی دێتەوە و ئینجا کەمێک بۆن ئەدات لەبەر لووتی مینای چکۆلانە و ئەویش بەهۆش خۆیدا دێتەوە. ڕادەکاتە لای ئەژیی گوڵ و کەمێک بۆن دەکات بە بەرلووتی ئەویشدا، ئەژیی گوڵ ڕاستەوخۆ دەپژمێت و باوەش بە باوکییدا دەکات و باوکی تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: سووپاس بۆ تۆ خوایە گیان. ئینجا باوکی مینای چکۆلانە مارییا و مینای چکۆلانە دەگرێتە باوەش و دەڵێ: چیی بوو کچەکانم

مینای چکۆلانە گیان ئەو هاوارەت لەچیی بوو بەساقە؟ لێمگەڕێ با تەماشات بکەم بزانم هیچت لێنەهاتووە. باوکی مینا تەواو سەرنجی مینای چکۆلانە دەدات هیچ شوێنەوارێکی بریینی پێوە دیار نییە و لەشی تەواو تەواو بێ شووخت و بریینداریيە. مینای چکۆلانە دەڵێت: بابە گیان هیچم نییە، تەنها ترسام زۆر تارییک بوو، درەختەکانم لێدەبووە جنۆکە. مارییا و ئەژیی گوڵ تەماشای مینای چکۆلانە دەکەن و هیچ ناڵێن. شیروانی باوکی ئەژیی گوڵ دەڵێ: ئەژیی گیان باشیت بەساقە خۆ هیچت لێنەهاتووە؟

ئەژیی گوڵ دەڵێ نەخێر بابە گیان زۆر باشم.

ئینجا شیروان ڕووی دەمی دەکاتە مینای چکۆلانە و دەڵێ: ئەی بۆبیی کوا؟ بۆبییتان بینیی؟

مینای چکۆلانە دەڵێ: بەڵێ بینییمان.

شیروان دەڵێ: ئەی کوا بۆ لەگەڵتان نییە.

مینای چکۆلانە بێدەنگ دەبێت.

ئەژیی گوڵ دەڵێ: بابە گیان بۆبیی پێویستیی بە ئازادیی بوو، منیش ئازادمکرد، نادێتەوە جارێکی تر. ڕۆیشت بۆ ئەو شوێنەی، کە لەوێ ئاژەڵی تر پێویستیان پێیەتی.

شیروان جارێک تەماشای مینای چکۆلانە دەکات و جارێکیش تەماشای ئەژیی گوڵ و دەڵێت؟ سپییدە؟

ئەوانیش سەرێک دادەنەوێنن و دەڵێن: بەڵێ سپییدە.

باوکی مینای چکۆلانە دەڵێ: کاک شیروان جارێ با لێرە بڕۆین، ئەم منداڵانە زۆریان سەرما بووە. دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە هەم شتێکی گەرمیان دەدەینێ بیخۆن و هەم بۆشمان باس بکەن، چیان لێبەسەرهاتووە. هەموو پێکەوە دارستان بەجێدەهێڵن و بەرەو جادەکە دەڕۆن. لە دوورەوە مام ورچ و سپییدە و زەردەی ڕێویی و بۆبیی و ڕاستیی تەماشایان دەکەن هەتا دڵنیا بن لە ژیانی منداڵەکان. ئەوسا دەستدەکەن بە ڕاکردن و بەرەو بەرزاییەکانی گوێژە دەڕۆن.

وشیار و شیروان دەستی منداڵەکانیان گرتووە و بەرەو ئۆتۆمبیلەکەیان دەڕۆن. لە دوورەوە لە پشتەوە مینای بچکۆلانە لەناو هەموویاندا وەکوو چرا داگیرساوە و بریسکە بریسکی ڕووناکیی لێبەرزدەبێتەوە، بەشێوەیەک هەرچواردەوری خۆی داگیرساندووە. بەبێ ئەوەی کەسیان درک بەو ڕووناکییە بکەن، کە لە مینای چکۆلانە بەرزدەبێتەوە.

## ماویەتی چاوەڕوانی بەشی سێهەم بکەن.